# خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری
# و
# تەریقەتی نەقشبەندی

ناوی کتێب : خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی

نووسینی : ئەمجەد شاکەلی

نەخشاندنی بەرگ : زاری

نۆبەتی چاپ : یەکەم

ساڵی چاپ : 2019

چاپ و پەخش و پێداچوونەوە : هاوسانی

شوێنی چاپ : تاران

تیراژ : 1000 دانە

نرخ: (4000) دیناری عێراقی

ژمارەی نێودەڵەتی: ISBN: 978-91-981755-1-6

کتێبی ژمارە (52)ی پرۆژەی بیری میانڕەو لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی هاوسانی بۆ پەروەردە و مەعریفە.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (  )ی ساڵی (    )ی پێ دراوە.

ماڵی ئەلیکترۆنیی هاوسانی www.hawsani.org

پرۆژەی بیری میانڕەو (52)

# خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری

# و

# تەریقەتی نەقشبەندی

ئەمجەد شاکەلی

بسم الله الرحمن الرحيم

بۆ؛

یاد و گیانی پاکی باوکم،

شێخ موحەممەدی شێخ سولەیمانی شاکەلی،

(26/12/1932 -09/01/2017).

## ناوەڕۆک


گوتەی ناوەندی هاوسانی .............................................. 9

بەراییەک ...................................................................... 13

پێشەکی ........................................................................ 21

واتەی خودا لە ئیسلامدا ................................................ 27

عیرفان و سۆفیگەری .................................................. 31

تەریقەتی نەقشبەندی .................................................. 71

ئەلف، پاشخانێکی مێژوویی .......................................... 71

بێ. زنجیرە (سلسلة، کرسی‌نامە) ................................... 77

پێ، ڕەگوڕیشەی تەریقەتەکە ........................................ 81

تێ، پەروەردەی لەشەکی (تربیت جسمانی) و
پەروەردەی گیانەکی (تربیت روحانی) ......................... 91

جێ، پێوەندی تەریقەتی نەقشبەندی بە سوننەیەتی و
شیعەیەتییەوە ............................................................... 93

چێ، پایە (مقام) ......................................................... 101
حێ، مەرجەکانی مورید بۆ گەیشتن بە خودا .......... 107
خێ، وشە پیرۆزەکان (کلمات قدسیة) ...................... 123
دێ، کەسایەتییە گرنگەکانی تەریقەتی نەقشبەندی .. 133
رێ، کارتێکردنی تەریقەتی نەقشبەندی لە ئەدەب ... 135
ڕێ، لایەنە سیاسی، ئابووری و جڤاکییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و شەریعەت و باوەڕ لەکن ئەوان و سۆفییەکانی دیکە ........................................................ 137
کاریگەریی ئایین و ڕێبازە هیندییەکان، ئیرانییەکان و بوودابیەکان و فەرهەنگە جیاوازەکانی نەتەوە و گەلانی جیهانی ئیسلامی، بەسەر ڕێبازە سۆفیگەرییەکانەوە بە گشتی و لە نێویشیاندا ڕێبازی نەقشبەندی ............. 143
پاشکۆ ....................................................................... 185
زنجیرەی تەریقەتی نەقشبەندی ................................ 185
دواوشە ..................................................................... 187
بیبلیۆگرافی .............................................................. 201

**گوتەی هاوسانی**

سوپاس و ستایش بۆ خوای تاقانە و درووود و سەلام لە گیانی پێغەمبەر وماڵبات و یارانی. خوێنەری ئازیز، ئەم کتێبەی نێو دەست و پەنجەت توێژینەوەیەکی زانستییە دەربارەی سۆفیگەری و ڕێبازی نەقشبەندی، ڕێک و جوان و زانستی نووسراوە و شتێکی زۆر لە زانیاری و ئاگایی دەبەخشێت و دەکرێت سوودی فرەی لێ ببینرێت. کاک ئەمجەد شاکەلی ناوێکی دیار و بیرمەندێکی ئازیزی ئەم گەلەیە و ساڵانێکە دەنووسێت و ورد دەبێتەوە و لە پرسە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە، ئەم توێژینەوەیەیش یەکێکە لە کارە بەپیتەکانی بەڕێزیان، تەنیا ئەوە هەیە هیچ مرۆڤێک سەد لە سەدی قسە و بۆچوونەکانی وەرناگیرێت و دەشێت لە هەندێ مەسەلەدا نەپێکێت، یا ڕاستتر بڵێین بە پێوەری ئێمە، هەندێ بۆچوونی تەواو و دروست نەبن، بۆیە ناکرێت قسەی هیچ نووسەرێک کە کتێبەکەی لە پرۆژەکەی

ئێمەدا چاپ دەبێت، لەسەر ئێمە حسێب بکرێت و وا بزانرێت بە هەموو جۆرێک هاوڕای وین و تێبینیمان لەسەر نییە.

لەم کتێبەدا دوو بۆچوونی نووسەری بەڕێز هەن، وا نازانین دروست بن و دەکرێت گفتوگۆی زۆریان لەبارەوە بکرێت و بە درێژی تاوتوێ بکرێن. یەکەمیان دەربارەی کاریگەریی کەلتووره لەسەر دین و دووەمیشیان پەراوێزێکە باسی پێشەوا عەلی و سێ خەلیفە ڕاشیدەکەی تری پێغەمبەرە سەلامی خوا لە هەموویان بێت. ئەگەر یەکەم مەسەلە کەمێک ئاڵۆز بێت و زۆر ڕوون نەبێت، ئەوا دووەمیان فرە ڕوونە و بە کاک ئەمجەد خۆیشیمان وتووە، ئێمە بەم کەمزانستی و ئاستە نزمەمانەوە دەمانکرێت بە دەیان بەڵگە بیسەلمێنین پێشەوا عەلی لە ڕێز و شکۆدا لە پاشی پێشەوایان ئەبووبەکر و عومەر و عوسمانەوەیە، ئەگەر قسەیەک لەسەر لەپێشتربوونی عوسمان و عەلی هەبێت، ئەوا وشەیەک لەبارەی دوو خەلیفەی پێشووەوە نییە. ئەم باسە سەدان ساڵە لەنێو ئەهلی سوننەتدا بڕاوەتەوە و بە بەڵگەوە یەکلایی کراوەتەوە.

هەر دەربارەی کاریگەریی فیکری شیعە لەسەر تەسەووف یا یەکڕیشەیی هەردوکیان، ئەوەندە بەسە بزانرێت لە مێژووی سۆفیگەریدا یەک لە سەدی عاریفە ناودارەکان و تەریقەتەکانی تەسەووف سەر بە مەزهەبی شیعەن و باقییەکەی سوننی مەزهەبن.

کـورتییەکەی، ئەم کتێـبە پـڕە لە زانیـاری و وردەکـاری دانسقە و هەندێ جێیشی هەیە خاڵی لە کەمی نییە، ئـێمە لەو جێیانە بەرپرس نین. بە ئومێدی سوودمەند بوون.

دەستەی باڵای پرۆژەی بیری میانڕەو

ڕێکخراوی هاوسانی

**بەراییەك:**

ســــالآنی 1968-1972 لە شـــاری بەغـــدا لە زانســـتگە دەمخوێنــد. ئەودەم جــاری وا بــوو، بــۆ مــاوەی ســێ مانگانیش نەمدەتوانی سـەری مـاڵی خۆمـان بدەمەوە. نە هــاتوچۆ ئاســان بــوو و نە گیرفــانیش یــارمەتیمی دەدا. ئەودەم، وەک ئێســتا تەلیفــۆن و مۆبایــل و ئینتەرنێــت و ئەم بەزمــانە نەبــوون و پێوەنــدکردن زۆر درەنــگ ڕێــک دەکەوت و گەلــێ ســەخت بــوو. بــاوکم (یــادی بەخێــر و ڕووحــی شــاد)، جارجــار دەهــاتە ســەردانم و شــەوێک دووان لە هوتێل سـیروان، کە هەمیشـە لەوێ دادەبەزی، دەمــایەوە و یەکــدیمان دەدیــت. هــاتنی بــاوکم بــۆ مــن دەیکــردە، پــێکەوە پیاســـەیەک و نانخواردنێــک و هەنــدێ قســـــەوباس و بـــــڕێکیش گیرفـــــان گەرمبـــــوونەوە و سەردانێکی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.

پــاش نێــوەڕۆیەکی جارێــک لەو جــارانە، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم مانگی ئەپریلی 1970 بوو، هەر مانگێک

بەسەر پێکهاتنی سەرکردەیەتی کوردستان و حوکوومەتی عیراقدا تێپەڕیبوو و کورد لە ترۆپکی شکۆمەندی و سەربڵندی و سەرکەوتن و خۆشیدا بوو و لە هەموو جێیەک بە چاوی ڕێزەوە لێی دەنۆڕدرا. باوکم ئەودەمە تەمەنی هەر37 ساڵێک دەبوو، تا بڵێی قەد و بالایەکی بڵند و باریکەڵەی جوانی بوو، ڕانەکوچۆخەیەکی جوانی لەبەردا بوو و مشکییەکی جوانی بەسەرەوە بوو و جووتێ کڵاشی نایابی هەرسینیشی لەپێدا بوون. ئەو، ڕێک بە پێچەوانەی منەوە، هەمیشە کەشخە و ڕێکوپێک و شیک بوو. بە مەبەستی پیاسەیەکی دوورودرێژ، لە شەقامی ئەمینەوە، کە هوتێل سیروانی لێ بوو، بە تەنیشت پەیکەرەکەی ڕەسافی و مەیدانەکەیدا، هاتینە سەر جادەی ڕەشید و ئیدی بەرەو بابوششەرقی، یا بابوششەرجی، وەک عەرەبی بەغدا بۆ خۆیان دەڵێن و مەیدانی تەحریر، بە تێپەڕبوون بە: پردی شوهەداء، بانکی نێوەندی عیراقی، پردی ئەحرار، حافیزولقازی، ئۆرۆزدیباک، سەیید سوڵتان عەلی، قاوەخانەی برازیلی، ئەلمورەببەعە، کتێبفرۆشیی مەکەنزی، ئەلسەنەک و گەلێ شوێنی دیکەدا، بەدەم جارجارە ڕاوەستانێک و قسەوباسی یادەوەرییەکی کۆنی ئەو شوێنانە و وەبیرهاتنەوەی کەسێک و تەماشاکردنی ئەملاوئەولا و وردبوونەوە لە دیمەنێک یا شتێکی سەرنجڕاکێش، شۆڕبووینەوە، تا گەیشتینە بابوششەرقی.

باوکم تەماشای سەعاتەکەی کرد و پێی وابوو ئیدی کاتی نوێژی عەسرە. لەو دەوروبەرەدا هیچ مزگەوتێک دیار نەبوو و منیش شارەزای هیج مزگەوتێک لەو ناوەدا نەبووم. خۆرەتاوێکی گەلێک خۆش و ئاسمانێکی سایەقە و ساماڵ بوو. لە شوێنێکدا باوکم بە منی گوت: تۆ لێرەدا ڕاوەستە، من زۆرم پێ ناچێت، دەچم نوێژەکەم دەکەم و دێمەوە. منیش گوتم: خۆ مزگەوت لەم ناوەدا نییە! گوتی: حەقت نەبێ. هەر ئەوەندە و ئیدی ڕۆیشت. منیش بە سەرنجدانی دەوروبەرمەوە خۆم خەریک کرد. نزیکەی نیو سەعاتێک، سێچارەکە سەعاتێکی پێ چوو، دیتم وا باوکم پەیدا بووەوە. گوتم: چۆنت ڕێکخست و لە کوێ نوێژت کرد؟ گوتی: لە ماڵی خوا. گوتم: ئەگەر مەبەستت مزگەوتە، خۆ مزگەوت نییە لێرەدا! گوتی: بۆ هەر مزگەوت ماڵی خوایە؟ گوتم: دیارە نەء. گوتێ: تەماشای ئەولایە بکە، ئەو کەنیسەیە دەبینێ؟ تەماشام کرد و وەک بێتەوە یادم کەنیسەی سانت گریگۆری ئەرمەنە ئۆرتۆدۆکسەکان بوو لە بابولشەرقی، گوتم: بەڵێ دەیبینم. گوتی: "دەی چوومە ئەو کەنیسەیە و لەوێ نوێژی خۆم کرد. بەلای منەوە مزگەوت و حوسەینیی موسوڵمان و کەنیسەی مەسیحی و کنێشتی جوولەکە، هەر هەموویان، شوێن و جێگەی خواپەرستین و خوایش، خوای هەموو جیهان و هەموو مرۆڤایەتییە و هەموو زەوی و خاکێکیش، زەوی و خاکی خوایە، ئیدی لە هەرکوێیەک نوێژ بکەیت، هیج جیاوازییەکی نییە". زۆر بە ڕێزەوە گوێم لە وشەکانی

باوکم بوو و کۆڵیک بەلامەوە جوان و پڕواتا بوون و چ ئەوسا و چ ئێستاش شانازیی بەو دیدە بەرین و کراوەیی و جیهانبینییەیەوە دەکەم. تەواوی ئەو باوەڕ و تێگەیشتنە لە دین، بە بۆچوونی خۆم، بنچینە و بناخەی هزری تەسەووفە.

باوکم گێڕایەوە و گوتی: "منداڵ بووم، ماڵمان لە کەلار بوو، لە خەونمدا کراسێکی خامم لەبەردایە، هێندەم شووتی خواردبوو و ئاوی شیرینی شووتی بەسەر کراسەکەمدا ڕژابوو، کراس ڕەق بووبوو. لەتەک برێک منداڵی کەلاریدا لە دەشتی (سەیلماڵ)ین. من سواری کەرێکم و ڕووم لە قیبلە کردووە. تاڵێک ئاوریشمی سەوز و جوان، سەرێکی بە قەد ناوکمەوەیە و لەبەین گوێیەکانی کەرەکەوە ڕۆیشتووە و سەرەکەی دیکەی بە خانوویەکی ڕەشەوە بەستراوە. ساڵانی دواتر کە چوومە حەج، کەعبەم بینی، ئەو خانووەی لە خەونەکەمدا دیتبووم، هەر ئەو کەعبەیە بوو. کە بێدار بوومەوە زۆرم پێ سەیر بوو. مامەم عەلی، دایکم و کاکەم ئەودەم لە ژیاندا بوون، باسی خەونەکەمم بۆ نەکردن. پاش پازدەساڵان لەو خەونە، جارێکی لە بەغدا بووم و چوومە زیارەت و خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و گوتم مامۆستا خەونێکی وام پێش پازدەساڵان دیتووە و ڕێک وەک دیتبووم بۆم گێڕایەوە. مامۆستا فەرمووی: وەڵڵاهی وەبیللاهی ئێستا پەنجا کەڕەت سوێندت بە قورئان بۆ دەخۆم، تۆ

ئەولادی حەزرەتـی عەلییـت. گـوتم: مامۆسـتا دەزانـم بەڵام چـۆن؟ گـوتی: حەزرەتـی عەلـی لەنـاو کەعـبەدا لەدایـک بـووە. ئەوجـا مامۆسـتا گـوتی: کـاک حەمە خۆزگەم بە خۆت!".

گەلێ جار لە تەمەنی منداڵیمدا، گلەیی و گازندەم لە هـاوتەمەن و هـاوپۆل و هاوڕێیـانمەوە دەژنەفـت، کە باوکیـان بە تـۆبزی نوێژیـان پـێ دەکـات و ئەگەر نـوێژ نـاکەن بە جۆرێـک لە جۆرەکـان، تووڕەبـوون، لێـدان، بڕینـی ئەو چەنـد فلسـەی ڕۆژانە باوکیـان دەیـدانێ، هەڕەشـەی دەرکـردن لە خوێنـدنگە، سـەپاندنی ئەرک و کارێکی لە وزەی خۆیان زیاتر بەسەریاندا، سزا دەدران. مـن بـۆ خـۆم هێنـدەی لە یـادم بێـت، هەرگیـز تـاقە جـارێکیش بـاوکم زۆری لـێ نەکـردووم بـۆوەی نـوێژ بکەم. جارجار دەیدا بە گوێمدا و ئیدی کار لەو جێیەدا ڕادەوەسـتا و هەڕەشـەی وەدوودا نەدەهـات. بـاوکم و مـن، هەمیشـە لە دوو هـاوڕێ دەچـووین، نەک بـاوک و کوڕ، دیارە تەمەنیشمان گەلێ لەیەکدییەوە دوور نەبوو. لەم ساڵانەی دواییەدا، جارجار باسی نوێژی دەهێنایەوە گۆڕێ. پـێش چـوار پێـنج سـاڵێک، جارێکیـان پێـی گـوتم: ئێسـتا ئیـدی وا پیـر بـووی، کەی دەسـت بە نـوێژکردن دەکەیت؟ من بێدەنگ بووم. ئەوجا گوتی: نـاوی خـوا و نییەتـی لـێ بهێـنە و هەسـتە خـۆت پـاک بشـۆ و دەستنوێژێک بگرە، ئیدی خاوێن دەبییەوە و دەست بکە بە نوێژکردن. گوتم: باشە خۆ کێشـەکە تەنێ نوێژکردن

نییه و تەنێ بە نوێژکردن کۆتایی نایەت. ئەمڕۆ یەک ئیسلام لە گۆڕێدا نییە، ئەمڕۆ سەدان جۆرە ئیسلام پەیدا بوون. ئیسلامی حەنەفی، شافیعی، مالیکی، حەنبەلی، سوننە، شیعە، عەلەوی، زەیدی، ئیسماعیلی، ئیخوان موسلیمین، سەلەفی، وەهابی، ئەحمەدی، قادری، نەقشبەندی، ڕیفاعی، ئەلقاعیدە، داعش، حەماس، حیزبولڵا، حووسی، شەباب، بزووتنەوەی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتوو، دەعوەی ئیسلامی، سەدرییەکان، سۆفی، دەروێش، دەیان ڕێباز و تەریقەتی دیکە هەن و هەر یەکەیان بانگەشەی ڕاستی دەکەن و پێیان وایە تەواوی ڕاستی لای ئەوانە و زۆرجاران لە نێوان شێوازی نوێژکردن و جۆری دەستگرتن و دەستشۆڕکردنەوە و جۆری دەستنوێژگرتن و تەنانەت ئەو دوعا و وێردانەیشی دەیڵێنەوە و ڕۆژوو و پیرۆکردنیدا جیاوازییان هەیە، من لەم هەموو ئیسلامە، کە سەدان جۆر و ڕەنگن و لە نێوان ئەو هەموو جیاوازییانەدا، کێهەیان هەڵبژێرم؟ گوتی: "کامەیان پێت وایە لێیەوە نزیکی و پێت وایە لەتەک دیدی خۆتدا دەگونجێت و پێت باشە و بە ڕاستی دەزانی، ئەوەیان هەڵبژێرە!".

لەو دید و بۆچوونانەی باوکمەوە، کە مزگەوت و حوسەینیی موسوڵمان و کەنیسەی مەسیحی و کنێشتی جوولەکە، هەر هەموویان، شوێن و جێگەی خوداپەرستیی بوون بە لایەوە و چووبووە سەردانی

پەرستگەی لالش و پێیشی ئاسایی بوو و خودایشی، پێ خودای هەموو جیهان و هەموو مرۆڤایەتی بوو بە هەموو جیاوازییە ڕەگەزی و ئایینی و ڕەنگ و نەتەوە و زمانەکانیانەوە و هەموو زەوی و خاکێکیشی، بە زەوی و خاکی خودا دەزانی و پێیشی وابوو لە هەرکوێیەک نوێژ بکەیت، هیچ جیاوازییەکی نییە و کە، سەرسام بوو بە ئیمام عەلی و لە نێو هاوڕێیانی پەیامهێنەردا ئەوی زێدەتر خۆشدەویست و کە، پێی دەگوتم کام ئیسلامەی، پێت وایە لێیەوە نزیکی و پێت وایە لەتەک دیدی خۆتدا دەگونجێت و پێت باشە و بە ڕاستی دەزانی، ئەوەیان هەڵبژێرە، جیهانبینییەکم لەلا دروست بووبوو. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی باوکم، هەر لە سەردەمی زارۆکیمەوە، بۆ من گەنجینەیەک بوو و گەلێ شتی لێوە فێربووم و گەیشتبوومە ئەو باوەڕەیشی، کە ئەوەی باوکم دەیگوت و دەیکرد، جۆرێک بوو لە باوەڕێکی تەسەووفی ئیسلامی و حاڵەتێک لە سۆفیگەری. بە کردەیش، خۆی لە نێو ڕێبازی نەقشبەندییدا بینیبووە و هاتوچۆی بیارە و شێخەکانی وێندەرێیشی دەکرد. ئەو ترۆسکەیەک لە تەسەووف و تیریژێک لە سۆفیگەری لە ڕووحیدا بڵاچەی دەدا و ئاسوودەییەکی پێ بەخشیبوو.

هەرچی منم، نە سۆفیم و نە شارەزاییم لە دیندا هەیە و نە پێڕۆی ڕێبازێکی دینییم و نە لە دەلاقەی دینیشەوە ڕوانیومەتە و دەنۆڕمە جیهان، هەڵبژاردنی ئەم باسە، کە تەنێ گەشتێکی سەرپێی و

خوێندنەوەیەکی کورتە بۆ سۆفیگەری و ڕێبازی نەقشبەندی و لە دەسپێکدا بە ناوی "تەریقەتی نەقشبەندی، بنچینەکانی، مێژووی، پاشخانی و هزرەکانی"، بە زمانی سویدی، بۆ بەشی زمانانی ئێرانی سەربە ئەنیستیتووتی زمانانی ئەفرۆ-ئاسیاییەکان، لە زانستگەی ئوپسالا، لە سوید، لە بەهاری 1994دا، بۆ وەرگرتنی پێنج خاڵ (Point)ی خوێندن نووسراوە و سەرپەرشتیاری باسەکە: پرۆفێسسۆر بوو ئویتاس (Bo Utas) بوو و بە برێک گۆڕین و دەستکارییەوە کردوومە کوردی و برێکم بۆ زیادکردووە و بیروڕای خۆمیشم خستووەتە بانی، ئەوانەش هەڵدانەوەی ڕووپەلەکانی مێژوویەکە و بیروڕایەکە، ئیدی خاس یا خراو، هەڵە یا دروست، ڕەنگە شتێک بخاتە سەر ئەوانەی لەمەڕ ئەم بابەتەوە گوتراون.

26ی مەی 2019

## پێشەکی

لەو دەمەوەی، مرۆڤ لە دەوروبەری خۆی و شتەکانی دەوروبەری و سروشت ورد بووەتەوە و ڕاماوە و سەرنجی لێیان داوە و بیری لێ کردوونەوە، ئیدی وەدووی سەرچاوەی شتەکاندا گەڕاوە. لەو گەڕانەشدا گەلەک پرسیاری لێ قوت بوونەوە، کە وەرامیانی پێ نەدراوەتەوە. ئەو گەڕان و کۆششانە، بۆ وەرامدانەوە و ناسینی، لێرامان و بیر و ئەندێشەکانی هێزە نادیارییەکانی سروشتبەدەر (Metaphysics)، لە لایەن یۆنانییانی کۆنەوە، خراونەتە قاڵبێکی زانستییەوە. ئەو زانستانەش پاشتر ناوی فەلسەفەیان لێ نرا.

فەلسەفە، بە واتەی ویستن و دۆستداریی پەندیاری، حیکمەت (الحکمة) دێت. ئیبن عەرەبی (إبن عربي)[1] دەڵێ:

---

[1] ئیبن عەرەبی، محمد بن علي بن محمد بن عربي الحاتمي الطائي الأندلسي "ناسراو بە"محيي الدين بن عربي/ 1164-1240ز"، یەکێکە

"فەلسەفە خۆشویستنی حیکمەتە، لێ مەرج نییە هەر کەسێک کەسێکی خۆشویست، پێی بگات". فەلسەفە، تیۆرییەکی گشتییە لە بارەی زانستەوە. فەلسەفە "بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە، لەمەڕ کاروبار و گیروگرفتی ئەم جیهانە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی چارەسەرکردنیان"[2]. فەلسەفە، تێگەیشتنێکە لەو زانستانەی، بە هۆیانەوە مرۆڤ لە بوون، سەر دەردەکا و لە ڕێی ئەوانیشەوە دەگاتە ئامانجی باڵا. فەلسەفە، خەمڵاندنی ئەو شتانەیە، کە زانست نەیتوانیوە ڕاستییەکانیان دەرخات. تیۆرییە فیلۆسۆفییەکان هەموودەم لە گۆڕاندان. چەندین بیروڕای فەلسەفەیی ئەوڕۆکە، بوون بە ڕاستییەکی زانستی و هەمیشەیش، گۆڕان لە فەلسەفەوە بۆ زانست ڕوودەدات. گەڕان بە دووی سەرچاوەی سەرچاوەکاندا و ئەوەی، کە لە پشتی هەموو بوونەوەیە، بوو بە کاری فەلسەفە و فیلۆسووفەکان. دوای ماوەیەک ئەو کارە و ئەو جۆرە

---

لە سۆفییە بەناو و ناسراوەکانی جیهانی ئیسلامی. لەلایەن پێڕۆیان و خەڵکی دیکەشەوە، ناوی شێخی گەورە (الشیخ الأکبر)ی لێ نراوە. لە باژێڕی مۆرسییا یا مەرسییا (Murcia) لە ئیسپانیا هاتووەتە دنیاوە و لە شام (دیمەشق) لە چیای قاسییوون (قاسیون) بە خاک سپێردراوە. خاوەنی چەندین کتێبی گرنگە، ناسراوترینیان ئەمانەن: "الفتوحات المکیة"، "فصوص الحکم"، "ترجمان الأشواق"، "شجرة الکون"، "کتاب الیقین".

[2] نەقشبەندی، ئەمین شێخ عەلائەددین، تەصەووف چییە، چاپی یەکەم 1985م/1406ک، بەغداد، ل43.

باسانەش دەکرێ بخرێنە چوارچێوەی "گەڕان بە شوێن هــۆی شــتەکان"دا یــا "گــەڕان بــە دووی ســـەرەتای ســـەرەتاکان"دا یـــا "گـــەڕان بـــە دووی خـــودا "دا یـــا "خوداناسی Theology".

ئـەم جـۆرە دیتنـە، هـەر لـە سـەردەمی سـۆکرات و ئـــەفلاتوون و ئەریستۆتێلســـەوە هـــەبووە، تـــا دەگاتـــە ئەلکیندی[3] و فارابی[4] و ئیبن سینا[5] و ئیبن ڕوشد[6] و کانت

---

[3] ئەلکیندی (أبو یوسف یعقوب بن إسحاق الکندي/801-873ز)، لە کــووفە لەدایــک بــووە و لە بەغــدا مــردووە. زانــایەکی عەرەبــی موســـوڵمان بـــووە و لە بوارەکـــانی فەلەکناســـی، فەلســـەفە، کیمیـــا، فیزیک، بژیشکی، ماتماتیک، دەروونناسی و مووزیکدا، زانا بووە.

[4] فـــارابی(أبو نصـــر محمـــد بـــن محمـــد بـــن أوزلـــغ بـــن طرخـــان فـــارابي/872-950ز)، فیلۆســـۆف و قـــانوونی بـــوو و لە بوارەکـــانی فەلسەفەی سیاسی، میتافیزیک، ئاکار و ڕەوشت و مەنیق، بژیشکی، ماتماتیـک و مووزیکـدا دەینووسـی و چـالاک بـوو. فـارابی ئێرانـی بـوو، کە بـاوک و دایکـی بـۆ تورکسـتان کۆچیـان کردبـوو. زۆری ژیانی لەبەغدا لە سەردەمی عەبباسییاندا ژیابوو.

[5] ئیبن سینا (ابن سینا، ابوعلی سینا، پور سینا یا Avicenna وەک بە لاتینـــی پێـــی دەڵـــێن/980-1037ز)، زانـــایەکی گەورەی فارســـە. نووسەری کتێبی (قانون)ـە، کە ئینسیکلپیدیای دەرمان و بژیشکییە.

[6] ئیبن ڕوشد (أبو الولید محمد بن أحمد بن محمد بن أحمد بن أحمد بن رشد یا Averroës بە زمانانی ئەورووپایی و لاتین/ 1126-1198ز). فیلۆسۆف، بژیشک، قازی، فەقیە، فەلەکی و فیزیایی بووە. عەرەب و موسـوڵمان بـوو. سـەر بە ڕێبـازی مـالیکی بـووە فیقهـی مـالیکی و بـاوەڕی ئەشـعەری خوێنـدووە. لە قورتـوبە (Córdoba) لە ئیســـپانیا لەدایـــک بـــووە و لە مەڕاکـــیش لە مەغریـــب مـــردووە.

و دێکــارت و هێگــڵ و هــی دیکــەش... پێوەرێــک، کــە فەلســەفە هەیــەتی، بۆ گەیشــتن بــە ئامانجــەکانی "پــردوو توانایی و ئاوەزی مرۆڤە"[7] ئاشکراشــە، مــرۆڤ ئــاوەز و توانســتێکی ســنووورداری هەیــە، لەبــەر ئــەوەش نــاتوانێ تــەواوی دەوروبــەری خــۆی و نــاوەڕۆکی شــتەکان و دیاردەکان بزانێت.

زانســتی سروشــتبەدەر (Metaphysics) بیــر (Idea)ــە و، پێوەنــدی بــە گیــان و ویــژدان و دەروونــەوە هەیــە و لــە بازنەی مادده بەدەرە. زانستی ئــەوڕۆ لــە بازنــەی مــاددە بــەدەر نییــە و هــەر لــە چوارچێــوەی ئــەو بازنەیــەدا دەخولێتــەوە. هــەموو بــاس و مەســەلەیەکی دەرەوەی ماددەش ئەوڕۆ پێی ناگوترێ زانست.

پێــنج هەســتەکەی مــرۆڤ: بیســتن، دیــتن، بــۆنکردن، لێککــەوتن و چــەژتن، کــە مێشــک بــەکاریان دەبــات، لــە لایــەن زانســتەوە بــە بنگەیــەکی کاریگــەری زانســتی دادەنــرێن. فەلســەفەیش هــەمان بنگــەی زانســتی بــەکار دەبــات بــۆ گەیشــتن بــە ئامــانج . ئیــبن عەرەبــی دەڵــێ: "فەلســەفە، نادیــار (پەنهــان: غەیــب) نــادۆزێتەوە". ئــەو بیرانــەی لــە دەرەوەی ئــەو هەســتانەن، بــە یارمــەتی ئامرازە هەستەکییەکان وەدەست نایەن و نادۆزرێنەوە،

---

کاریگەریی ئیبن سینا، غەززالی، ئەریستۆتەیلس و فارابی لەسەر بووە.

[7] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل48.

هەر لەبەر ئەوەشە مرۆڤ پەنای بردووەتە بەر ڕێگەی دیکە بۆ گەیشتن بە ئامانج.

هـــــەموو ئایینـــــەکان، چ یەکتاپەرســــتانی وەک: جوولەکایــەتی، مەســیحایەتی و ئیســلام، کە بە ئــایینە ئیبــراهیمییە ئاســمانییەکان ناســراون و چ ئۆڵەکــانی دیــکەش وەک: بوودایــەتی، زەردەشــتی، هیندۆســی، مەندائی، ئێزدی و یارسان، هەر یەک بۆ خۆی باس لە خـودا و خوداناسـی دەکـات و هـەر یەکـەیان دیـتن و بۆچـوونی خـۆی لـە بـارەی ئـەو مـژارەوە هەیـە، بـەڵام کرۆکی پەیامەکانی هەموویان، داخوازییە بۆ سانایی و خـاکەرایی و سـەرکەوتنی مـرۆڤە بەسـەر نارسیسـیزمی خۆیدا و هەموویان لەسەر ئەوەی مرۆڤ بەهێز بکـەن و وای لێ بکـەن، وەدووی واتایـەکی قووڵتردا، بۆ بوون، بگەڕێت، پێکن.

### واتەی خودا لە ئیسلامدا

هەرسێ ئایینی جوولەکایەتی و مەسیحییەت و ئیسلام، چون بڕوایان بە تاکە خودایەک هەیە، کە ئافەرێنەری بوونە، بە هەموو شتێکییەوە، بە یەکتاپەرست ناودەبرێن و دەناسرێن، لێ ئەو خودایەی، کە جوولەکایەتی یا مەسیحییەت باسی دەکات و دەیپەرستێت، لەگەڵ خوداکەی ئیسلامدا، سەدلەسەد چونیەک نین، بەڵکە لە گەلێ شتدا جیاوازن. خودا لەکن ئیسلام، توانست، دەسەڵات، زانایی، سەروەریی، بەرزی و مەزنییە و بنەمای هەموو ماددەیەک و هەموو هێزەکانی سروشتبەدەرە. خودا سەرەتای سەرەتاکانە و هەر هەبووە و هەر دەشبێ، ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤﴾[8] واتە: (خودا تاک و تەنیایە، بێ هیچ سپاس و پاداشت و نرخێک

[8] القرآن الكريم، سورة الإخلاص، الآية1-4.

پێویستییەکان جێبەجێ دەکات، نە زاوە و نەش دەزێ و بێهاوتا و هاوشانە). هەر لەو کاتەوە، کە پەیامبەری ئیسلام موحەممەد، قورئانی وەک پەیامێکی خودایی بە خەڵک گەیاند و لە سەردەمی پەیدابوونی ئیسلامەوە یا ئەو کاتەی، کە ئیسلام بانگهێشنی خەڵکی کرد بۆ خوداناسی و یەکتاپەرستی، بیری گەیشتن بەو خودا تاک و تەنیایە وەک ئامانجێک، هاتە ئاراوە و پەیدا بوو. لەم بارەوە شاعیر و سۆفی مەولانا جەلالوددینی ڕوومی[9] دەڵێ :

"ای لقای تو جواب هر سؤال

[9] مەولانا جەلالوددینی ڕوومی (محمد بن محمد بن حسین بهاء الدين البلخي البكري/بە فارسی: جلال الدین محمد بلخی/1207-1273ز)، شاعیر، زانا لە فیقهی حەنەفیدا و هی دیکەش و سۆفی. خاوەنی مەسنەوی (مثنوی) بە زمانی فارسی و خاوەنی تەریقەتی مەولەوی. لە بەڵخ لە ئەفغانستان هاتووەتە دنیاوە و لەتەک باوکیدا و لە تەمەنی چوارساڵیدا چووەتە بەغدا لە خوێندنگەی موستەنسەرییە (المستنصرية) خوێنوویەتی و دواتر چوونەتە چەند وڵاتێکی دیکە و تا لە دواییدا لەسەردەمی تورکانی سەلجووقیدا لە شاری قۆنیە جێگیر دەبن. زۆرینەی شیعر و نووسینەکانی بە زمانی فارسی نووسراون و بڕێکیشیان بە زمانانی تورکی و عەرەبی. کاریگەرییەکی زۆری بەسەر فەرهەنگی فارسی، عەرەبی، تورکی، ئوردو و بەنگالییەوە هەیە. یەکێکە لە ناسراوترین شاعیرانی جیهان و لە نێو هەموو ئایینەکانی دیکەی نائیسلامییشدا کاریگەری و هەواداری هەن. مەولانا خۆی کارکردی شەمسی تەبریزی و ئیبن عەرەبی و عەبدولقادری گیلانی لەسەر بووە.

مشکل از تو حل شود بی قیل و قال"[10]

واتە: (ئەی ئەو کەسەی، کە گەیشتن بە تۆ وەرامی گشت پرسیارێکە، کێشە لە لایەن تۆوە بێ دەمەتەقە و چەندوچوون چارەسەر دەکرێ). دۆزینەوەی ئەو خودایە و گەیشتن پێی وەرامی گشت پرسیار و مەتەڵەکانە.

سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام و پەیامبەرایەتی پەیامبەر موحەممەد، ئەو بیر و دیتنە، بیری گەیشتن بەو تاکە خودایە، کە لەکن سووفییان دەسپێک و ڕێگە و مەبەست و هاوڕێیە و ڕێگەکانیش هەر بەرەو وی دەچن، لە شێوە و چوارچێوەیەکی تەواودا نەڕەسیبوو. دوای سەد ساڵان، لە ژێر ناوی عیرفان و تەسەووفدا هاتە ئاراوە. یەکتایی خودا لەکن عاریفان واتە: بوونی ڕاستەقینە تەنێ خودا خۆیەتی و هەموو شتێکی بێجگە لە خودا، دیاردەی بوونە نەک بوون بۆ خۆی. ئیبن عەرەبی گوتەنی: "لە گەردووندا بێجگە لە ویستی خودا هیچ قانوونێک نییە"، لەکن عاریفان، یەکتایی واتە: بێجگە لە خودا هیچ شتێکی دیکە نییە و عاریف دەگاتە پلەیەک بێجگە لە خودا هیچی دیکە نابینێت و عاریفان ئەو ڕەوشە بە یەکتایی ڕاستەقینەی خودا دەزانن و پییانوایە گەیشتن بەم قۆناغە کاری هزر و عەقڵ نییە، بەڵکە

---

[10] رومی، جلال الدین، مثنوی معنوی، بکوشش نیکلسون، تهران 1363، جزء 1. ل 8، بەیتی 97.

کـاری دڵ و خەبـات و کۆشــش و ڕەوت و ڕەوتــارە و خاوێنکردنەوەی نەفس و پەروەردەکردنییەتی[11].

[11] مطهـري، الإسـلام وإيـران، الجـزء الثالـث، ترجمـة محمـد هـادي اليوسفي الغروي، سبهر، طهران 1359، ص 190.

## عیرفان وسۆفیگەری

وشـەگەلی سـۆفی، سـووفی، عـاریف، موتەسـەوویفوون، عورەفاء، ناوەیلێکن بۆ کەسانێک، کە پێڕۆی ڕێبازێک یـا تەریقەتـێکن و سـەر بە ئاراسـتەیەکن، پێـی دەگـوترێ: سـۆفیگەری، سـووفیگەری، سـۆفییایەتی، سـووفییایەتی، سۆفییەتی، سووفییەتی، سۆفیزم یا تەسەووف. لە نێوان دەسـتەواژەی سـۆفیگەری و تەسـەووفدا جیـاوازییەک هەیە، یەکەمیـان شـێوەی ژیـانی سـۆفییە، واتە: شـێوەی ژیـانی ڕێبـواری ئەو ڕێبـازە، دووەمیـان پـاکژکردنەوەی دڵە لە هەموو پەڵە و خەڵتە و قرێژییەک.

لەبـارەی بنەمـا و ڕەگوڕیشـەی وشـەی سـۆفی و تەسەووفەوە، بیروڕای جیاواز هەن. هەندێک پێیـان وایە دەستەواژەی سووفی لە (صوف)ی عەرەبییەوە هـاتووە، کە بە کـوردی دەکـاتە: خـوری، چـون سـۆفییەکان، پۆشـاکی لە خوری چێکراویـان پۆشـیوە، وەک نیشـانەی دەسـتبەردان لە دونیـا، پێشـیان وا بـووە جلـوبەرگی

خوری، پۆشاکی پەیامهێنەران و هێمای پیاوچاکان و پیاوانی خودا بووە، کە هەمیشە لەبەریان کردووە، لێ لە ڕاستیدا هەموو سۆفییەکان ئەو کارەیان نەکردووە و جۆری دیکەش پۆشاکیان لەبەر کردووە.

بۆچوونێکی دیکە لەبارەی ناوی سۆفی و وشەی تەسەووفەوە ئەوەیە، کە سۆفی، سووفی لە وشەی (صاف) و وشەی تەسەووف (التصوف) لە سەفاء (صفاء) ی عەرەبییەوە هاتوون، کە دەکەنە: خاوێن و ساف و ڕوونیی کوردی، لەبەر ئەوەی سووفییەکان گرنگییەکی تایبەت بە خاوێنکردنەوەی گیان و دڵ، لە هەموو خواست و ئارەزوویەک، دەدەن، چون دەستبەرداربوون لە حەز و خولیا و چێژە لەشەکییەکان، پاککردنەوە و پالاوتنی گیانە.

هەندێکی دیکە وشەی سۆفی یا تەسەووف، دەگەڕێننەوە سەر ناوی ئەسسوففە (الصفة)، کە بەشی پشتەوەی مزگەوتی پەیامهێنەر بووە و جێیەک بووە بۆ کەسانی لایدە و بیانی و بێماڵ و حاڵ دانراوە، پێیان وایە لەوەوە هاتووە.

دەشگوترێ، زاراوەی تەسەووف لەوشەی (صف)ی ڕیزی جەماعەتی نوێژی بەکۆمەڵەوە وەرگیراوە، ئەوانەی بەتایبەت لەڕیزی یەکەمی خواپەرستی و نوێژدا بوون.

بڕێک لە زانایانی بواری تەسەووف پێیان وایە، وشەی سۆفی لە بنەمادا لە وشەی سووفیای گریکی

(یۆنانی)یەوە هاتووە، کە بە واتای زانیاری و  حیکمەت دێت[12] و لە نێو مەسیحییانیشدا، ناوی سۆفیا و سووفی و سووفییا، بۆ کچان هەیە، یا ڕەنگە لە وشەی سووفییەوە، کە لە کەلەپووری جوولەکایەتیدا هەیە، هاتبێت.

هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی سۆفیگەری، ئاسان نییە، بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی ڕێباز و خوێندنگە سۆفیگەرییانەی لە نێو ئیسلامدا و لە سەردەم و لەدەڤەرە جیاوازەکاندا، سەریان هەڵداوە و پەیدا بوون. ڕێبازە سۆفیگەرییە جیاوازەکان، کۆمەڵێک شێوازی جیاوازی ژیان و خاوێنکردنەوەی دەروونییان، هێناوەتە گۆڕێ، هەر لە خۆدابڕین و گۆشەگرییەوە تا دەگاتە خۆپارێزی و خاکەرایی و ڕەوتاری میانڕۆ و تێکەڵبوون بە جڤاکە گشتییە ئیسلامییەکەوە.

سۆفیگەری فەرهەنگە، یەک ڕەوت و شێواز نییە، بەڵکە کۆمەڵێک هەڵبژاردنی جۆراوجۆر و فرەوانە. بۆ

---

[12] سۆفیا، سووفییا (Sophia) و سۆفۆس (Sophos): وشەگەلێکی گرێکی (یۆنانی)ن، بە واتای زانایی، زانیاریی، عەقڵ، ڕۆشنبوونەوە، حیکمەت دێن، بەرانبەر بە (wisdom) لە زمانی ئینگلیزیدا.  وشەی فیلۆسۆفی (Philosophi)یش، کە هەر گرێکییە و بە واتای: "خۆشویستنی زانست، خۆشویستنی حیکمەت، خۆشویستنی عەقڵ"، دێت هەر دەگەڕێتەوە سەر وشەی سۆفیا، سووفییا و سۆفۆس، زۆرجاران، لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە، وەک سەرچاوەی وشەی سۆفی و سووفی سەیرکراون. لێ لەلایەن زۆرێک لە سۆفی و زانایانی ئیسلامییەوە، جێی قایلبوون نەبوون.

گەیشتن بە خودا، لە نێو سۆفیایەتیدا، یەک ڕێگە و ئاراستە نییە، بەڵکە ئاراستەگەلێکی بێ هەژمار هەن، ئەویش بەگوێرەی ئەو ژینگە و گەل و نەتەوانەی ئەو ڕێبازانەی تێدا پەیدابوون و گەشەیان کردووە و بەگوێرەی ڕێبەرانی ئەو ڕێبازانە. سۆفیگەری، کە ئاراستە و ڕێبازێکی دەروونیی ئیسلامییە، پتر جەخت لەسەر خۆشەویستی و مەبەست لە کردار، دەکاتەوە و ئەوانەی، لە شەریعەت پێ گرنگترە. سۆفییەکان، باوەڕیان وایە، کە پەیامهێنەری ئیسلام، هێشتاش، لە ڕێگەی ڕێبەرانی شەریعەتی ئیسلامەوە، ئەو ئەولیایانەی لە ڕێگەی زنجیرەی سۆفیایەتییەوە، بە پەیامهێنەرەوە گرێدراون و هەموو شتێک دیاری دەکەن، لەتەک باوەڕداران و پیڕۆیانیدا، دەپەیڤێت.

سۆفییەکان، شارەزاییان لە زانستی وردبینی و خوێندنەوەی مرۆڤدا، لەڕێگەی سەروسیما و ڕوومەت و شێوەیەوە هەیە و ئەدەبی سۆفیایەتی زۆرێک لەو بابەتانەی تێدان. بە باوەڕی سۆفییەکان، ئەولیاکانیان، نەفس و دەروونی باوەڕدار، چاک دەکەن و بیراز دەکەن و پێیشیان وایە، ئەو ئەولیایانە، نەک هەر لە ژیانیاندا، بەڵکە لە دوای مردنیشیان، دەتوانن پەڕجوو بنوێنن و کاری ڕیزپەڕ ئەنجام بدەن.

کرۆکی ڕێگەی سۆفیایەتی، خۆڕادەستکردنی هەمیشەییە بە خودا، بە خۆشەویستی نەک بە ترس و، دیتنی هەموو مرۆڤێک، ئاژەڵێک، ڕووەکێک و بێگیانێک،

وەک بەرجەستەکردنێکی خودا و بوونی خودا، لە هەموو شتێکدا. سۆفییەکان، باوەڕیان وایە، خودا، گەردوون و بوونی، وەک یەکەیەک ئافراندووە، کە لە چوارچێوەی قانوونگەلێکی هاوئاهەنگدا، کار دەکات و هاوسەنگی نێوان دان و ستاندن، ڕادەگرێ و دوائامانجیش لێی، بەهێزکردنی یەکیەتی تاکە لەگەڵ ڕێگە خودااییەکەدا.

بیرمەند و ڕووناکبیری ئێرانی ئەحمەدی کیسرەڤی[13]، سۆفیگەری بە گومڕێیی دادەنێت و پێی وایە، وەک زۆرێک لە هزر و دیدە گومڕێیەکان، لە فەلسەفەی یۆنانەوە سەرچاوەی گرتووە و گوایە فیلۆسۆفێکی یۆنانی ڕۆمی بە ناوی "پلۆتینۆس" دانەریەتی. ئەو فیلۆسۆفە بە ناوی فەلسەفەوە زۆری گوتووە و کورتەی قسەکانی ئەمەیە: لەو دونیایەدا هەرچی هەیە، هەمووی یەکە، خودا و شتەکانی دیکە هەمووی لە خودا جیا بوونەوە.. ڕووحی مرۆڤ، کە هاتۆتە ئەم جیهانەوە تووشی ماددیات بووە، بۆیە پێویستە هەمیشە مرۆڤ خۆ لە شادی و گەشە و

---

[13] ئەحمەدی کیسرەڤی (احمد کسروی/ 1890 – 1946) بیرمەند و ڕووناکبیر و نووسەر و مێژوونووسێکی سێکۆلاری ئازەریی ئێرانی بوو، خەباتی بۆ ئێرانێکی کراوە و هاوچەرخ دەکرد و دژی پاوانخوازی و داخراوی و هەژموون و دەسەڵاتی ئایینی بوو. لەلایەن فیدائییانی ئیسلام (فدائیان اسلام)، کە ڕێکخراوێکی توندڕۆی ئایینی بوو لەسەر بیروباوەڕەکانی لە دادگەدا کوژرا. خاوەنی پتر لە 70 کتێبە.

خۆشـــی بپـــارێزێ و لێیـــان دوور کەوێـــتەوە و ئەگەر کەسێک لەخۆ بچێتە دەر و بەسـەر خۆیدا زاڵ بێت، بە سەرچاوەی بوون یا بە خودادا دەگات[14].

مێژوونـــــووس و کۆمەڵناســـــی گەورەی عەرەب و ئیسـلام ئیبن خەلـدوون[15]، پێی وایە وشـەی سـووفی لە

---

[14] کسـروی، احمـد، سـۆفیایەتی (سـۆفیگەری)، وەرگێڕ: سـید محمـد صمدی، انتشارات پایدار، تهران، 1978. ل 16.

[15] ئیبن خەلدوون (إبن خلدون)، عەبدوڕەحمان کوڕی موحەممەد کـوڕی خەلـدوون ئەبـو زەیـد وەلیـوددین ئەلحەزرەمـی ئەلئیشـبیلی (عبد الرحمن بن محمد، ابن خلدون أبو زيد، ولي الدين الحضـرمي الإشبيلي/1332–1406)، مێژوونوس و کۆمەڵناس، لە توونس لەدایک بـووە و بە ڕەچەڵەک ئەندەلوسـییە و لە قـاهیرە مـردووە. ئیـبن خەلدوون بە دامەزرێنەری زانسـتی کۆمەڵناسـیی نوێ دادەنرێت و لەبـواری مێـژوو و ئابووریشـدا وەک زانـایەک تەماشـا دەکرێـت. گرنگترین کتێبـی ئیـبن خەلـدوون، کتێبـی پێشـەکی (المقدمـة)یە، کە کتێبێکـی هەمەلایەن و مەوسـووعییە و هەمـوو بوارەکـانی زانیـاری: شـەریعەت، مێـژوو، جیۆگرافیـا، ئـابووری، ئـاوەدانکردنەوە، جڤـاک، سیاسەت و بژیشکیی، دەگرێتەوە. هەر لەو کتێبەدا، ڕەوش و ژیانی مرۆڤ و جیاوازیی سروشت و ژینگەکانیان و کاریگەرییان لەسـەر مـرۆڤ و گەشـــەکردنی نەتەوە و گەلان و پەیـدابوونی دەوڵەت و ڕووخانیان، شی دەکاتەوە و بۆ لێکدانەوەی ئەو مژارانەش، گرانیی خستووەتە سەر چەمکی خزمایەتی و پێوەندی عەشیرەتی و ئینتیما و خـوێن. ئیـبن خەلـدوون، بەم کتێـبەی و ئەو بیـر و بۆچوونـانەی هێناویەتیە گۆڕێ، گەلێک لەپێشی بیرمەندەکانی بـواری جڤاکناسـییە ناسراوەکانەوەیە و بەوەش وەک دامەزرێنەری زانستی جڤاکناسـیی دادەنرێت و دەکەوێتە پێش ئەوگوسـت کۆنـت (Auguste Comte)ی جڤاکناس و فیلۆسۆفی فرانسی.

(صـوف، به کـوردی: خـوری)یەوە نەهـاتووە، ئەوە تەنیَ مەزەنـدە و گریمـانەیەکە، چـونکە سـۆفییەکان تەنیَ جلـی لە خـــوری دروســـتکراویان لەبەر نەکـــردووە، بەڵـــکە گۆڕیویانە و شتی دیکەشیان لەبەر کردووە. هـەروەها لە خەڵکانی ئەلسسـوففە (أهـل الصفة)یشـەوە نەهـاتووە، کە بگەڕێـــتەوە بـــۆ ئەوانەی لە قـــوژبنێکی مزگەوتـــی پەیـامهێنەردا مـاونەتەوە، وەک ئەبـوزەڕی غیفـاری[16]و بیلال ئەلحەبەشی[17]و سوهەیب ئەلڕوومی[18] و سـەلمانی

[16] ئەبوزەڕی غیفاری (جندب بن جنادة بن سفيان الغفاري)، یەکێک بوو لە هەڤـالانی پەیـامهێنەری ئیسـلام و ئیمـام عەلـی. لە کەسـێکی چەتە و ڕێگـرەوە، هەر لە سـەرەتای هـاتنی ئیسـلامەوە بـووە بە موسـوڵمان و دەڵـێن چـوارەم یـا پێـنجەم کەسـە، هـاتووەتە ڕیـزی ئـایینی ئیسـلامەوە. دژی خێڵـی ئومەوی و موعـاویەی کوڕی ئەبـو سـوفیان و دارا و دەوڵەمەنـدان بـووە. خەلـیفەی سـێیەم عوسـمانی کـوڕی عەففـان، دووری خسـتەوە بـۆ شـام و دواتـریش بـۆ ڕەبـزە (الربذة) و هـەر لەویَ لە ساڵی 32ی کۆچیدا، کۆچیدوایی کرد. دەڵێن عوسمانی کوڕی عەففان، ڕێگریی کردووە لەوەی خەڵک بەشـداری ناشـتنی بـکەن کـاتی مردنـی، لـیَ ئیمـام عەلـی و کوڕەکـانی لەگەڵ تەرمەکەیدا بۆ بە خاک سپاردنی ڕۆیشتوون.

[17] بیلال ئەلحەبەشیَ (بـلال بـن ريـاح الحبشـي)، دەڵێن بە ڕەچەڵەک دەگەڕێـتەوە سـەر حەبەشـە و بـاکووری سـوودان. لە موسـوڵمانە پێشـــەنگەکانە و وەک یەکەم بانگـــدەری ئیســـلام و بانگـــدەری پەیـامهێنەر بەناووبانـگ بـوو. بەشـداریی گەلـیَ جەنگـی کـردووە و پەیـامهێنەر هێنـدەی بـاوەڕ پـیَ بـوو، وەک بەرپرسـی گەنجیـنە و بەیتولمـال (بيـت المـال) داینـابوو. گەلێک لە ئـالوبەیتەوە نزیـک بـوو. هەر دوای کۆچیـــدوایی پەیـــامهێنەر، بـــانگێکی لە مـــزگەتەکەی پەیامهێنەردا دا، بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە کۆچیدوایی پەیامهێنەر و

فارسی[19] و ئەبوهورەیرە[20]، چونکە ئەوانە لەسەردەمی پەیامهێنەردا نەگەیشتبوونە ئەوەی لەسەر شێوازێک یا

---

ئیدی دوای بە خاک سپاردنی پەیامهێنەر، گوتی: من دوای پەیامهێنەر ئیدی هەرگیز بانگ بۆ کەسێکی دیکە نادەم. دواتر مەککەی جێهێشت و ڕووی کردە شام و لەساڵی 20ی کۆچیدا لەوێ کۆچیدوایی کرد.

[18] سوهەیب ئەلڕوومی (صهيب الرومي، صهيب بن سنان)، یەکێکە لەوانەی لە سەرەتاکانەوە بوو بە موسوڵمان. لە هەڤالانی پەیامهێنەر بوو. لە سەردەمی ئەو ئاشووب و فیتنەیەی سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا، سوهەیب کەناری گرت و خۆی دابڕی و دواتر لە ساڵی 38ی کۆچیدا لە مەدینە کۆچیدوایی کرد.

[19] سەلمانی فارسی (سلمان فارسی)، یەکێک بوو لە هەڤاڵە هەرە نزیکەکانی پەیامهێنەر و پەیامهێنەر دەیگوت: سەلمان لە ئێمەیە ئەهلولبەیت (سلمان منا أهل البيت) و لە هاوڕێ تایبەت و هەوادارەکانی ئیمام عەلی بوو. بە ڕەچەڵەک ئێرانییە و ناوی ڕووزبێ (روزبە) بووە و کە بووە بە موسوڵمان، پەیامهێنەر ناوی گۆڕیوە بۆ سەلمان. پێش موسوڵمانبوونی زەردەشتی و عیسایی بووە. لە جەنگی ئەحزابدا خاوەنی بیرۆکەی هەڵکەندنی خەندەک (خندق) بوو، بۆ پاراستنی مەدینە. ئەو لە دوای کۆچیدوایی پەیامهێنەر لەگەڵ خیلافەتی ئەبوبەکردا نەبوو و لەتەک ئیمام عەلیدا بوو. لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا، کرا بە والیی مەدائن. لە ساڵی 36ی کۆچییدا کۆچیدوایی کرد و ئیمام عەلی شۆردی و کفنی کرد و لە مەدائن بە خاکی سپارد. ئەو جێگەیەی سەلمانی تێدا بە خاک سپێردرا ناونرا سەلمان پاک. ئیمام عەلی لەمەڕ پێشینەکانی ئیسلامەوە دەڵێ: "السباق خمسة فأنا سابق العرب، وسلمان سابق فارس، وصهيب سابق الروم، وبلال سابق الحبش، وخباب سابق النبط" واتە: پێشینەکان پێنجن، من پێشینەی عەرەبم

ئاراستەیەکی تایبەتی خوداپەرستی وەک تەریقەتێک یا ڕێبازێک، لە جۆری تەسەووف پێکبێن، بەڵکە ئەوانە لەبەر هەژاری و غەریبی و بێکەسی و لانەوازی، لەو مزگەوتەدا دەمانەوە و لە دەوری یەکدی خڕ دەبوونەوە.

ئیبن خەلدوون پێی وایە، داڕژتن و گەردانی وشەی سووفی و تەسەووف، بەم جۆرەیە: موتەسەوویف و سووفی و بە تەریقەتەکەش دەگوترێ تەسەووف و پێڕەوانیشی موتەسەوویفوون و سووفیوونن، بەوەش ئیبن خەلدوون هاوڕایە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا، کە مێژوونووس و توێژەرە هاوچەرخەکان و ڕۆژهەڵاتناسان باسی لێوە دەکەن و پێیان وایە وشەی سووفی لە بنەمادا عەرەبی نییە و لە زمانی گریکییەوە و لە وشەی سۆفیا یا سووفییاوە هاتووە، کە دەکاتە زانیاری[21]. ئەگەر وشەی سووفی لە زانیارییەوە هاتبێ، ئایا دەشێ تەسەووف وەک زانست پێناسە بکرێت؟

---

و سەلمان پێشینەی فارسە و سوهەیب پێشینەی ڕوومە و بیلال پێشینەی حەبەشە و خەبباب پێشینەی نەبتە".

[20] ئەبو هورەیرە (أبو هريرة عبد الرحمن بن صخر الدوسي). یەکێک بوو لە هەڤالانی پەیامهێنەر و گەلێکی لە گوتەکانی پەیامهێنەر گێڕاوەتەوە. لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا کراوە بە والیی بەحرەین و دواتر میری مەدینە. ساڵی 678ز کۆچیدوایی کردووە.

[21] بن عامر، توفيق، دراسات في الزهد والتصوف، الدار العربية للكتاب، ليبيا – تونس، 1981، ص 124 - 126.

ئیبن خەلدوون، نووسین و تۆمار و یادداشتکردن، بە پێوەرێک، بۆ جیاکردنەوەی زانستی ڕاستی لە هی دیکە دەزانێت و پێی وایە چون وەها کارێک لە تەسەووفدا کراوە، بۆیە تەسەووف لە نێو خەڵکدا وەک زانستێکی تۆمارکراو و نووسراو بینراوە. ئەو، تەسەووف بە زانست دادەنێت و لەژێر ناوی زانستی تەسەووف (علم التصوف)دا، دەیخاتە ڕیزی ئەو زانستانەوە، کە لە پێشەکییە (المقدمة)کەیدا باسیان دەکات[22].

بەگوێرەی ئەو پێناسە و لێکدانەوەیەی بۆ زانست دەکرێت، تەسەووف، زانست نییە، بەڵکە فێرگە و خوێندنگەیەکی ڕەوشت و ئاکار و پەروەردەی ئایینییە، کە لەسەر پایەی خەبات دژی نەفس (مجاهدة النفس) و دوورخستنەوەی لە ئارەزوو و ویستەکانی و بارهێنان و گرێدان و بەستنەوەی بە ڕەزامەندیی خوداوە و پاککردنەوەی لە هەموو خراپە و ناپەسەندییەک و بڕینی هەموو پێوەندێک بێجگە لە پێوەند بە خوداوە، دامەزراوە و ڕاوەستاوە.

زانست بە واتای سەردەم و هاوچەرخانە، لە بازنەی ماددە بەدەر نییە و تەنێ لە چوارچێوەی ماددە و هەستەکاندا دەگەڕێ و هەموو باسێک لە دەرێی ماددە، بە زانست ناژمێردرێت. هەرچی تەسەووفە،

---

[22] بن عامر،، دراسات،،، ص 120– 123.

ڕووح و سرووش و ڕۆشنبوونەوەیە و زانست ناچێتە ئەو بوارانەوە. سووفییەکان بۆخۆیان پێیان وایە، تەسەووف زانستە، لێ ئەو زانستە نییە، کە ئەمڕۆ مرۆڤ لێی دەدوێ، زانستێکی خودایییە بە خوێندن و پشکنین، نایەتە دەست، بەڵکە بە ئەزموونی کەسەکی و کردار و کۆشش و چێژ و خاوێنکردنەوەی نەفس دێتە دەست. سۆفییەکان خودانی چێژ و حاڵن، عیشق، خاوێنی، عەقڵ، سێ پێکهاتە یا ناوەڕۆکە سەرەکییەکانی تەسەووفن.

تەسەووف، خوداناسی و کارێکی تایبەت و وەرزشێکی ڕووحی تاکەکەسییە، مرۆڤ بۆ پاککردنەوەی دڵ و دەروون (تزكية النفس) لە هەموو شتێک، بێجگە لە خودا، پێڕۆی دەکات. بۆیە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئیسلام و قورئاندا یەکانگیر دەبێتەوە و دەشێ وەک دیاردەیەکی ئیسلامی و دەرەنجامی ڕەوتی گەشەکردنی سروشتی ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی خوداناسی، لەسەدەی یەکەمی کۆچیدا لەکۆمەڵی ئیسلامیدا سەیر بکرێت.

تەسەووف، هەرچەندە کاریگەریی ئۆڵی دیکەی پێش ئیسلامیشی، وەک زەردەشتی، نووئەفلاتۆنی، مەسیحییەت، جوولەکایەتی، بوودایی، مەندائی، کۆنفۆشیانیزم و تاویزمی لەسەرە. بۆخۆی دید و خوێندنەوەیەکی دەروونیانەی ئیسلامە. لەبەر ئەوەیشی،

له چەندین ڕێبازی جیاوازدا دەردەکەوێت، بۆیە پێوەندی بە هەردوو ئیسلامی سوننە و ئیسلامی شیعەوە هەیە.

تەسەووف، زانستێکە بە زانستی ئەللەدونی (العلم اللدني)، دەناسرێت، ئەو زانستەی بە خوێندن و هەڤۆتن[23] وەدەست نایەت و بە مەنتیق لێی تێناگەییت، بەڵکە خودا دایدەبزێنێتە سەر ئەوانەی خودانی چێژن، کە دڵیان پێش عەقڵیان و ڕۆحیان پێش چاوەکانیان پێی دەکرێتەوە. ئەو زانستە واتە: خودایی و خۆڕسکی، کە پەیامهێنەر مووسا چووەتە کن خدری زیندە (الخضر) بۆ ئەوەی داوای ئەو زانستەی لێ بکات[24]، وەک لە قورئاندا دەڵێ: ﴿وَعَلَّمْنَاهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا﴾[25]، واتە: ئێمە لەلایەن خۆمانەوە زانیاریمان پێدا.

بێجگە لە زانایانی ئیسلام و زانایانی بواری تەسەووف، لە نێو ڕۆژهەلاتناسانیشدا کەسانێک هەن، ددان بەوەدا دەنێن، کە سەرچاوەی ڕاست و دروست و ڕەسەنی تەسەووف و عیرفانی ئیسلامی، قورئان و سوننەتن. وەک نیکڵسن[26] و ماسینیۆن[27]. نیکڵسن، پێی وایە

---

[23] فێربوون، فێرکردن، مەلای جزیری دەڵێ:"ئوستادێ عیشقێ دل هەڤۆت...".

[24] الفوتي، الشيخ أحمد التيجاني، التصوف الإسلامي، مبادئه ومقاصده وغاياته، الطبعة الثانية، دارالتجاني المحمدي، تونس،1987، ص9 – 12.

[25] القرآن الكريم، سورة الكهف، الآية 65.

[26] ڕینۆڵد ئەللین نیکڵسن (Reynold Alleyne Nicholson / 1868–1945)، ڕۆژهەلاتناسێکی ئینگلیزە، شارەزا و پسپۆری تەسەووفی

ئایەتەکانی: ﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾[28]، واتە: خودا ڕووناکی ئاسمانەکان و زەوییە، ﴿هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ۝٣﴾[29]، واتە: ئەو دەسپێکە و کۆتاییە و ئاشکرایە و نادیارە و لە هەموو شت ئاگادارە، ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾[30]، واتە: بێجگە لەو هیچ خودایەک نییە، ﴿كُلُّ مَنۡ عَلَيۡهَا فَانٖ ۝٢٦﴾[31]، واتە: ئەوی لەسەر زەوییە نامێنێت، ﴿وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن

---

ئیسلامی و ئەدەبییاتی فارسی بووە. بە شارەزاترین و باشترین کەس دادەنرێ لە وەرگێڕان و لێکدانەوەی شیعرەکانی مەولانا جەلالوددینی ڕوومیدا. لە بواری دینی ئیسلامی و دائیرەتولمەعاریف (دائرة المعارف)ی ئیسلامیدا، گوتار و لێکۆڵینەوەگەلێکی فرەی هەس.

[27] لووی ماسینیۆن (Louis Massignon/ 1883 – 1962)، ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناووبانگی فرانسییە. بێجگە لە فرانسی و ئینگلیزی، زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی زانیوە و لە سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی فرانسادا لە ئەفریقا کاری کردووە و سەرپەرشتیی کۆمەڵەی مژدەدەرە فرانسییەکانیشی لە مسر کردووە. ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی خووی داوەتە تەسەووفی ئیسلامی و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی لەمەڕ حەللاج (الحلاج) و بەرهەمەکانی کردووە. بێجگە لە حەللاج لەمەڕ بین سەبعین (بن سبعین)، کە سووفییەکی ئەندەلوسی بووە و لەمەڕ سەلمانی فارسییش، لێکۆڵینەوەی کردووە. کووارێکی لەبارەی خوێندنەوە ئیسلامییەکان دەرکردووە.

[28] القرآن الكريم، سورة النور، الآية 35.

[29] القرآن الكريم ، سورة الحديد، الآية 3.

[30] القرآن الكريم، سورة التوبة، الآية 129.

[31] القرآن الكريم ، سورة الرحمن، الآية 26.

رُّوحِي﴾[32]، واته: له ڕووحی خۆم فووم پێداکرد، ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ﴿١٦﴾﴾[33]، واته: ئێمه مرۆڤمان دروستکردووه و دەشزانین چۆن خەیاڵی به دڵدا دێ و ئێمه لەوەوه له شادەماری لاملی نزیکترین، ﴿فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا۟ فَثَمَّ وَجْهُ ٱللَّهِ﴾[34]، واته: ڕوو له هەرکوێ بکەن خودا لەوێیه. ﴿وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورًا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ﴿٤٠﴾﴾[35]، واته: هەرکەسێک خودا ڕووناکی نەداتێ، هیچ ڕووناکییەکی نابێت، بنەما و ڕەگوڕیشەی تەسەووف و ڕەوتار و گوتاری پەیامهێنەری ئیسلامیش سروشبەخشی سۆفیگەرییه[36].

سۆفیگەری، له نێو ئیسلامدا، ڕووکارێکی فەلسەفەیی و دەروونییه، که تاڕادەیەک بەرانبەر گنۆستیسیزم (Gnostisism)[37]ی مەسیحایەتی و کابالا

---

[32] القرآن الكريم، سورة ص، الآية 72.

[33] القرآن الكريم ، سورة ق، الآية 16.

[34] القرآن الكريم ، سورة البقرة، الآية 115.

[35] القرآن الكريم، سورة النور، الآية 40.

[36] مطهري...، الإسلام...، ص 197.

[37] گنۆستیسیزم (Gnosticism) یا (به عەرەبی: الغنوصية)، که دەکاته عیرفانی (العرفانية)، دەستەواژەیەکه تەواوی ئەو دیندارانەی، سەر به هەموو کەونەدینەکان، که خۆیان له جیهانی ماددی دادەبڕن و ڕۆدەچنه نێو جیهانی گیانەکییەوه، دەگرێتەوه. گنۆس، بەلای ئەوانەوه گەلێ واتای هەیه وەک: ڕزگاربوون، ئازادی، یەکبوون لەگەڵ خودادا، که لەڕێگەی خێر و زوهد و به سادەیی ژیان و کۆشش بۆ زانیاری و کۆمەک به خەڵک، مرۆڤ

(Kabbalah)[38]ی جوولەکایەتییە. ئەوەش وا دەگەیەنێ، کە مرۆڤ وەک ئەرکێکی خۆی دەبێ خودا بناسێ و

---

دەیگاتێ. گنۆسییان، لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو کردەوانەدا ناکۆکن. گنۆسیی، جیهانی ماددی، کە پێوەندی بە ماددە و لەش و کاتەوە هەیە، بە جیهانی ژێرەوە دادەنێ و پێی وایە خێرا لەبەین دەچێت. هەرچی جیهانی خودایە، جیهانی بەرزی ئاسمانە، کە هەر هەبووە و هەرگیز بەشێک نەبووە لە ماددە و گیان شکۆمەند دەکات و دەیگەیەنێتە کەماڵ. گنۆسییان، لەشیان بە زیندانی گیان دادەنا و کۆششیان بۆ گەیشتن بوو بە جیهانی دەرێی هەست، گنۆسی، لە دەسپێکدا لە مەسیحییەتەوە هاتووە و هەندێکیش پێیان وایە لە پێش مەسیحییەتیشدا، لە جوولەکایەتی و مەسیحییەتی سەرەتادا و نووئەفلاتۆنی و جوولەکایەتی دواتر و زەردەشتیدا هەبووە، بەڵام هیچ هێمایەکی ئەو ڕێبازە نەدۆزراوەتەوە، کە بگەڕێتەوە بۆ پێش مەسیحییەت، بەڵکە لە سەدەی دووەمی زایندا لە وڵاتی ڕۆمدا بڵاوبووبووەوە و ئیدی وەک ڕێبازێکی هزریی سەربەخۆ ناسرا.

[38] کابالا (Kabbalah): بیروباوەڕ و لێکدانەوەیەکی ڕووحانی و فەلسەفەییە، لە دینی جوولەکایەتیدا، بۆ ژیان و بوون و گەردوون و خودایەتی. ئەم ڕێبازە لە سەدەی دوازدەیەمەوە هاتووەتە گۆڕێ. فەلسەفە و ڕێبازێکە، پێوەندی نێوان خودای نەگۆڕ و هەربوو و هەمیشەزیندوو و گەردوونی سنووردار و بەرنەمان (واتە: ئافەریدەکانی خودا) و لایەنی دەروونیی دین، لێکدەداتەوە و بەوەش پێڕۆیانی دەگەنە تێگەیشتن و پەیبردن بە قوڵایی و لایەنە شاراوە و نادیارەکانی تەورات. پێڕۆیانی کابالا، پێیان وایە ناوەڕۆک و زانیارییەکانی کابالا، مێژوویەکی یەکجار کۆنی هەیە و پێشینەی هەموو ئایین و ڕێبازە گیانەکییە ناسراوەکانە و کابالا بنەمای نەخشەی هەموو داهێنانەکانی مرۆڤە، لە بواری فەلسەفە و دین و زانست و هونەر و ڕێژیمە سیاسییەکاندا. لە ڕووی زمانەوە.

هەنـدێ کەس پێیـان وایە کابـالا تەسـەووفە و ڕەگوڕیشـەی لە قـووڵایی هـزری جوولەکایەتیدایە. زانستێکە لە باشووری فرانسـا، بـاکووری ئیسپانیا و وڵاتـانی خـۆرهەڵات، لە کۆتـایی سـەدەکانی دوازدە و سێزدەدا، ناووبانگی دەرکردووە و برەوی پەیدا کردووە. زانسـتی کابـالا تەرکیـز لەسـەر وەدیهێنـانی خواسـتەکانی سـۆفی دەکـات بـۆ تێکەڵبـوون و یەکبـوون لە ڕووی دەروونییەوە لەتەک خـودادا و بـۆ زیـادکردنی شـارەزایی و ئاگـایی و وەدەسـتهێنانی سیفاتە یەزدانییەکان، کە بۆشایی نێوان جیهانی ماددی لە لایەک و خـودا لە لایەکـی دیـکە، کەم دەکـاتەوە. ئیـدی بەو جـۆرە سـۆفی واقیعی مـاددی و دیاردەکـانی، کە لەو واقیعەدا دێنە گـۆڕێ، تەنـێ وەک کۆمەڵێک هێما و سیمبۆڵ دەبینێ، کە داهێنان و دۆزینەوەکانی خـودا لە جیهانـدا دەنـوێنن. سـۆفی، لە ڕێـگەی ڕامـانەوە کـرۆک و نهێنی و ڕازی پەنهانی خودایەتی، کە لە هەموو بوونەوەرێکدا هەیە، دەبینێـتەوە و ڕووحـی دەگێـڕێتەوە بـۆ ڕەگە یەزدانییە باڵاکـان و تـێکەڵ بە خـودایەتی دەبێت. بەپێی شـارەزایان و پێڕۆیـانی کابـالا، ئەم ڕێبازە تایبەت نییە، بە جۆرە مرۆڤێکی دیاریکراو و دەستەبژێر و تایبەتەوە، بەڵکە کراوەیە بۆ هەمووان و بـانگی هەمـووان دەکـات، بێ لەبەرچاوگرتن و گوێدانە ڕەگەز و ئایین و تەمەنیان. کابـالا، لە مێژووی جوولەکایەتیدا بە واتای جۆراوجۆر بەکارهێنراوە. کابالا یا قەبـالە، لە وشـەی قەبـیلە (قبل)ی عیبـرییەوە هـاتووە، کە بە واتـای: وەرگـرتن، پێشـوازیکردن، وەک ئامـاژەیەک بە قـانوونە دینـی و گیانەکییەکـان، کە پەیـامهێنەر و پیـاوانی دینـی جوولەکـایەتی بەدرێژایی مێژوو وەریانگرتووە. قەبـالە (قبالة)، لە زمـانی عەرەبیدا بە واتای: گرێبەستێک، بەڵگەنامەیەک، کە مرۆڤ پابەند دەبێت پێوە بـۆ جێبەجێکردنـی کارێـک یـا دانەوەی قەرزێـک یـا هەر جـۆرە ڕێککەوتنێکی دیکە. وشـەی قەواڵە، کە هەر لە عەرەبییەوە هـاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە، بۆ مەبەستی گرێبەست و بەڵگەنـامە و تـاپۆ، بەکاردەهێنرێت. هەردوو وشەکان لە عیبری و عەرەبیدا تا ڕادەیەک

خزمـەتی بکـات و لـە هـەمان کاتیشـدا بزانێـت چـۆن و بـۆچی مـرۆڤ پەیـدا بـووە و ئـەرکی چییـە و بـۆ کـوێ دەچێ و چی گەرەکە و دەبێ چی بکات و چی بزانێت و لـە گیروگرفـت و کێشـەکانی دەوروبـەری خـۆی لـەم سـەرزەوینەدا بکۆڵێتـەوە و وردبێتـەوە و بنـۆڕێ، بزانـێ ئایا ئەم هەموو شتانە سەرەتایەکیان هەیە؟ هـەوڵ بـدات دەرگـا داخراوەکـان بکاتـەوە و مێشـک بـەکاربهێنێت بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـە و پرسـیارانە. "کەسـێکی لـە دوی راسـتەقینە وێڵـە و تـا هـەموو شـت دە بنجوبنـاوان نـەکا ئـۆقرەی نایـە؟ پێـی دەڵـێن خـاوەنی عیرفـان و: عارف"[39]. بە سۆفییان دەگوترێ عورەفا ئەگەر لە ڕووی دیتنی فەرهەنگییەوە باس بکرێن، بـەڵام ئەگـەر لـە ڕووی دیتنـــی جڤاکییـــەوە بـــاس بکـــرێن پێیـــان دەگـــوترێ موتەسەوویفوون[40]. کە سۆفییەک دەگاتە پلەی بۆ خـودا سووتان یا یەکبوون لەگەڵ و توانەوە لە خـودادا (الفنـاء فـي اللــه / نێرڤانــا[41]/ Annihilation) ئـەو کاتــە دەبێتــە

---

یەک واتایان هەیە. کابالا، لە دوو ئاراستە پێکدێ، کابالای تیۆری، کە گرنگیـــی بە پێناســـەکردنی خـــودا و لێکـــدانەوەی گەوهەر و ناوەڕۆکی خودایەتی دەدات و کابالای کردەیی، گرنگیی بە گەیشتن بە خودا و یەکبوون لەتەک خودادا دەدات.

[39] شریعتی، دکتۆر عەلی، عیرفان، بەرامبەری، ئـازادی، وەرگێڕاوی هەژار، سروش، تاران 1359، ل 8.

[40] مطهري..، الإسلام..، ص 189.

[41] نیرڤانـا (Nirvana)، ڕێگەیەکـی بـوودایيە بـۆ خۆڕزگـارکردن لە ئێرەیی و تەماح و چاوچنۆکی و خواست و ڕق و کینە، بە واتـای:

عاریف و پێی دەگوترێ عاریف. سەری ئەسسەقەتی[42]، کە شاگردی مەعرووف ئەلکەرخی[43] و جونەید[44] بووە،

---

خامۆشبوون و کوژانەوەی تەواو، پاش ڕامانێکی قووڵ، مرۆڤ دەیگاتێ. لەو حاڵەدا ئیدی مرۆڤ هەست بە هیچ شتێکی چواردەوری خۆی ناکات و بە هۆش و بە لەش، لەو جیهانەی دەرێی خۆی دادەبڕێت. مەبەست لەمەش، گەیشتنە بە بەختەوەریی باڵا و وەدەستهێنانی خۆشترین و پڕچێژترین هەست و کوژتنی هەمووجۆرە چێژێکی لەشەکی، بۆ دوورکەوتنەوەی مرۆڤ، لە هەستە نەئێنی و خراپەکانی وەک خەمۆکی و نیگەرانی و بێزاری. کە مرۆڤ ئیدی هیچ جۆرە حەز و ئارەزوو و تاسەیەکی بۆ هیچ شتێک نامێنێت، ئیدی خەوی یەکجارەکی لێ دەکەوێت و ئەودەم، سەرلەنوێ ژیانەوەی، لەکۆڵ دەبێتەوە، ئیدی ئەو کاتە دەگاتە حاڵەتی نیرڤانا. وشەی نیرڤانا، لە زمانی سەنسکریتەوە، کە زمانی ئەدەبیی کۆنی هیندییە، هاتووە. نیرڤانا، لای هیندۆسەکان، بە شێوەی گشتی مۆکشا (Moksha)ی پێ دەگوترێ، تێکەڵبوونە و یەکبوونی ڕووحی مرۆڤە، دوای بڕینی کۆمەڵێک قۆناخ و پلە، لەگەڵ براهمان (Brahman)، کە باڵاترین و مەزنترین ڕووح و باڵاترین و مەزنترین خودایە.

[42] ئەسسەری ئەسسەقەتی (أبو الحسن سري الدين بن المغلس السقطي،160ک – 251ک) یەکێکە لە زانایانی موسوڵمانان و کەسە دیارەکانی بواری تەسەووف لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا. بە ئیمامی بەغدادییەکان و شێخی ئەوان ژمێردراوە. شاگردی مەعرووفی کەرخی بووە و مامۆستا و خاڵی جونەید بووە. لە بەغدا لە گۆڕستانی شێخ مەعرووفی کەرخی نێژراوە.

[43] شێخ مەعرووف ئەلکەرخی (معروف بن فیروز الکرخي)، لە باوک و دایکێکی مەسیحی لەدایک بووە و دواتر، کە بۆخۆی بووە بە موسوڵمان، ئەوانیشی هێناوەتە سەر ئاییني ئیسلام. لە بەغدا

دەڵێ "عاریف وەک خۆر بەسەر هەموو جیهاندا هەڵدێ، و وەک خاک مرۆڤی پاک و پیس هەڵدەگرێ و، وەک ئاو هەموو شتێکی زیندووی لێوەیە و، وەک ئاگر ڕۆشنایی بە هەموو مرۆڤ دەبەخشێ"[45].

فیلۆسۆفەکان پێیان وایە مرۆڤ لە تێگەیشتنی ڕاستییەکاندا و دەرککردن پێیان هاوبەشە لەگەڵ خودادا و لەکن سۆفییەکانیش بەشداریی لەگەڵ خودادا، لە هەموو سیفاتەکاندایە، چون خودا دەبێتە مرۆڤ و مرۆڤیش دەبێتە خودا. بنجوبنەما و ڕەگوڕیشەی تەسەووف، لە ئیسلامدا، وەک سۆفییەکان بۆ خۆیان و زانایانی ئیسلام دەڵێن، دەگەڕێتەوە بۆ قورئان خۆی. قورئان، لە ئیسلامدا سەرچاوەی عیرفان و تەسەووفە. بە گوێرەی ئایەتی ﴿سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنۡ ءَايَٰتِنَآۚ﴾[46] (هەموو ڕێز و مەزنییەک بۆ ئەو خودایەی کە پەیامبەری بە گیان و لەش لە مزگەوتی حەرامەوە لە مەککە بە شەو برد بۆ مزگەوتی ئەلئەقسا، کە دەوریمان پیرۆز کرد بۆ

---

لەدایک بووە و ساڵی 850ز مردووە و لە گۆڕستانێک لە کەرخ لە بەغدا نێژراوە.

[44] جونەید یا جونەیدی بەغدادی (أبو القاسم الجنيد بن محمد الخزاز القواريري 221-297ک) لە بەغدا لەدایک بووە و ژیاوە و مردووە و بە ڕەچەڵەک خەڵکی نەهاوەندە لە هەمەدانی ئێران. زانا و شێخی سۆفییان بووە لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا.

[45] مطهري...، الإسلام ...، الجزء الثالث، ص203.

[46] القرآن الكريم، سورة الإسراء، الآية1.

ئـەوەی شـتی سـەیری  پیشـان بـدەین) ، بەپێـی دیـدی سـۆفیگەری، کاتێـک  پەیامبـەر موحەممـەد لـە مزگـەوتی حەرامەوە لە مەککە براوە بۆ مزگـەوتی ئەلئەقسـا و لـە کـاتی هەڵکشـاندا بەرەو ئاسـمان یـا گەشـتی ئاسـمان (میعراج/ المعراج)دا لە مزگەوتی ئەلئەقساوە بۆ ئاسمان، لەوێ لەلایەن خوداوە نهێنیی تایبەتی پێ دەگوترێ و لـە دیوی نـاوەوە و نادیـار و نهێنـی و دەروونـی (البـاطن)ی شـتەکان، کـە لـە دیـوی دەرەوە و ئاشـکرا (الظـاهر)ی ئیسلام جودایە، تێدەگات و ئاگـادار دەبێتـەوە. سـەرباری ئـەوە لـە قورئانـدا زۆر بەڵگـەی دیکـە هـەن، کـە ڕێگـە بۆ عیرفـان و تەسـەووف خـۆش دەکـەن. ئەوانـە مـرۆڤ دەتـوانن لـە ئایەتـەکانی ﴿هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ٣﴾[47] (ئەو-خودا- یەکـەم و کۆتـایی و ئاشـکرا و دەروونە و ئەویش لە هەموو شتێک ئاگـادارە) و﴿وَهُوَ مَعَكُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ﴾[48] (لـە هـەر کوێیـەک بـن ئـەو-خـودا- لەگەڵتاندایە)دا بیانخوێننەوە. قورئان ئـەوە دەسـەلمێنێ و جەخت دەکات، کە خودا چێکاری گەردوونە و لە هەموو شتێک و لەگەڵ هەموو شتێکدا هەیە.

جـۆرج جەرداق، پێـی وایە: تـۆو و ڕەگەکـانی تەسـەووفی ئیسـلامی لە نموونەگەلێکـدا لە گـوتە و قسەکانی ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالیب (الإمـام علي بـن أبي طالب)دا دەبینرێنەوە و سـۆفییانی موسـوڵمان، پێش

[47] القرآن الكريم ، سورة الحديد، الآية3.
[48] القرآن الكريم ، سورة الحديد، الآية4.

ئەوەی بیرمەندانی گریکی بناسن و فەلسەفەکانی ئەوان و هیندییەکان بعەرەبێنرێن، پەنایان بۆ ئەو گوتانەی ئیمام عەلی بردووە، چون ئیمام عەلی، بە وردی وکونجکاوی لە قورئانی نۆڕیوە و کۆڵیوەتەوە و شیی کردووەتەوە و بیری لێ کردووەتەوە و ئایینی کردووە بە بابەتی هزرین و ڕامان و لێنۆڕین و بە پێچەوانەی زۆرینەی خەڵکەوە، کە پتر دیوە ئاشکرا و دەرەوەکەی ئایین وەک قانوون و سرووت و هەڵسوکەوت و مامەڵە و دادگا و ژمارە و پێوانە دەبینن، دڵی تێراو نەبووە و قایل نەبووە، بەڵکە ئۆڵ لای ئەو لە پەنای ئەو دیوە ئاشکرایەیدا، بابەتی ڕامانی قووڵ و دوور و هزری پاڵفتە و وردبوونەوە و شیکردنەوەی ڕوون و خاوێنە[49]. وەک نیشانەیەک بۆ نەویستنی دنیا و مایەپووچیی سامان و خاوەنداریەتی ماددە و موڵک و پارە و دەستبەرداربوون لە هەموو شتێکی دنیایی، لە ئیمام عەلی دەگێڕنەوە، کە پیاوێک دێتە لای و پێی دەڵێ: ئەی سەروەری باوەڕداران، خانوویەکم کڕیوە و گەرەکمە تۆ بە دەستی خۆت قەواڵەکەییم بۆ بنووسیت... ئیمامیش بە چاوی تیژی حیکمەت و باوەڕی قووڵ و تەواوەوە، تەماشایەکی کابرا دەکات، دەبینێ دنیا لەسەر تەختی دڵی چوارمشقی ڕوونیشتووە و هەموو هزری تەنیوەتەوە، تا ئەوەی خودای لە بیر بردووەتەوە... ئیمام

[49] جرداق، جورج، الإمام علي صوت العدالة الإنسانية، بيروت 1958، ص 114 –115.

عەلی، لەگەڵ وەها کەسێکدا، کە خۆشەویستیی دونیا، لەلای، زیادی کردووە و تێکەڵ بە دڵ و خوێنی بووە دەبێ چی بکات؟ چی بکات، تا وانەیەک لە یادکردنەوەی خودا و تووڕهەڵدانی دنیا و کارکردن بۆ پاش مردن و بەهەشت، بەم پیاوە بڵێتەوە؟ ئیمام قەڵەمەکەی دەگرێتە دەست و پاش سپاس و ستایشی خودا، دەنووسێ: مردوویەک لە مردوویەکی تر، خانوویەکی لە وڵاتی تاوانباران و نشیمەنی گەوجان و بێئاگایان کڕی، کە چوار لای هەیە. لای یەکەم بە مردن تەواو دەبێت. لای دووەم بە گۆڕ تەواو دەبێت. لای سێیەم بە لێپرسینەوە تەواو دەبێت. لای چوارەم بە بەهەشت یا بە ئاگر تەواو دەبێت. پاشان شیعرێکی بۆ دێ و تێیدا دەڵێ:

*نەفس بۆ دونیا دەگری و دەشزانێت*

*سەلامەتیی تێیدا، دەستبەرداربوونە لەوەی تێیدایە*

*مرۆڤ دوای مردنی هیچ خانوویەکی نییە تێیدا بژی*

*بێجگە لەوەی پێش مردنی دروستی کردووە...*[50]

---

[50] النفس تبكي على الدنيا وقد علمت
أن السلامة فيها ترك ما فيها
لا دار للمرء بعد الموت يسكنها
إلا التي كان قبل الموت يبنيها
فإن بناها بخير طاب مسكنها
وإن بناها بشر خاب بانيها..، شیعرەکە لەوە درێژترە و ئەو دوو سێ دێڕە تەنیا سەرەتاکەیەتی.

پیاوەکە کە قسە و شیعرەکەی ئیمام عەلی دەژنەفێ، بە دڵ گوێی بۆ رادەدێرێ و تێدەگات، ئیمام بە قسەکانی ویستوویەتی ئەو پەردە و تاریکاییەی دڵە بێئاگاکەی داپۆشیوە، لادات و دەگاتە ئەو باوەڕەی، ئەوەی بژێو دابین دەکات خودایە و ئەوەی دەبەخشێ خودایە و باشترین ماڵ و جێژیانێکیش، ماڵ و جێژیانی پاش مردنە، ئەوجا دەست بە گریانێکی گەرم و بەکوڵ و زۆر دەکات و دەڵێ: ئەی سەروەری باوەڕداران، تۆ گەواهیی ئەوەم بۆ بدە، کە من ئەم خانووەم بەخشی بە هەژاران و بێدەرەتانان و نەداران.

شاعیری کورد نالی، لە دیدێکی سۆفییانەوە دەنۆڕێتە ژیان و لەمەڕ کەمیی تەمەن و کۆتاییهاتنی هەموو بوون و ژیان و شتەکان بە مردن و بێبایەخیی هەموو ئەوانە، دەڵێ:

*بە مەرگی خۆت قەسەم، زاهید، هەموو عومرت عبوورێکە*

*مەقام و مەنزڵت، ئاخر، لەکن جەمعی قبوورێکە*

بە پێچەوانەی سووفییان و زانایانی ئیسلامەوە، ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژاوایی و ئەوروپاییەکان، سەرەتا و بنەمای سۆفیگەری دەگەڕێننەوە بۆ فەلسەفەی نوێئەفلاتوونی، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ بیری ئەریستۆتەیلس، ئەفلاتوون و پیتاگۆرس یا دەگەڕێتەوە بۆ جوولەکایەتی، مەسیحایەتی یا بوودایەتی. هەرچەندە موسوڵمانانی پێڕۆیانی سۆفیگەری بیروڕای ئەوروپایی و ڕۆژهەڵاتناسان

پەسەند ناکەن، لێ بۆچوون و ڕامان و دید و هزرین لەمەڕ بوون و خودا و سروشتبەدەر و شێوازی ژیانی سۆفییانە، لەپێش ئیسلامیشدا هەبووە و سۆفیگەری شتێک نەبووە و نییە، کە تەنێ لە ئیسلامدا هەبێت و تایبەت بێت بە ئیسلام. لەکن جوولەکە، مەسیحی، هیندۆس، بوودایی، تاویزم[51]، زەردەشتی، مەندائی، یارسان و ئێزدییەکانیش هەبووە و هەیە.

ئەوانەی لە دیندا قووڵ دەبنەوە، چڕ دەبنەوە، دڵ و دەروونیان پاک دەکەنەوە، بیر و دید و هەست و گیانی خۆیان دەپاڵێون و خاوێن دەکەنەوە، بە سادەترین و هەژارترین و خاکەراترین شێوازی ژیان دەژین. ئەوانە سۆفی بوون و سۆفین، ئیدی سەر بە هەر دینێک بن.

لەکن توێژەر و لێکۆڵەرە ئیرانییەکانیش تا ڕادەیەک، وەها بیروڕایەک هەیە، کە گوایە سۆفیگەری لەبنەڕەتدا

---

[51] تاویزم یا داویزم، لە تەنیشت کۆنفۆشیانیزم و بوودایزمەوە، یەکێکە لە سێ ئایینە/فەلسەفە گەورەکانی چین. بزاڤێکە لە سەر دەستی لاوتسو، پێنج سەدەیەک پ.ز دامەزراوە، بانگی خەڵک دەکات بۆ دوورکەوتنەوە و ڕقبوونەوە لە جڤاک و چێژ و ماددە و ژیانی کۆمەڵایەتی و سروشت و داوای خۆکەنارخستن و گۆشەگریی و سووکلێنۆڕینی جڤاک دەکات. لاوتسو، جەخت و چڕبوونەوەی لەسەر لایەنە ڕووحی و دەروونییەکەی مرۆڤ بوو، تا ئەو ڕادەیەی پاڵی بە خەڵکەوە دەنا بۆ ڕەبەنایەتی و سۆفیگەری، ڕێک بە پێچەوانەی کونفۆشیۆسەوە، کە دوای ئەو هات و جارێکی دیکە ڕێبەرایەتی جڤاکی کردەوە بەرەو ژیانی ماددی و داوای لە چینییەکان کرد بۆ چێژوەرگرتن لە ژیان و خۆشییەکانی ژیان.

لە ڕووحـی ئـایینی ئیسـلامەوە دوورە و لەپـێش هـاتنی ئـایینی ئیسـلامدا لە نێـو ئـایینی جـوولەکە و مەسـیحیدا هەبـووە و پاشـان لەڕێـگەی فارسـەکانەوە، لەکاتێکـدا ئیسلام لەناو خاکی ئێران بڵاوبووەتەوە و سپای ئیسلام چـووەتە خـاکی ئەو وڵاتەوە، لەڕێـگەی ئایینەکـانی هیندۆسـی، بـوودایی و ئـۆڵە ئاریـاییە ئێرانییەکـانەوە، گەیشـتووەتە ئەو سـپایە و ئەوانـیش لەگەڵ خۆیانـدا بردوویـانەتەوە بـۆ دورگەی عەرەبـی و بـۆ نێـو موسوڵمانان. وەک سەلماندنیک بۆ ئەو بۆچوونە، پێیان وایە پێشـەوایانی سـۆفییان، مانەنـدی حەسـەن ئەلبەسـری[52]، ئەبوهاشـم ئەسسـووفی[53]، ئیبـراهیم ئەدهەم[54]، شـەقیق بەلخـی[55] و...هەمـوو لە ئێرانـی

[52] حەسـەن ئەلبەسـری (حسـن بـن یسـار البصـري/642–728ز)، یەکـێکە لە ئیمـام و زانـا بەناوبانگەکـانی موسـوڵمانانی سـوننە و لەلایەن مـوعتەزیلە (المعتزلة)کانیشـەوە وەک نیشـانە و نموونەیەک بینـراوە. حەسـەنی بەسـری بە مامۆسـتا ڕێـبەری کۆمەڵێـک لە پێشـەنگانی تەسـەووف و بـۆ خۆیشـی بە بنیـاتنەری ڕێبـازی تەوسەووف دادەنرێت.

[53] ئەبووهاشـم ئەسسـووفی (ابوهاشـم الصـوفي)، کە (أبـو هاشـم الکوفي)یشی پێ دەگوترێ. دەوروبەری 767ز کۆچیدوایی کردووە. دەگـوترێ ئەو یەکەم کەس بـووە، کە نـاوی سـۆفی لـێ نـراوە. سـوفیان ئەسسـەوری (سـفیان الثـوري) لەبـارەیەوە گوتـوویەتی: ئەگەر ئەبو هاشم نەبووایە، من هیچم لە سۆفیگەری نەدەزانی.

[54] ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم (إبراهیم بن أدهـم/ 730-777ز)، لە بەلـخ/ ئەفغانستان لە بنەماڵەیەکی میرزادە، هـاتووەتە دنیاوە و یەکێکە لە ئەولیا و پێشـەنگانی تەسـەووفی ئیسـلامی. دەڵـێن جارێکی دەچێتە

باســتانەوە پەیــدابوون و ئەوان لە ژیــنگە و کــۆمەڵ و مێــژووی ئێرانــزەمین دوور نــین و ئەوانــن پێشــەوایانی تەســـەووفی ئیســـلامی و بەو جـــۆرە دەشـــێ ڕێبـــازە ئایینییەکـــانی ســـەردەمی ساســـانی، ئـــایینی مـــانی، بیروباوەڕی گنۆسی، ئایینی بوودایی، ئایینی مەسیحی، کە پێش ساسانی بوونە، هەموو زەمینەسازکەر بووبن بۆ تەسەووف[56]. لەکن ئۆڵەکانی دیکەی غەیرە ئیسلام، سۆفیگەری پتر ڕەوشت و کردار و شێوازێکی ژیان بووە، لێ لە ئیسلامدا، سەرباری ئەو شێوازەی ژیان، ڕامـــان و قووڵبـــوونەوە و خوێنـــدنەوە و تـــوێژینەوە و فەلســـەفەیش بـــووە. فەلســـەفە لە جیهـــانی ئیســـلامیدا، لە

---

ڕاو و شکار، دەنگێک بانگی دەکات، کە باوەڕی بە خودا و ئایینی ئیسـلام بێەزمـوونێ و ئیـدی ئەویـش ژن و منـداڵ و دەسـەڵات و ژیانی میرزادەیی و وەڵات، جێ دەهێڵێ و ڕوو دەکاتە مەککە و پاشتریش شام. جێگەی مردن و گۆڕەکەی بە تەواوی نەزانراوە، لێ باس لەوە دەکرێ، کە لە جەبلە (الجبلة) لە دەڤەری لازقییە (اللاذقية) لە سووریا نێژرابێ.

[55] شەقیق بەلخی (أبو علي شقيق بن إبراهيم الأزدي البلخي/شقيق بلخی)، یەکێکە لە زانایانی موسوڵمانانی سوننە و شیعەش پێیان وایە ئەو شـاگردی ئیمـام جەعـفەری سـادیق بـووە. لە بەڵـخ لە ئەفغانستان هاتووەتە دنیاوە. ساڵی 194ک لە تورکستان لە جەنگی کولان شەهید بووە. بەڵخ (بلخ)، لە سەردەمی پێش ئیسلامدا، نێوەندێکی ئایینی بوودایی بوو و پەرستگەی نووبەهار (نوبهار) لە بەڵخ ڕووگەی بوودابیان بوو.

[56] زرین کوب، دکتر عبدالحسین، جستجو در تصوف ایران، انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم، تهران، 1367، ص 1.

سەردەمانێکدا، وەک بەرینایی و فەزایەکی هزری کراوە بووە، هەموو ئاوەزە گرنگەکانی ئەم جیهانە، لە هەموو ئایین و گرۆ و تایەفە و زمانێکی تێدا گرد بووبوونەوە، بۆ ئەوەی کەشێکی فەلسەفەیی شارستانی تێدا دروست بێت، کە هەرچی پرسە گەورەکانی بوونە تێدا دەخرانە بەرباس و هەموو باوەڕ و گریمانە و دیدێکیشی تێدا دادگایی دەکران. مێژوویش پێمان دەڵێ، لەبەر ئەوەی کتێبە فەلسەفییە یۆنانییەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عەبباسییەکاندا، بە تایبەت لە سەردەمی خەلیفە مەئموون (786- 833ز)دا واتە: دووسەد ساڵ پاش پەیدابوونی ئیسلام کراونەتە عەرەبی، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی دەتوانین بڵێین، تەسەووف وەک ڕێباز و تەریقەت و هزرین، لە فەلسەفەی یۆنانییەوە نەگەیشتووەتە ئیسلام، بەڵام کاریگەریی هزر و فەلسەفەی ئۆڵە کۆنەکانی پێش ئیسلامیش لەسەر تەسەووف، تا ڕادەیەک دەبینرێ.

لە هەمان کاتدا کە وشەی سووفی هەر لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا هەبووە. حەسەن ئەلبەسری، کە یەکەم موسوڵمانە، شێوازی ژیانی سۆفیگەری نووسیوە، هەر ئەو شێوازەی بۆ گەیشتن بە پایە (مەقام)ە باڵاکان، کە ئەوانەی دوای ئەویش باسیان لێوە کردووە[57]و وەسفی شێوەژیانی ڕاستەقینەی سۆفیگەری دەکات، بۆ گەیشتن بەو پایەگەلە، کە لە ڕێیانەوە مرۆڤ دەگاتە خودا، دەڵێ:

---

[57] مطهري...، الإسلام...، ص201.

"له کاتی تەوافی کەعبەدا چاوم کەوت بەسۆفییێک دەستم برد و خەرجیییێکم دایێ، بەڵام لێی وەرنەگرتم، گوتی من خۆم چوار ((دانیق))م پێیە و بەشی خەرجیم ئەکات"[58]. لە سەدەی دووەمی کۆچیدا ناوی سووفی لە ئەبووهاشم ئەلکووفی نراوە "ئەو یەکەم کەسە خانەقایەکی لە ڕەملە (الرملة) لە فەلەستین دروست کرد بۆ ئەوەی دەستەیەک زاهیدانی موسوڵمان خوداپەرستی تێدا بکەن"[59]. هەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی کۆچییەوە ناوی سووفی بۆ ئەو کەسانەی، کە خوداپەرست و گۆشەگر و خۆبەکەمگر و سادە و ساکار و خاکەرا بوون بەکار براوە.

سۆفیگەری وەک شێوەی بیرکردنەوە و ڕەوشت هەر لە سەردەمی پەیامبەرەوە هەبووە، بەڵام لە سەدەی یەکەم و دووەمی کۆچییەوە وەک فێرگەیەکی ناسراو و وەک شێوەی ژیان و ڕەوتاری سۆفییانە، دەست پێ دەکات. مەبەستی سەرەکی و بنەڕەتیی سۆفییایەتی پێزانینی یەکتایی خودایە، نەک بە ڕێگەی بڕواهێنانی هۆش و ژیرییەوە بەڵکە بە ڕێگەیەکی تایبەت، کە چێژ (ذوق) و سروشتی کەسێتییە. ئەزموونی سۆفییایەتی

---

[58] وشەی دانیق (دانق)، شەشیەکی دیرهەم (درهم)ێکە و کۆی وشەکەش دەبێتە دەوانیق(دوانق). بنۆڕە: نەقشبەندی..، تەصەووف..، ل190. عمید، حسن، فرهنگ عمید، 1، تهران 1363، ل922.

[59] مطهري..، الإسلام..، ص199.

لەوەوە دەست پێ دەکات کە "بوون، هەم دەروونە و هەم ئاشکرا و بوونی ڕاستەقینەش دەروونە"[60]. ئەم دید و ژیربێژییە ئەنجامێکی زۆری لێ پەیدا بوو. لە پێش هەموو شتێکیشدا ئەوەی پێوەندی بە مەبەست و ڕێباز و پێوەندی نێوان مرۆڤ و خوداوە هەیە، بوو بە جێی باس و تێڕامان. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی مرۆڤ ناچار بێت بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە قورئان تێ بگات، بە پێچەوانەی شێوە نەریتییەکەوە. ئەم ژیربێژییەی باس کرا، بوو بە هۆی تاوانبارکردنی سۆفییایەتی بە لادان لە شەریعەت. لە واقیعدا سۆفییایەتی بۆ گەیشتن بە ڕاستی (حەقیقەت)، پشتی بە ژیربێژیی، هۆش و شەریعەت نەدەبەست. لەبری ئەوە سۆفیایەتی پشتی بەوەی پێی دەگوترێ چێژ، دەبەست.

چێژ دۆزینەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بە هۆی حاڵەتێکەوە، سۆفی خۆی تێدا دەبینێتەوە، هەموو نیشانەکانی دەگۆڕێ و بەرەو بزاڤ و گۆڕانێکی دەبا، کە لە شەریعەت دەپەڕێتەوە و دەرباز دەبێ و بەجێی دەهێڵێ، ڕوو دەکاتە ئاراستەیەکی قووڵ، ئاراستەی چوون بەرەو ڕاستی و بەرەو دۆزینەوەی خودا و بەرەو نێوەندەکیی گەردوون دەڕوات و تا ئیدی دەگاتە خودا و تێکەڵی دەبێت و تێیدا دەسووتێ و دەتوێتەوە و نامێنێ "کەواتە سۆفیایەتی تاسەی ئاشکرایە بۆ نادیار و

---

[60] أدونيس، علي أحمد سعيد، الثابت والمتحول، 2 : تأصيل الأصول، بيروت 1986، ص92.

دەروون، تاسەی لقە بۆ بنەما و گەڕانەوەی وێنەیە بۆ واتاکەی. ئەو ڕێگەیەش سۆفی دەیگرێتە بەر و پێیدا دەڕوات بۆ گەیشتن بە دەروونی خودایەتی تەنێ شێوەیەکە لە زانستی ئیمامەت (علم الإمامة) و زانستی نێو دڵی سۆفیش تەنێ شێوەیەکی دیکەی زانستی ئیمامی پێوار (الإمام الغائب)ە، کە هەمیشە لە دڵدا، واتە لە دەرووندا، ئامادەیە"[61]. مەبەست لەمەش ئەوەیە، کە سۆفییایەتی وەک زانستی ئیمامەت زانستی نهێنییەکانە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سۆفییایەتی دەبێ کۆشش و جیهاد دژی نەفس بکرێ و گیان لە ئارەزووە ئاشکراییەکان دوور خرێتەوە و لە زیندانی ڕەزامەندیی خودادا زیندان بکرێ و لە نیشانە خراپەکانی پاک بکرێتەوە و هەموو جۆرە پێوەندێکی ناپێویست بپچڕێنرێ و بە تەواوی ڕوو لە خودا بکرێت. هەر بۆیەش دەکرێ سۆفییایەتی بە فێرگەیەکی ئاکارەکی و ڕەوشت و پەروەردەی ئایینی دابنرێ.

کرۆک و فەلسەفەی سۆفیگەری، ڕەوشت و ڕێچکەی نەفسی مرۆڤە و خواستی مرۆڤە بۆ ڕاستی و گەیشتن پێی و گرێدانی دڵە بە خوداوە و ڕادەستکردنی هەموو کاروبارەکانە بە خودا و پالاوتن و خاوێنکردنەوەی دەروونە لە پیسی لەش، بۆیە سۆفی بە خاوێنییەوە بەندە، چون ئەو لە جیهان دەرباز دەبێ و دەگاتە تێکەڵبوون و توانەوە "فەنا/الفناء" لە خودادا، کە ئیدی

[61] أدونيس..، الثابت..، ص92.

ئەوە پـــلەی ورشـــە و درەوشـــانەوە "الإشراق"ـــە، کە پلەیەکی گیانەکییە سۆفی دەیگاتێ.

خوداپەرســتان و بــاوەڕدارانی موســوڵمانان لەبەر ئەوەی تێگەیشــتنی زانــا و گوتــارخوێن و فەقیهــانی ئیسـلام، لە ئیسـلام، سـۆزە ئـاینەییەکەی تێـر نەکـردن، بۆیە ڕوویان کردە تەسەووف بۆ تێرکردنی ئەو سۆزە، بەوەی لە ڕێـــی ویـــژدانەوە بـــگەنە بـــاوەڕی تەواو "یەقین/الیقـین" و ئیـدی زوهـد، سـەرەتایەک بـوو بـۆ گـرتنەبەری ڕێـگەی سـۆفیگەری و هەڵکشـان و گەشـتی ڕۆح. ســـۆفییەکان، نە هاودیـــدی خەڵـــکە موســـوڵمانە گشتییەکە بوون لە نۆڕینیاندا بۆ دنیا و خۆشی و چێژ و نە هاودیدی زانایانی شەریعەت و فیقە بوون لە هەمبەر ئـایین و نە هاودیـدی فیلۆسـۆفەکانیش بـوون لەهەمـبەر خودا و بوون و مرۆڤدا. تەسەووفی ئیسلامی شۆڕشێک بوو دژی هەموو ئەوانە.

گەلان، وڵات و جڤاکـــانی موســـوڵمان، لە مـــژارە بنەڕەتـــی و کرۆکییەکـــانی پێوەنـــددار بە بـــاوەڕ "العقیـدة"ەوە، کـۆکن، لـێ لە چـۆنیەتی پێڕۆکـردن و کردەیی ئەو باوەڕەدا، کاتێک وەردەگێڕدرێ بۆ فیقە و شـەرع و قـانوون، ئیـدی پێـک نـایەن و جـودا دەبنەوە و پاژپاژ و دابەش دەبن.

وەک هـــەموو فێرگەیـــەکی هزریـــی دیکـــە، لـــە سـۆفییایەتیدا ڕێبـاز و بیـر و بۆچـوونی جیـاواز هەیـە. لـەبارەی شـێوە و جـۆری گەیشـتن بـە ئامـانج و بڕینـی

ڕێگەی گەیشتن، هەرچەندە مەبەست و ئامانج و هیوا و بۆچوونەکانی سۆفییان و عاریفان هەر یەکن، لە هەندێ ڕووی کردەییەوە بڕێک جیاوازییان لە یەکتر هەیە. ئەو جیاوازییە کەم و بچووکانەش لە چۆنیەتی و شێوە و دەستووری ئەنجامدانی تەسەووفدا بوونەتە هۆی پەیدابوونی چەندین فێرگە لەم بوارەدا. جیاوازیی فێرگە و تەریقەتە سۆفیگەرییەکان لە جیاوازیی ڕێگە و ڕێچکە و ڕێبازەکانیانەوە هاتووە، کە مورشید و پیرانی تەریقەتەکان، لە بارهێنان و فێرکردنی شاگرد و فێرخواز و موریدەکانیاندا، بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە و بە جیاوازیی ژینگە جۆاکییەکانیشی تێیدا پەیدا دەبن و دەژین، دەردەکەون. تەواوی ئەو شێوازە جیاوازانەش لە قورئان و پەیامی قورئان و سوننەتی پەیامهێنەر، ناچنە دەر و ئەو جیاوازییانە دەکەونە خانەی ئیجتیهاد و لێکدانەوە و بیرکردنەوە و لێتۆڕین و وردبوونەوە، کە دەرکەی کراوەیە بۆ هەموو موسوڵمانان، هەر بۆیەش گوتراوە "الطرق إلى الله بعدد أنفاس الخلائق"، واتە: ڕێگەکانی نزیکبوونەوە لە خودا هێندەی ژمارەی بەندەکانی خودان، یا گوتراوە: "الطريق إلى الحقيقة تتعدد بتعدد السالكين"، واتە: ڕێگەکانی بەرەو ڕاستی هێندەی ژمارەی ڕێبواران (سالكين) جیاوازن، کە دەکەنە ئەوەی: هەر کەسەو بە کردەیەکی چاک، ڕەنگە جیاواز لە کردەی کەسێکی دیکە، لە خودا نزیک دەبێتەوە. ئەو فێرگەیانە پێیان دەگوترێن تەریقەت (ڕێباز). بۆ تێگەیشتن لە دەروون دەبێ مرۆڤ تەریقەتێک بگرێتە

بەر. تەریقەت بە دیتنی سۆفییەکان بە واتەی باوەڕ (إیمان) و شێوە و چۆنیەتی و گرتنەبەری ڕێگەی بەجێهێنانی خوداپەرستی و گوێڕایەڵی بۆ خودا و جێبەجێکردنی فەرمانی ئەو و ئەنجامدانی، بەڕاستی و دڵسۆزی و ویژدانەوە. خوداپەرستی (العبادة) لە دوو بەش پێکهاتووە:

<u>بنجی و بنەڕەتی و سەرەکی (أصلي)</u>: کە شایەتمان (الشهادة)یە: گوتنی ئەشهەدو ئەن لا ئیلاهە ئیللاڵڵا (أشهد أن لا إله إلا الله)، واتە: گەواهی دەدەم کە هیچ خودایەک نییە بێجگە لە ئەڵڵاە و باوەڕم بە خودا و پەیامبەرانی و نوێنەرانی ئەو و زیندووبوونەوە و قەزا و قەدەرە.

<u>لق و لاوەکی (فرعي)</u>: کە بریتییە لە نوێژ، ڕۆژوو، زەکات و حەج. بۆ ئەنجامدانی خوداپەرستی پێویستە مرۆڤ بە لەش خاوێن بێت و پێش هەموو شتێکیش گیانی پاک و خاوێن بێت.

**تەریقەتە سۆفی و دەروێشییەکان**

سۆفییەکان بەسەر چەند تەریقەتێکدا دابەش دەبن. تەریقەتە بەناوبانگەکانی جیهانی ئیسلامی ئەمانەن:

قادری (القادریة)، لەلایەن عەبدولقادر گیلانییەوە، کە ساڵی 1166ی ز. مردووە، دامەزراوە. وێردەکانیان بە دەنگی بەرز، بە دانیشتنەوە یا بە ڕاوەستانەوە دەخوێنن و جمووجووڵ و سەمایشی لەگەڵدا دەکەن. شێخ و مورشید لە تەریقەتی قادریدا گەرەکە سەیید بن و نەوەی ئیمام عەلی بن. پێڕۆیانی قادری لە کوردستاندا، بەسەر دەروێش و دێوانە و خەلیفەدا، دابەش دەبن. ئەو جێگەیەی شێخانی قادری و قادرییان تێیدا پێڕۆی تەریقەتەکەیانی تێدا دەکەن، پێی دەگوترێ "تەکیە".

نەقشبەندی (النقشبندیة)، لەلایەن بەهائوددین نەقشبەند (خواجە بهاءالدین محمد بن محمد نقشبند بخاری)ەوە دامەزراوە، ساڵی 1389 یا 1390ز مردووە و ئەم تەریقەتە درێژەپێدانی تەریقەتی خواجەگانە. نەقشبەندییەکان وێردەکانیان بە ڕوونیشتنەوە و بە بێدەنگی و ئارامی دەخوێنن و هەندێ جاریش بەگوێرەی بۆچوونی شێخ و ڕێبەرەکانیان بە ڕاوەستانەوە دەیخوێنن. نەقشبەندییەکان بە شوێنی پێڕۆکردنی تەریقەتەکەیان دەڵێن "خانەقا".

شازیلی (الشاذلیة)، لەلایەن ئەبولحەسەن ئەلهەزلی ئەلشازیلی (أبوالحسن الهذلي الشاذلي)یەوە، کە ساڵی

1258ز مردووه، دامەزراوە. بە ڕەچەڵەک خەڵکی وڵاتی مەغریب بووە و لە ئیسکەندەرییە ژیاوە. ئەم تەریقەتە لە مسر و وڵاتی شام بەربڵاوە. شێوەی یادکردنەوەیان (الذكر) بە تاکە، ئەڵڵا، ئەڵڵا، ئەڵڵا (الله، الله، الله) یا هووە، هووە، هووە (هو، هو، هو).

بەدەوی (البدوية)، لەلایەن شەهابوددین ئەحمەد ئەلبەدەوی (شهاب الدين أحمد البدوي)، کە ساڵی 1276ز مردووە، دامەزراوە.

کوبرەوی (الكبروية)، لەلایەن نەجمەددین کوبرا (نجم الدين كبرى)وە، کە ساڵی 1226ز مردووە، دامەزراوە.

سوهرەوەردی (السهروردية)، لەلایەن شەهابوددین ئەلسوهرەوەردی (شهاب الدين السهروردي)یەوە، کە ساڵی 1234ز مردووە، دامەزراوە.

ڕیفاعی (الرفاعية)، لەلایەن ئەحمەد ئەلڕیفاعی (أحمد الرفاعي)یەوە، کە لە کۆتایی ساڵانی 1100ز مردووە، دامەزراوە.

چشتی (الجشتية)، ئەبو ئیسحاق ئەلدیمەشقی ئەلچشتی (أبو إسحاق الدمشقي الجشتي)، کە لە سەدەی 6ک ژیاوە، دامەزراوە. ئەم تەریقەتە لەلایەن خواجە موعینوددین حەسەن ئەلسنجەری ئەلئەجمیری (خواجة معين الدين حسن السنجري الأجميري)یەوە، کە لە 627ک مردووە، لە هیندوستان بڵاو بووەتەوە.

ئەلتیجـانییە (التیجانیـة)، لەلایەن ئەبولعەبباس ئەحمەد کوڕی موحەممەد کوڕی موختار کوڕی ئەحمەد کوڕی موحەممەد سالم ئەلتیجانی (أبو العباس أحمد بن محمد بن المختار ابن أحمد بن محمد سالم التیجاني، 1737 – 1815ز)، لە ئـاوایی بەنـی تیجـین (بنـي تیجـین)، لە ئاواییەکـانی بەربەر لەدایـک بـووە و لە ئەلجەزائیـر و مەغریب دامەزراوە و لە وڵاتـانی: مسر، فلسـتین، شـام، سـوودان، دارفـۆر، مۆریتانیـا، سـەنیگال و نایجیریـا بەربڵاوە. وێردەکانیان بە دانیشتنەوە یا بە ڕاوەستانەوە و بە دەنگـی بەرز دەخـوێننەوە و هەنـدێ جـاریش بەگـوێرەی شـێخ و ڕێبەرەکانیـان ڕەنـگە جـووڵانەوە و جۆرە سەمایەکیشی لەگەڵدا بکەن.

عەدەوییە (العدویـة)، ڕابیعە ئەلعەدەوییە (رابعـة العدویـة 717 – 796ز) بە دامەزرێنەری دادەنرێ، کە بانگەشـەی بۆ پەرستنی خودا لەبەر خۆشویستنی خـودا کـردووە، نەک لەبەر ترس. ئەو دەڵێ: "من خودام لە ترسـی ئـاگر نەپەرەستووە وەک کۆیلەی خـراپ، کە لە ترسـاندا کـار دەکات، بۆ خۆشەویستی بەهەشتەکەیشی نەمپەرستووە، کە وەک کرێکارێکی خراپ بم، ئەگەر پارەیان پێدا، کـار

بکات، بەڵکە خودام پەرستووە، چونکە خۆشم ویستووە و تاسەم بۆی هەبووە"[62].

<u>ئەسسنووسییە (السنوسیة):</u> بزاڤێکی سەلەفی سۆفییایەتی بیرازکارە، دەگوترێ، کە کاریگەریی بیروباوەڕی موحەممەد کوڕی عەبدولوەهاب (محمد بن عبدالوهاب)ی لەسەرە. لە لایەن شێخ موحەممەد کوڕی عەلی ئەسسنووسی (الشیخ محمد بن علي السنوسي/ 1787 - 1859)یەوە، کە لە ئەلجەزائیر لەدایک بووە و لە لیبیا مردووە، دامەزراوە. لە لیبیا و مسر و سوودان و سۆمال و ئەلجەزائیر و شوێنی دیکەش بەربڵاوە. یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی سەر بەم تەریقەتە، شەهید عومەر ئەلموختار (عمرالمختار)ە[63].

<u>بیکتاشی (البکتاشیة)</u>، کە حاجی بیکتاش (حاج بکتاش) یا ئەحمەد یەسەڤی (أحمد یسوی)، کە ساڵی 1166ز مردووە بە دامەزرێنەری دادەنرێ.

---

[62] االفوتي، الشیخ أحمد التیجاني، التصوف الإسلامي، مبادئه ومقاصده وغایاته، الطبعة الثانیة، دارالتجاني المحمدي، تونس،1987، ص60.

[63] عومەر ئەلموختار (عمرالمختار/ 1856– 1931)، شۆڕشگێڕێکی لیبیایی بوو ماوەی بیست ساڵان دژی داگیرگەرانی ئیتالی جەنگا و لە ساڵی 1931دا و لەتەمەنی 75 ساڵیدا لە لایەن ئیتالییەکانەوە لەسێدارە درا.

مەولەوی (مولوی)، کە ناوەکەی لە مەولانا جەلالوددینی ڕوومییەوە، کە ساڵی 1273ز مردووە، هاتووە.

نیعمەتوڵڵاهی، لەلایەن نیعمەتوڵڵا وەلی (نعمة الله ولی ماهانی کرمانی)یەوە کە ساڵی 1431ز مردووە، دامەزراوە و ئەمیش خەرقەی لە شێخ عەبدوڵڵا یافیعی (الشیخ عبدالله یافعی)یەوە وەرگرتووە، کە دەچێتەوە سەر جونەیدی بەغدادی. ئەم تەریقەتە تەریقەتێکی سۆفیگەری شیعەیە و دەگەڕێتەوە سەر ئیمامزادەکانی نەوەکانی پەیامهێنەر. ئەمانیش بە شێوازی دڵەکی و دەروونی (قلبي/خفي) یادکردنەوە، زیکر دەکەن و هەندێ جاریش بەگوێرەی شێخ و ڕێبەرەکانیان وەک تیجانییەکان، وێردەکانیان بە دانیشتنەوە یا بە ڕاوەستانەوە و ڕەنگە جووڵانەوە و جۆرە سەمایەکیشی لەگەڵدا بکەن یادکردنەوە دەکەن.

ئەلخەتمییە (الختمیة): ئەم تەریقەتە لەلایەن موحەممەد عوسمان ئەلمیرغەنی ئەلمەجووب (محمد عثمان المیرغني المحجوب/ 1838 - 1898)ەوە دامەزراوە، نازناوی خەتم (الختم)، واتە: کۆتایی هەبووە، کە مەبەست لێی، کۆتا یا دوا وەلییە لە ئەولیاکان. ئەم تەریقەتە لە مەککە و تائیف (الطائف)ەوە سەریهەڵدا و لە مسر و سوودان و ئیریتریا و ئیسیووپیادا، بڵاوبووەوە.

ویڕای ئەو تەریقەتە بەناوبانگانە چەندین تەریقەتی دیکەش هەن وەک: ئەکبەری (الأکبریة)، مەلامەتی

(الملامتیـة)، سـتووحی (السـطوحیة). عەلەوی (العلویـة)، بورهـــانی (البرهانیـــة)، نووربەخشـــی (النوربخشـــیة)، عەیدەرووســـی (العیدروســـیة)، مەهـــدییە (المهدیـــة)، خەڵـوەتی (الخلوتیـة)، ئیدریسـی (الادریسـیة)، ڕەشـیدی (الرشـیدیة)، جزوولـی (الجزولیـة)، فەرغەلـی (الفرغلیـة)، سالیمی (السالمیة)، موشەعشەعی (المشعشعیة)، عەزمی (العزمیـة)، مەداری (المداریـة) و شـابیی (الشـابیة) و... وەک چـۆن تەکـیە و خانەقـا جـێگەی خڕبـوونەوە و خوداپەرسـتی قـادری و نەقشـبەندییەکانن، لە هەنـدێ وەڵات وەک مەغریـب و تـوونس و ئەلجەزائیـر زاویە (زاویة، زوایا)یان هەیە.

# تەریقەتی نەقشبەندی

## ئەلف. پاشخانێکی مێژوویی:

نەقشـبەندی تەریقەتێکـە بـە نـاوی خواجـە بـەهائوددین موحەممـەد نەقشـبەند بوخـارایی (1318- 1389/1390ز /717- 791ک)یـەوە نـاو نـراوە، بـەڵام بـەهائوددین دامەزرێنـەری تەریقەتەکـە نییـە، بەڵکـە تەریقەتەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ تەریقـەتی خواجـەگان و درێژەپێـدان و بەردەوامیی ئەو تەریقەتەیە[64] کە دەگەڕێتەوە بۆ خواجە عەبـدولخالیق غوجـدوڤانی و یووسـف هەمـەدانی. تەریـقەتەکە، تـێکەڵەیەکە لە پێـڕۆ و پەروەردە و دیـد و ئامۆژگارییەکـانی، خواجـە عەبـدولخالیق غوجـدوڤانی و خواجە بەهائوددین نەقشبەند، کە لە ماوەیەکی کەمدا لە دەڤەرەکانی ماوەرائەننەهر (ما وراء النهر) و خوراسـان، برەوی پەیدا کرد.

---

[64] بخـارایی، محمـد بـن محمـد پارسـائی، قدسـیه، کلمـات بهاءالـدین نقشبند، ترجمه وتعلیق محمد طاهر عراقی، تهران 1354، ل9.

خواجە بەهائوددین کوڕی موحەممەد نەقشبەندی بوخارایە و بە "شاهی نەقشبەند" بەناووبانگە، لەساڵی 1318ز، لە قەسری عاریفان یا قەسری هیندوڤان، کە یەکێک لە گوندەکانی بوخارا بووە، لەدایک بووە. هەندێک سەرچاوە بەهائوددین بە یەکێک لە سەییدە حوسەینییەکان (نەوەکانی ئیمام حوسەین) دەژمێرن. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا گەیشتووەتە دیداری خواجە موحەممەد بابای سەمماسی، کە شێخی سۆفییانی خواجەگانیی بووە. باپیری (باوکی باوکی) یەکێک بووە لە مورید و پێڕۆیانی خواجە سەمماسی. دوای مردنی سەمماسی(755ک) بەهائوددین ڕۆیشتووە بۆ سەمەرقەند. لەئەنجامدا گەیشتووەتە لای سەیید ئەمیر کولال، کە جێنشینی خواجە سەمماسی بووە و لەوەوە فێری یادکردنەوە (زیکر، ذکر) بووە و خزمەت و خەبات (مجاهدە)یێکی زۆری کردووە. بەهائوددین لە ژیانی خۆیدا بۆ گەڕان (سیر) و ڕەوشت (سلوك) و دیداری شێخان، سەفەری شار و گوندانێکی زۆری لە خوراسان و ماوەرائەننەهر (ما وراء النهر Transsoxania) کردووە. لە کتێب و نووسینگەلێک، کە بەهائوددین نووسیونی و لێی بەجێماون ئەمانەن: قودسییە (قدسیة)، ئەلئەوراد ئەلبەهائییە (الأوراد البهائیة)، ئەوراد سەغیر (أوراد صغیر)، ئەلواردات (الواردات) و دەلیلولعاشیقین (دلیل العاشقین). لە ساڵی 1389ز کۆچیدوایی کردووە و هەر لەو گوندەی تێیدا هاتووەتە دنیاوە، بەخاک

ســـــپێردراوە. دەیـــــان هـــــەزار موریـــــد و پێڕۆیـــــانی تەریقەتەکەی، لـە دووی خۆی بەجێهێشـتووە. لـە بـارەی وشـەی نەقشبەندییەوە دەگوترێ کە "بەهائوددین بەهۆی زۆر یــاد (ذکر)کردنییــەوە گەیشــتووەتە پلەیــەک، کــە وشــەی ئــەڵڵا (اللـه) لــە دڵیـدا چەسـپیوە و نــەقش بـووە، بۆیەکە شاعیرێکی نەقشبەندی گوتوویەتی:

ای بـــرادر در طریـــق نــقشبند

ذکر حق را در دل خود نقش بند"[65]

واتە: (ئەی برای سـەر ڕێگـەی نەقشـبەند، نەخشـی یـادی خـودا لـە دڵتـدا بچەسـپێنە). وشـەی نەقشـبەند، حـاڵەتی بــکەرە و دەکــاتە: ئەو کەســەی نەخــش دەکــات، واتە: نەخشکار و نیگارکێش و زێڕنگەر و نازککار و گوڵدۆز و کەسـێک کـاری ڕازانـدنەوە دەکـات. شـێخ موحەممـەد ئەمین ئەلکوردی لە کتێبی "تنویر القلوب في معاملة علام الغیوب"دا دەڵێ: "نەقشبەند بـە واتـەی گرێدان و لکانـدنی نەقشــە و نەقشـیش وێنـەی مـۆرە، کـاتێ کـە دەدرێ لـە سەر مۆم یا شتێکی دیکەی لەو بابەتە و پێوەنووسـاندن و چاپبوونیشـــــی دەکاتـــــە مانـــــەوەی هەمیشـــــەیی و لانــەچوونی"[66]. کەواتــە بــەهائوددینی نەقشـبەند نـاوی خـودا (اللـه = ئـەڵڵا)ی لـە دڵـی خۆیـدا هێنـدە گوتـووە و چەنـدپاتەی کردووەتــەوە، تـا دڵـی کـاری تـێ کـراوە و

---

[65] بخارایی.., قدسیه.., ص45-46.

[66] بخارایی.., قدسیه.., ص46.

دەربڕینی (الله)، لە دیوی دەرەوەی دڵیدا چەسپیوە و پێوەی نووساوە. دەگوترێ، بەهائوددین کە پێیشی گوتراوە شاهی نەقشبەند، ناوی نەقشبەندی لێ نراوە چونکە "جۆلا، نەخشدانەر یا شاگرد بووە لە ئاسنگەری یا کانزادا"[67].

خواجە بەهائوددینی نەقشبەند پەروەردەی گیانەکی (تربیت روحانی) عەبدولخالیق غوجدوڤانییە و ئەو کاری تێ کردووە، هەر لەبەر ئەوەشە، کە تەریقەتی نەقشبەندی لەسەر بنەمای دید و هزرەکانی خواجە عەبدولخالیق غوجدوڤانی بنیات نراوە[68]. خواجە عەبدولخالیق غوجدوڤانی (کە 1220ز/ 575ک مردووە)، هاوتەمەنی خواجە بەهائوددینی نەقشبەندی بووە و لە شێخەکانی ماوەرائەننەهر بووە. ئەوە، کە یاسا و ڕێسا و ڕێنوێنییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی داڕشتووە و زنجیرە (سلسلة) و ڕەچەڵەکی بۆ تەریقەتەکەی داناوە و گێڕاویەتییەوە سەر یەکەم خەلیفەی ڕاشیدین، ئەبوبەکری سددیق. دەستەواژەی خواجەگان دەگەڕێتەوە بۆ خواجە عەبدولخالیق غوجدوڤانی. هەشت بنەما لە یازدە بنەماکانی نەقشبەندی دەگەڕێنەوە بۆ ئەو (عەبدولخالیق غوجدوڤانی). ئەو لە گوندی غوجدوڤان لە نێزیکی بوخارا لە دایک بووە. بە بنەچە دەگەڕێتەوە

---

[67] Algar, Hamid, “The Naqshbandi Order: a preliminary survey of its history and significance”, Studia islamica 42(1976). p. 137.

[68] بخارایی...، قدسیە...، ص34.

سەر ئیمام مالیک. لە تەمەنی 22 ساڵیدا لەسەر دەستی خواجە یووسف هەمەدانی (440 - 535ک) لە بوخارا تەریقەتی وەرگرتووە و چوارەم خەلیفەی خواجە هەمەدانی بووە. عەبدولخالیق "لە سۆفییە میانڕەوەکان بووە. پەیڕەوی سوننەت و شەریعەتی کردووە. دژی یادکردنەوەی جەهر[69] بووە و تەنێ یادکردنەوەی خەفیی[70] بە یادکردنەوە دادەنا"[71]. چەند نووسینێکی لێ بەجێ ماون وەک: وەسایا (وصایا)، نەسایح (نصایح).

---

[69] یادکردنەوەی بەدەنگ و ئاشکرا.

[70] یادکردنەوەی بێدەنگ و دڵەکی.

[71] بخارایی..، قدسیە..، ص34.

**بێ. زنجیره (سلسلة، کرسی‌نامه)**

بەگوێرەی زنجیره و ئەو مێژووەی نەقشبەندییەکان بۆ خۆیان دایانناوه، تەریقەتەکەیان لە ئەبوبەکر ئەلسددیق (أبوبکر الصدیق)ەوه دەست پێ دەکات و پاشماوەی ئەوه و ئەو تەریقەتەش "لە ئەبوبەکر ئەلسددیقەوه تا ئەبو یەزید تەیفوور ئەلبەستامی (بایزید البسطامي) پێی دەگوترا سددیقییه (صدیقیة) و لە بایەزید ئەلبەستامییەوه تا عەبدولخالیق غوجدوڤانی پێی دەگوترا تەیفوورییە (طیفوریة) و لە عەبدولخالیق غوجدوڤانییەوه تا بەهائوددین نەقشبەند پێی دەگوترا غوجدوڤانییه (غجدوانیة) و لە بەهائوددین نەقشبەندەوه تا شێخ ئەحمەد سەرهندی پێی دەگوترا نەقشبەندییه (نقشبندیة) و لە شێخ ئەحمەد سەرهندییەوه تا شێخ خالید شارەزووری پێی دەگوترا موجەددیدییه (مجددیة) و لە مەولانا خالیدەوه و دواتر پێی دەگوترا خالدییە

(خالدية)"[72]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە ناوی تەریقەتەکە بە پێی کات و سەردەم و ئەو کەسەی سەرپەرشتیی تەریقەتەکەی کردووە، گۆڕاوە. من پێم وایە ناوگەلێکی وەک سددیقییە و تەیفوورییە، لە سەرەمی خۆیاندا، هەرگیز لە ئارادا نەبوونە، بەڵکە ئەو ناوانە دواتر دۆزراونەتەوە. بەڵام لە یووسف هەمەدانییەوە تا عەبدولخالیق غوجدوڤانی و دواتر تا بەهائوددین نەقشبەند، تەریقەتەکە ناوی غوجدوڤانییەی لێ نراوە و لە بەهائوددین و دواترەوە پێی گوتراوە نەقشبەندی یا نەقشبەندییە. بوخارا، یەکەم مەڵبەندی نەقشبەندییەکانە و ئەم تەریقەتە، کە لە پەیامبەرەوە لە مەدینە و دەشتایی بەتحا (بطحاء)ی عەرەبییەوە دەستی پێ کردووە. بۆ جاری دووەم لە بوخارا سەری هەڵداوە. وەک جامی[73] لە بارەی خواجە بەهائوددینەوە دەڵێ:

---

[72] Hourani, Albert: The Emergence of the modern Middle East, Macmillan, 1981, p.77.

[73] نوورەددین عەبدوڕەحمان کوڕی ئەحمەد کوڕی موحەممەد (نورالدين عبد الرحمن بن احمد بن محمد 1414- 1492)، ناسراو بە جامی، گەورە شاعیر و ئەدیب و مووزیکزان و سووفی (تەریقەتی نەقشبەندی) ئێرانی بووە. لە (جام) سەر بە خوراسان لەدایک بووە و لە "هیرات" لە ئەفغانستان مردووە. لە دوای سەعدی (سعدی) و مەولەوی ڕوومی (مولوی رومی) و نیزامی (نظامی)، بە گەرەترین شاعیری ئێرانی دادەنرێت، هەر بۆیە نازناوی خاتەمولشوعەرا "خاتم الشعراء"ی پێ دراوە. کۆمەڵێک بەرهەمی هێژای لە دوای خۆی جێهێشتووە، ناسراوترینیان بەهارستان (بهارستان) و مەسنەوی هەفت ئاوڕەنگ (مثنوی هفت اورنگ)ن.

سکه که در یثرب و بطحا زدند

نوبــت آخــر بــه بــخارا زدنــد[74]

تەریقەتی نەقشبەندی، لە دەسپێکدا، لە بوخارا، لە نێو خەڵکی چینی نێوەندی شاردا بڵاو بووەوە. بازارییان، بازرگانان، قەسسابان، جامبازان، کاسبکاران و خاوەن پیشەکان، پێڕۆیانی ئەم تەریقەتە بوون. دواتریش هەندێک لە گوندییانی دەوروبەر لەم تەریقەتە خڕبوونەوە. لە دەورانێکی دواتریشدا، خەڵکانێکی سەر بە چینە باڵاکانی کۆمەڵ، میر و دەوڵەمەند و دارا و خاوەن موڵک و پیاوانی ئایین، ڕوویان لەم تەریقەتە کرد و تێوەی ئاڵان، دەنا لە سەرەتادا تەنیا خەڵکانی سەر بە چینەکانی خوارێی کۆمەڵ، لەگەڵ تەریقەتەکەدا بوون، تەنانەت خواجە بەهائوددین بۆ خۆی کاسبکار بووە و باوکی خواجە سەعدەددین کاشغەری (سعدالدین کاشغری)، کاری بازرگانی کردووە. ئەم دیاردەیە لە زۆربەی شوێنەکاندا دەبینرا. هۆکارێکی سەرەکی بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە نێو ئەو هەموو خەڵکە جیاوازەدا و بەو فرەوانییە، دەگەڕێتەوە بۆ خاکەرایی و میانڕۆیی و سادەیی پێڕۆیان و سۆفییانی ئەم تەریقەتە.

پرۆفێسسۆر بوو ئویتاس (Bo Utas)[75] دەڵێ: "ڕەگوڕیشەی تەریقەتی نەقشبەندی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو

---

[74] بخارایی..، قدسیه..، ص20.

فراژووتنـه سـۆفییایەتییەی لـه خوراسـان لـه سـەدەی دەیەمـدا دەسـتی پـێ کـرد. شـارەیلێکی وەک نیشـاپوور، هـەرات و مـەرو دواتـر بوونـه نێوەنـدی سـۆفییایەتی و پێوەنـدی برایـەتی و لەوانەشـه ئـەو شـوێنانه بووبێتنـه هۆی بڵاوبوونەوەی زۆربەی تەریقەتـه سـۆفیگەرییەکان. بێگومـان ئەمـەش زۆر لـەپێش پەیـدابوونی تەریقـەتی نەقشـبەندیدا هـەبووە"[76]. کـارتێکردنی ئـەم فراژووتنـە، کـارێکی وای کـرد، کـه "سـۆفییایەتی لـەوێ بەسـەر دوو بەشـی سـەرەکیدا دابـەش بـوو و هـەردوو بەشـەکانیش دەگەڕێنەوە سەر یووسف هەمەدانی"[77]، بەم شێوەیە:

یووسف هەمەدانی و لەویشەوە بۆ:

1. ئەحمـەد یاسـەڤی، تەریقـەتی بیکتاشـی لـەوەوە دەستی پێ کردووە.

2. عەبـدولخالیق غوجـدوڤانی، تەریقـەتی خواجـەگان لـەوەوە دەسـتی پـێ کـردووە و بـەردەوام بـووە تـا بـەهائوددین نەقشـبەند و تەریقەتەکـه پێـی گـوتراوە نەقشبەندی.

---

[75] پرۆفێسـۆر بـوو ئویتـاس (Bo Utas)، ئێرانناس و مامۆسـتای زمانـانی ئێرانـی و سـەرۆکی بەشـی ئێرانناسـییە، لـه ئەنیسـتیتووی زمانانی ئەفریقایی- ئاسیایی، له زانستگەی ئوپسالا له سوێد.

[76] Utas, Bo, The Naqshbandi in central Asia (Lunch talk for the committee on Inner Asian & Altaic, Studies at the Faculty Club, Harvard Univercity) 2 March 1988, p.6.

[77] Hourani, Albert: The Emergence of the modern Middle East, Macmillan, 1981, p: 77.

**پێ. ڕەگوڕیشەی تەریقەتەکە:**

نەقشـــــبەندییەکان، وەک هـــــەموو تەریقەتـــــە سۆفییایەتییەکانی دیکە، پەیامبەر موحەممەد بەو کەسە دەژمێرن، کە هەموو تەریقەتەکانی لێوە هاتوون. ئەویش ســەرەتا و دەســپێکی تەریقەتەکەیانــە. یەکســەر دوای پەیامبەر، زنجیرە دەبێتە دوو بەشەوە. نەقشبەندییەکان بــە پێچەوانــەی هــەموو تەریقەتــەکانی دیکــەوە، کــە دەگەڕێنەوە سەر ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیب ( 600–661ز) تەریقەتەکەیــان دەگێــڕنەوە ســەر ئەبــوبەکری سددیق (573–634ز) و خۆیان بە سددیقی (بەکری) دادەنێن[78]. زۆربەی تەریقەتەکان دەگەڕێنەوە سەر ئیمام عــەلی، چونکــە عــەلی ئــەو کەســەیە، کــە پەیامبــەر لــە بارەیەوە گوتوویەتی: "أنا مدينة العلم وعلي بابها" واتە: مــن شــاری زانســتم و عــەلییش دەرگاکەیــەتی. گەلــێ

[78] Utas., The Naqshbandi., p.7.

سەرچاوە لەمەڕ سۆفیگەری، ئیمام عەلی، بە دەسپێک و مامۆستای تەسەووف دادەنێن و ئەویش حەسەن ئەلبەسری (حسن البصري) فێرکردووە و لەویشەوە گەیشتووەتە داوود ئەلتائی (داود الطائي) و لەویشەوە بۆ جونەید (جنيد)، کە شێخی تایەفەکە بووە و لەویشەوە ئیدی لق و چڵی لێ بووەتەوە و بەنێو هەڤاڵانیاندا تەسەووف بڵاوبووەتەوە[79]. لووی ماسینیۆن دەڵێ: "ڕێبوارانی ڕێگەی خودا لە سەردەمانێکی پێشوودا و لە سەدەکانی سەرەتادا بە ناوی تەسەووفەوە نەدەناسران، بەڵکە دەستەواژەی سۆفی لە سەدەی سێیەمدا بەناوێ بوو و یەکەم کەسێکیش لە بەغدا بەو ناوەوە ناسرا عەبدەکی سۆفی[80] بوو، کە لە گەورە

[79] الفوتي...، التصوف...، ص36.

[80] عەبدەکی سۆفی (عبدك الصوفي)، ناوی عەبدولکەریم بووە، دواکەسی گرۆیەکی نیوە شیعە و نیوە سۆفی بووە، کە لە کووفە دامەزراوە. زۆرجارانیش بە توندڕۆیەکی شیعە دانراوە. عەبدەک پیاوێکی زاهید و گۆشەگر بووە. یەکەم کەسێکە ناوی سۆفی لێ نرابێ، کە لەو دەمەدا بە هەندێ لە زاهیدانی کووفە و دەستەیەکی شۆڕشگێڕ لە ئیسکەندەرییە، دەگوترا. عەبدەک، لە پێشدا ڕێبەری دەستەیەکی زندیق بووە، کە بانگەشەی حەرامبوونی هەموو دنیایان دەکرد و پێیان وابوو مامەڵە لەگەڵ خەڵکەکەیشیدا حەرامە و نابێ مرۆڤ بێجگە لە بەشی بژیوی خۆی هیچی دیکەی لێ ببات. عەبدەک گۆشتی نەدەخوارد. ساڵی 825ز مردووە.

شـــێخان و ســـــەرەتاکانیان بـــوو و ئەو پـــێش بیشـــر ئەلحافی[81] و ئەسسەری ئەسسەقەتی بوو".

نەقشبەندییەکان، هەندێ جاریش، زنجیرەی خۆیان دەگێڕنـــەوە، هـــەم بـــۆ عـــەلی و هـــەم بـــۆ ئەبووبـــەکر. دەیگێڕنـــەوە بـــۆ عـــەلی، چونکـــە ئـــەو نێزیکتـــرین کەســـی پەیامبـــەر و یەکـــەم ئیمـــام و دەرگـــای زانســـت و... بـــووە، دەیشیگێڕنەوە بۆ ئەبووبەکر، چونکە ئـەو، ئـەو کەسـەیە، کـە خـودا لـە بارەیـەوە گوتوویـەتی: ﴿ثَانِيَ ٱثۡنَيۡنِ إِذۡ هُمَا فِي ٱلۡغَارِ﴾[82]، واتە: (دووەمی دووان[83] کە لە ئەشکەوتدان) و بە ناوی "یاری غار"، واتە: یار یا هاوڕێی ئەشکەوت، ناو براوە، چونکە کاتێک، پەیامبـەر لـە مەککـەوە بۆ یەسـرب (یثرب) کۆچی کرد، کە پاشان نـاوی (مەدینـە)ی لـێ نـرا، سـێ ڕۆژان لـەنێو ئەشـکەوتی چیـای ئەلسـەور (جبـل الثـور)دا خـۆی شـاردووەتەوە، تاکەکەسێک، کـە لەگـەڵ پەیامبەردا بووە، ئەبووبـەکر بـووە. لـە مـاوەی ئـەو سـێ ڕۆژەدا، پەیامبـــەر ئـــەوەی، لـــە زانســـتی دەروونـــی و نهێنییـــەکانی زانیـــوە، بـــە ئەبووبـــەکری نیشـــان داوە.

---

[81] بیشر ئەلحافی (بشـر بن الحارث بن عبد الرحمن بن عطاء بن هلال بن ماهان بن عبد الله المروزي أبـو نصر/بشـر الحافي/767-841ز). لە مرڤ (مرو) هاتووەتە دنیاوە و لە بەغدا مردووە. یەکێک بووە لە سۆفییە ناودارەکانی سەدەی سێیەم. کەوش و سـەرپێی(بە عەرەبی: نعل) لەپێ نەدەکرد و هەمیشە پێخاوس بوو.

[82] القرآن الكريم، سورة التوبة، الآية40.

[83] دووان واتـە: پەیامبـەر و ئەبووبـەکر و مەبەسـت لـە دووەمـیش ئەبووبەکرە.

پەیامبەر لەمەڕ ئەم ڕووداوەوە دەڵێ: "ما صب الله شيئا في صدري إلا وصببته في صدر أبي بكر"، واتە: ئەوەی کە خودا هەڵیڕشتبێتە نێو سینگی منەوە، منیش هەڵمڕشتووەتە سینگی ئەبووبەکرەوە[84]. هەمان شت لە بارەی عەلییشەوە دەگوترێ، چونکە ئەگەر ئەو دەرگەی زانست بووبێت ئەوە دەکاتە ئەوەی، کە ئەو هەموو نهێنییەکانی زانیوە. ئەو زنجیرەیەی نەقشبەندییەکان بۆ خۆیان دایانناوە و دەیگێڕنەوە سەر پەیامبەر بەم شێوەیە:

ئەو زنجیرەیەی، دەگەڕێتەوە سەر عەلی، پێی دەگوترێ زنجیرەی زێڕ (سلسلة الذهب)، چونکە بە زنجیرەی ئالولبەیت/ئەهلولبەیت (آل البيت/أهل البيت)دا، واتە:ماڵباتی ئیمام عەلی و پەیامهێنەردا دەڕوات[85].

---

[84] Habib., Madelain, Some notes on the Naqshbandi order, The Kurdish World, Vol L1X, 1969:1. p.40.

[85] ئایینی ئیسلام، وەک هەموو ئایینەکانی دیکە، پەیامێکە بۆ مرۆڤ. ئەوەیشی ئەو پەیامەی بە مرۆڤ گەیاندووە، پەیامهێنەرە، واتە: پەیامهێنەری ئیسلام موحەممەد. هەر لە سەرەمەرگی پەیاهێنەری ئیسلام (موحەممەد)دا و لە کاتی گیانەڵلایدا و لە خڕبوونەوەی سەقیفەی بەنی ساعیدە (سقيفة بني ساعدة)ڕا، ئیدی ئیسلام، وەک پەیام، واتای خۆی لەدەست دا و گۆڕا و بوو بە سیاسەت و دەوڵەتداری و فەرمانڕانی و نەتەوەپەرستی و هۆزگەرایی و دامەزراوە و پارەوپووڵ و ململانێی هەموجۆر. ئیسلام لای پەیامهێنەر، پەیام بوو و لەگەڵ نەمانی ئەویشدا، ئەو پەیامە لە سەردەمی هەرسێ خەلیفەکانی، یەکەم و دووەم و سێیەمی دوای پەیامهێنەر، کە بە خەلیفەکانی ڕاشیدون (الخلفاء الراشدون) ناویان

دەرکردووە، بوو بە دەسەڵات و فەرمانڕانی. لە دوای پەیامهێنەر تاکە کەسێک، کە ئیسلامی وەک پەیام تەماشا دەکرد و درێژەی بە ڕێبازە پەیامهێنەرییەکەی موحەممەد دەدا و دەبوو جێگری وی بووایە، ئیمام عەلی بوو. ئیمام عەلی باوەڕی بە دەوڵەت و دەسەڵات و فەرمانڕانی نەبوو. کاتێک عوسمانی کوڕی عەففان (عثمان بن عفان) دەکوژرێت و داوا لە عەلی دەکەن ببێتە خەلیفە، عەلی پێیان دەڵێ: واز لە من بهێنن و داوا لە کەسێکی دیکە بکەن "دعوني وإلتمسوا غيري". هەر لەمەڕ دنیا و دەسەڵاتەوە دەڵێ: ئەم دنیایەی ئێوە لای من لە پژمەی/ تڕی بزنێک بێبایەخترە "دنياكم هذه أزهد عندي من عفطة عنز". یا دەڵێ: ئەم دنیایەی ئێوە لای من لە گەڵایەک کە بە دەمی کوللەیەکەوەیە و دەیکرمێنێ، سووکترە "دنياكم عندي لأهون من ورقة في فم جرادة تقضمها". عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (عبدالله بن عباس) دەڵێ: لە زیقار (ذي قار) چووم بۆ لای ئیمام عەلی، کاتێک خەریکی پینەکردنی سەرپێییەکانی بوو، پێمی وت: ئەم سەرپێییانە چ بەهایەکیان هەیە؟ گوتم: هیچ. گوتی: بە خودای لای من لە فەرمانڕانی ئێوە خۆشەویستترە "والله، لهي أحب إلي من إمرتكم...". تەسەووف، کە ڕەوت و بزاڤ و ڕەوتارێک بێت، تەواوی دنیاپەرستی و سامان و دەسەڵات و چێژی ژیان و خۆشی و هەموو شتێکی پێوەندیدار بە ژیانەوە، ڕەد بکاتەوە و ئایین لەکنی پێوەندی تاک و خودا و کردەی تاک بێت بە تەنیا، ناشێ و ناکرێ و عەقڵگر نییە، کەسێکی دیکەی بێجگە لە ئیمام عەلی، کە دنیا و دەسەڵات بە لایەوە بایەخی سەرپێییەک و تڕی بزنێک و گەڵای دەم کوللەیەکی نەبووە، سرووشبەخش و ڕێبەر و سەرمەشق و دامەزرێنەری بێت. بێجگە لە پەیامهێنەر و ئیمام عەلی، دواتریش ئیمام حوسەین، کە لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە، هەرگیز هیچ خەلیفە و فەرمانڕانێکی دیکەی ئیسلام شایستەی ئەوە نییە، بە سەرەتای بیری تەسەووف دابنرێت.

لـە کاتێکـدا، کـە نەقشـبەندییەکان و گشـت تەریقەتـە سـۆفیایەتییەکانی دیکـە، مەسـەلەی زنجیرەیـان، زۆر لا مەبەستە و گرنگە و شانازی پێوە دەکەن، بـەهائوددینی نەقشـبەند، کـە دەکـرێ بـە دامەزرێنـەری تەریقـەتی نەقشبەندی دابنرێت، بـە زنجیرە، کـە "کورسینامە"یشـی پـێ دەگوترێت، هـیچ نـرخ و بایـەخ و گرنگییـەک نـادات. بـەهائوددین دەیگـوت: "در راه تهـذیب و کمـال آدمـی از سلسله کاری برنیاید، از خود باید طلبید و در خود باید جست"، واتە: (لە ڕێگەی پاکژبوونەوە و کەماڵدا، مرۆڤ لە زنجیرە شتێک وەدەست ناهێنێت، دەبێ لـە خۆی داوا بکـات و لـە نێـو خۆیـدا منـەی ئەوانـە بکـات)، کاتێـک کەسێک لێی پرسیبایە "زنجیرەی ئێوە دەگاتـەوە کوێ؟ پێدەکـەنین و دەیـانگوت: بـە زنجیـرە کـەس بـە هـیچ جێگەیەک ناگات" [86]. لە ڕاستیدا بەهائوددین نەقشبەند، ئوەیسـی یـا عوەیسـی (عویسـی) بـووە. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێ، ئەمیش وەک وەیسی قەرەنی (عويس القرني)، کە چۆن هەر لە دوورڕا و بەبێ ئەوەی پەیامبەر ببینێت، عاشقی بووە و بووە بە موسوڵمان و بڕوای بـە ئـایینی ئیسـلام و پەیامبـەر هێنـاوە و بـە گیـان پێـوەی (بـە پەیامبـەرەوە) بەنـد بـووە. بـەهائوددینیش بـەو شـێوەیە سـۆفی بـووە و چ گرنگییـەکی بـە زنجیـرە نـەداوە و تەریقـەتی ئـەو تەریقـەتی جەزبـە (حەپەسـان= جذبـة Ecstasy) بـووە. جارێکیـان کەسـێک لـە بـەهائوددین

[86] بخارایی...، قدسیه...، ص10.

دەپرسێ، ئایا دەروێشایەتی ئەو، بەرۆگرییە (بۆماوەییە، میراتییە = موروثة)، یا بەهرەگرییە (شتێکە کە بۆ خۆی وەدەستی هێناوە = مکتسب)؟ بەهائوددین لە وەرامدا دەڵێ: "بحکم جذبة من جذبات الحق توازي عمل الثقلین باین سعادت مشرف گشتم"[87] ، واتە: (بە کاریگەریی

[87] بخاراییی...، قدسیە...، ص29. سەقەل (ثقل): بە واتای گەنج یا هەر شتێکی بەهادار و بەنرخ. مەبەستیش لە وشەی سەقەلەین (ثقلین) قورئان (کتێبی خودا) و ئالولبەیت (ئالی پەیامبەر= ماڵباتی پەیامبەر)ە، ئەمەش ئاماژەیەکە بو حەدیسي پەیامبەر لە گوتەی حەجی دوعاخوازی و خواحافیزی (حجة الوداع)دا کە بە گوتەی ئەلغەدیر (الغدیر= گۆلاو)یش بەناوبانگە، دەڵێ: "إني تارک فیکم الثقلین: کتاب الله وعترتي أهل بیتي ما إن تمسکتم بهما لن تضلوا بعدي أبدا" واتە من دوو گەنجم بۆ بەجێهێشتوون: کتێبی خوا و ماڵباتی خۆم، ئەگەر پێڕۆی هەردووکیان بکەن دوای من هەرگیز وێڵ نابن. بۆ واتەی سەقەل، بگەڕێوە بۆ: لجنة التألیف، مؤسسة البلاغ، أهل البیت مقامهم منهجهم مسارهم، تهران، ل41-42. دەشگوترێ، کە ئەلسەقەلەین یا ئەلسەقەلان (الثقلین، الثقلان)، واتە: مرۆڤ و جنۆکە. دەڵێن لە جەنگی خەندەک (الخندق)دا، لەساڵی 627ز، کە لە نێوان موسوڵمانان و هۆزەکانی قورەیشدا ڕووی دا، کاتێک پەلاماری شاری مەدینەیان دا بۆ گرتنی و لەسەر پێشنیازی سەلمانی فارسی (سلمان فارسی)، بۆ پەیامهێنەری ئیسلام، بە چواردەوری مەدینەدا، خەندەکێک لێدەدرێ. ڕێبەری قورەیشییەکان عەمر کوڕی عەبد ود ئەلعامیری ئەلقورەیشی (عمرو بن عبد ود العامري القرشي) دەبێ، کە یەکێک دەبێ لە سەرکردە و جەنگاوەرە هەرە ئازا و بەجەرگەکان، لەو جەنگەدا بە دەستی ئیمام عەلی (علي بن أبي طالب) دەکوژرێ و ئیدی موسوڵمانان بەرەندەی جەنگەکە دەبن. کە عەلی، عەمر دەکوژێت، پەیامهێنەری ئیسلام دەڵێ: "ضربة

جەزبەیەک لە جەزبەکانی خودا، کە ڕێک و هاوتەریبە لەگەڵ هەردوو گەنجینەکان، واتە: قورئان و ماڵباتی پەیامبەر، یا خوداپەرستی جنۆکە و مرۆڤ، بەم بەختەوەرییە گەیشتم). ڕێگەی جەزبە، بە پێچەوانەی ڕێگەی ڕەوشت (سولووک=سلوك)ەوە، کە ڕۆحانی پیرۆز، ئامراز و میانگەرن بۆ گەیشتن بە هەڵڕژان (الفیض)ی خودایی، هیچ هۆیەک یا میانگەرێک، لە نێوان مرۆڤ و خودادا نییە. ئەو کەسانەش، کە یەکسەر لە ڕێگەی جەزبەوە بە یەکێکی دیکەوە بەندن، بە پەروەردەی گیانەکی (تربیت روحانی) ناو دەبرێن، واتە پەروەردەی گیانەکی کەسێکن.

تەریقەتی بەهائوددینی نەقشبەند، درێژەپێدانی تەریقەتی خواجەگانە، کە لە عەبدولخالیق غوجدوڤانییەوە، دەست پێ دەکات. هەرچەندە ساڵانێکی زۆر لە نێوان عەبدولخالیق و بەهائوددیندا هەبووە و بەهائوددین تەریقەتەکەی، لە سەیید ئەمیر کولال (سید امیر کلال) (ساڵی 771ک مردووە) وەرگرتووە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ، کە سەیید ئەمیر کولال مورشید (ڕێبەر)ی بەهائوددین بووە. بەڵام بەهائوددین بە

---

علي یوم الخندق أفضل من عبادة الثقلین"، واتە: لێدانەکەی عەلی یا گورزەکەی عەلی لە ڕۆژی خەندەکدا لە خوداپەرستی جنۆکە و مرۆڤ بەهادارترە.

پەروەردەی گیانەکی، دەگاتە عەبدولخالیق غوجدوڤانی و لەوەوە تەریقەتی وەرگرتووە و بە گیان بەوەوە بەندە.

**تێ. پەروەردەی لەشەکی (تربیت جسمانی) و پەروەردەی گیانەکی (تربیت روحانی):**

لە تەریقەتی نەقشبەندیدا دوو دەستەواژە هەن، پەروەردەی لەشەکی و پەروەردەی گیانەکی. پەروەردەی لەشەکی دەستەواژە و دەربڕینێکە بۆ ئەو پلە و قۆناغانەی، کە ڕێبوار (سالك) لای شێخێک (مورشیدێک)ی سەردەمی خۆیدا پێیاندا تێدەپەڕێت، بەڵام پەروەردەی گیانەکی سەرنج و ڕامان و ڕووکردنە، لە گیانی وەلی (ولی= پیاوێکی پیرۆز، اولیا= پیاوانی پیرۆز)یەک بەتایبەت. نەقشبەندییەکان بەو کەسانەی، کە لە گیانی مشایەخانەوە پەروەردە دەبن دەڵێن ئووەیسی یا عووەیسی (عویسی). هەرچەندە خواجە بەهائوددین لە سەیید ئەمیر کولالەوە فێری یادکردنەوە بووبوو، بەڵام ئەو لە ڕاستیدا ئووەیسی بووە و لە ڕۆحانییەتی خواجە عەبدولخالیق غوجدوڤانییەوە سوودی وەرگرتووە.

**جـێ. پێوەنــدی تەریقــەتی نەقشــبەندی بــە ســوننەیەتی و شیعەیەتییەوە:**

تەریقــەتی نەقشــبەندی تەریقــەتێکی ســوننەیە و لەســەر پێشــڕەوایەتی و ڕێبەرایــەتیکردنی خــەڵکانی ســەر بــە تەریقەتەکە بە گوێرەی سوننەتی پەیامبەر، واتـە: ئـەوەی پەیامبەر گوتوویەتی و کردوویەتی، جەخت دەکات و پێ دادەگرێـت. گرنگتــرین بناخــە لــە بیــری نەقشــبەندیدا، گەڕانەوەیــە بــۆ ســەرەتای پەیــدابوونی ئیســلام. لــەو بارەیەوە مەولانا خالیدی شارەزووری (1190ک/1776ز – 1242ک/1827ز) دەڵــێ: "بــاوەڕی ئێمــە دروســت باوەڕی پێشینانە و تەریقەتەکەشمان تەریقەتی سددیقییە

(واته خەلیفەی یەکەم ئەبووبەکر) کە ئەوەش تەریقەتی یاران و پێڕۆیانە (تابعون)" [88].

هەرچەندە نەقشبەندییەکان و گەلێک لە تەریقەتەکانی دیکەی سۆفییایەتی سوننەن بەڵام "قووڵایی و ڕەهەندی گیانەکی تەواو و ڕاست و دروستی ئیسلام، بە شێوەیەکی بنەڕەتی و کرۆکی و تایبەت، دەگەڕێتەوە بۆ شیعە (ئاییزای شیعە) و لەگەڵ ئەوەشدا، کە سۆفییایەتی لە ژینگەیەکی سوننیدا بار هاتووە و پەروەردە بووە و ئاییزای سوننە ئاییزای سەرەکی ئیسلامە، بەڵام سۆفیایەتی بەبێ پێزانین و ئاگالێبوون، لە شیعەیەتی قەرز کراوە، واتە لە شیعەیەتی وەرگیراوە" [89]. گەلێ نووسەر و توێژەری دیکە جەختیان لەسەر گرێدراویی تەسەووفی ئیسلامی بە هزری ئیسلامی شیعەوە کردووە و پێیان وایە بنەما و کرۆکی تەسەووف لە شیعەیەتیدا دەدۆزرێتەوە [90]. شیعەیەتی، ڕێبازی: ناڕازیبوونە و بنەماکانی: ڕەسەنایەتی،

---

[88] Abu-Manneh, Butrus, "The Naqshbandiyya-Mujaddidiyya in the Ottoman lands in the early19th century, The world of Islam, N.S., Vol XX11, Nr 1-4, 1982. P:13.

[89] Algar., "The Naqshbandi., p.124.

[90] یەکێک لەو توێژەرانە دۆکتۆر کامل موستەفا ئەششیبیی (الدکتور کامل مصطفى الشيبي)یە، کە لە کتێبی (الصلة بين التصوف والتشيع، دار المعارف، مصر، الطبعة الثانية)دا، کە ساڵی چاپی کتێبەکە دیار نییە، باس لەو بابەتە دەکات.

یەکسانی و ڕێنوێنییە و مێژوویشی: جیهاد و شەهیدبوونی بەردەوامە[91].

سۆفییایەتی لە شێوە قووڵ و تەواوەکەیدا "بە ئەزموون و ڕێبازی دەروونیی ئیمامییەتەوە پێوەندە و گرێدراوە. ئەم ئەزموونی ئیمامەتەش لەسەر پساندن و تێپەڕاندنی مێژووی نووسراو دامەزراوە (واتە لە چوارچێوەی مێژووی نووسراو دەرچووەتە دەرەوە)، چونکە ئیمامەت ڕوو دەکاتە داهاتوو و چاوەنواڕی هاتن دەکات. ئیمامەت لەسەر پساندن و تێپەڕاندنی ڕواڵەت بە هەموو ئامۆژگاری و نەریت و قانوونن و باوەڕەکانییەوە دامەزراوە. ئیمامییەت ڕووی لە دەروونی گەردوونە و گرنگیی بە واتا شاراوە و پۆشراوەکانی دەدا. ئیمامییەت ژیربێژی و قانوونەکانی دەپسێنێ، چونکە ژیربێژی لە پەیامبەرایەتییەوە و لە پیرۆزیی، نۆڕینە زانست و بەرزکردنەوەی، بۆ پلەی خودایەتی، هەڵدەقوڵێ و پەیدا دەبێ. ئەگەر کۆتاییهاتنی پەیامبەرایەتی موحەممەد، کۆتاییهاتنی پەیامبەرایەتی بێت، ئەوا کۆتاییهاتنی دیوی ئاشکرایە، چونکە تەواوکەری ئەو لە دەروونددا هەیە، ئەویش ئیمامەت یا ویلایەتە"[92].

---

[91] رسول، فاضل، هكذا تكلم علي شريعتي، دار الكلمة للنشر، الطبعة الثالثة، بيروت 1987، ص135.

[92] أدونيس..، الثابت..، ص91.

بەو جۆرە، ویلایەت، ناخ و دەروونی پەیامبەرایەتییە. ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە دەری ببڕین دەڵێین، پەیامبەرایەتی دەکاتە شەریعەت، بەڵام ویلایەت دەکاتە حەقیقەت. بەم شێوەیە ئیمام دەبێتە سەرچاوەیەکی خودایی زانیار، کە لەودیوی یا لە پشتی دەقەوە شاراوەیە و نادیار. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە تێگەیشتن لە حەقیقەت بە پشتبەستن بە هۆش و ڕاگواستنەوە لە خەڵکەوە ناکرێت، چونکە حەقیقەت لە دیوی ئاشکرای دەقدا نییە، بەڵکە بە ڕێگەی گێڕانەوە (تأویل)ی دەقەوە بۆ بنەڕەت و سەرچاوەکەیەوە بە دۆزینەوەی واتای ڕاستەقینەیەوە دەبێت، "گێڕانەوەی دەق بۆ سەرچاوەکەی و دۆزینەوەی واتەی ڕاستەقینەی بەندە بە عاریفێکەوە، کە واتەی نادیار و دەروون بزانێت. ئەو عاریفەش ئیمامە"[93]. کەواتە ئیمام ئەو ئامادەییە خوداییە هەمیشەییەیە، کە لێ ناگەڕێ حەقیقەت بگۆڕێت و ببێت بە قانوون و نەریت و دەسگا و ڕێکخراو و دامەزراو و پاشانیش بە پەیڤێکی مردوو، حەقیقەت بە زیندووی دەهێڵێتەوە.

ڕوونکردنەوە و بیرکردنەوە لە دیوی ئاشکرای دەق، دەبێتە هۆی بەشتبوونی دەق (واتە: شتاندنی دەق، کە ئیدی ببێتە شتێک لەو هەموو شتانەی، لەم جیهانەدا هەن) و ئایینیش دەگۆڕێ و دەبێتە چەند جۆرە بۆنە و ڕەوتار و مامەڵە و هەڵسوکەوتێک، وەک چۆن لە دیدی

---

[93] المصدر السابق.

فیقهی (المنظور الفقهي)دا وەدی دەکرێ. کە باس لە دەروون بکرێ، ئایین، بزاڤ و تەوژمێکی بێبڕانەوە و بێکۆتایی دەدرێتێ، چونکە بە گوێرەی بۆچوون و دیتنی ئیمامییەت، ئایین دەبێتە بزاڤێک بەرەو ناکۆتایی. جیاوازیی نێوان ئایین لە دیدی ئاشکرایی فیقهیدا و ئایین لە دیدی دەروونی ئیمامییەتیدا "وەک جیاوازیی نێوان سێبەر و بنج، چڵ و ڕەگە، واتە: ئاشکرا لە وێنەیەکی دەروون زێتر هیچی دیکە نییە و لەبەر ئەوەش، دەروون بێکۆتاییە، بۆیە ناکرێ بە وێنە سنووری بۆ دابنرێ"[94]. دەروون بنجە و ئاشکراش وێنەی ئەوە، هەر چۆن بنج بە چڵ و هۆیش بە ئەنجام، لێک نادرێنەوە و ڕوون ناکرێنەوە، دەروونیش بە دیوی ئاشکرا لێک نادرێتەوە و ڕوون ناکرێتەوە، بەڵکە دیوی ئاشکرایە، کە بە دەروون لێک دەدرێتەوە و ڕوون دەکرێتەوە. بەو جۆرە "ئیمامەت وەک پێکگەیشتنێکە لە نێوان کاتیی، زەمەنی(وقتي، زمني)، کە دیوی ئاشکرا یا شەریعەتە و ئەبەدییەتدا، کە دەروون یا حەقیقەتە، لە نێوان بگۆڕ (متغیر) و چەسپاو (ثابت)دا، کۆتاییهاتوو و کۆتایینەهاتوو، ئیمامەت بە دەربڕینێکی دیکە هاوکاتیی کرۆک (جوهر) و ڕواڵەت (مظهر)ە"[95]. کەواتە دەروون ئاشکرا ناسڕێتەوە، بەڵکە واتەی ڕاستینەی خۆی دەداتێ. دەروون ئەو ڕووناکییەیە، کە دەدۆزرێتەوە و

---

[94] المصدر السابق.

[95] أدونیس..، الثابت..، ص92.

ڕۆشن دەکاتەوە و ئەو واتایەشە، کە بە هەبوون شێوە و وێنەی خۆی دەدات، واتە: بەها و بایەخ و واتای دەداتەوە.

لەبەر ئەوەی خودا بۆ خۆی دەستنیشانی کەسانێک بە بەزەیی و میهرەبانیی خۆی دەکات ﴿يَهۡدِي ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُۚ﴾[96] (خودا هەرکەسێکی مەبەست بێت بۆ نووری خۆی ڕێنوێنی دەکات)، کەواتە کەسانێکی موسوڵمان لە کەسانێکی دیکەی موسوڵمان زێتر لە بناخە و بنەماکانی ئایینی ئیسلامەوە نێزیکترن و لە بارەی دەروونەوەش ئاگادارترن. ئەندامانی خێزانێک لە خەڵکی دەرەوەی خێزانەکە زێتر ئاگادارن لە کاروباری سەرۆک خێزانەکە و باشتری لێ دەزانن، واتە بنەماڵە و خێزانی پەیامبەریش (أهل البيت) لە خەڵکانی دی زێتر لە پەیامبەرەوە نێزیکترن و لە خەڵکی دیکەش زێتر لەبارەی نهێنییەکانی ئیسلامەوە و کرۆک و دەروون و دیوی شاراوەی مەسەلەکان و کارەکان دەزانن. ئیمامی چوارەم عەلی زەینولعابیدین (علي زين العابدين) دەڵێ:

ورب جوهر علم لو أبوح به

لقيل لي: أنت ممن يعبد الوثنا[97]

ولاستحل رجال مسلمون دمي

يرون أقبح ما يأتونه حسنا

---

[96] القرآن الكريم، سورة النور، الآية35.

[97] أدونيس..، الثابت..، ص92.

واتە: (بنــەما و کرۆکــی زانســتێک هەیــە، ئەگــەر ئاشکرای بکەم، پێم دەگوترێ: تۆ لەو کەسانەی بت دەپەرســتن و، پیــاوەیلێکی موســوڵمان خــوێنم حەڵاڵ دەکەن، دزێوترین کارێکی دەیکەن پێیان چاکەیە).

بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە عەلی زەینولعابیدین کوڕی ئیمام حوسەین کوڕی ئیمام عەلی، زانستە شاراوە و ناخویاکەی زانیوە و ناوەڕۆک و نهێنی و دەروونی ئایینەکەی زانیوە و ئەوەشی لە باوک و باپیرییەوە بۆ ماوەتەوە و فێر بووە. هەرچی زانستی دەروونی و نهێنییەکانیەتی، پتر لە ڕێگەی پەیامبەرەوە بە ئیمام عەلی و کوڕ و نەوەکانی (آل البیت) گەیشتووە و لەوانیشــەوە نــەوە لــە دوای نــەوە لــە یەکــدییان وەرگرتــووە و بۆیــان ماوەتــەوە، هــەر بۆیــە دەکــرێ بگوترێ، کە نهێنی و دەروون و واتای سۆفییایەتی پتر لە شیعەیەتیدا، کە پێڕۆی ئەهلولبەیت و ئیمامییەتە، خۆ دەنوێنێــت. ئیمــام عەلــی و نەوەکــانی تەنــێ لەکــن موســوڵمانانی شــیعە، مەزن و خۆشەویســت و پیــرۆز نەبوونە، ئەوەتا لە ئیمامی شافیعی[98] دەگێڕنەوە، کە لە چەند دێڕە شیعرێکی فرە نایابدا، مێژووی ڕووداوێکی

[98] شافیعی (أبو عبد الله محمد بن إدریس الشافعي المطلبي القرشي/ 767-820 ز) سێیەم ئیمامە لە چوار ئیمامەکانی موسوڵمانانی سوننە و خاوەنی ڕێبازی شافعییە لە فیقهی ئیسلامیدا. دادوەر بووە و زانای بواری لێکدانەوە و زانستی حەدیس بووە. لە غەززە/فلستین لەدایک بووە و لە مسر مردووە.

فرەگرنگ لەمەڕ ئیمام عەلییەوە تۆمار دەکات، کە مرۆڤ ناتوانێت وێنای بکات و نەیارانی ئیمام عەلییش نکۆڵیی لێ دەکەن، ئەویش ئەو ڕووداوەیە، کە لە کاتی شکاندن و پاککردنەوەی ماڵی خودادا (الكعبة) و ڕووگەی موسوڵمانان (القبلة) لە بتەکانی، کە عەرەب دەیانپەرستن، لە لایەن پەیامهێنەری ئیسلام و بە هاوڕێیەتی ئیمام عەلی، یەکێک لە بتەکان بە ناوی هوبەل (الهبل)، کە لە جێگەیەکی بڵند دەبێت و دەستیان پێی ڕاناگات، ئیمام عەلی بە پەیامهێنەر دەڵێ: تۆ دەچیتە سەرشانی من یا من بچمە سەر شانی تۆ، بۆ ئەوەی دەستمان پێی بگات و بیشکێنین؟ پەیامهێنەریش دەڵێ: تۆ بچۆ سەر شانی من. ئیدی ئیمام عەلی دەچێتە سەر شانی پەیامهێنەری ئیسلام و دەستی بە هوبەل دەگات و تێکی دەشکێنێت. تەواوی شیعرەکەی پەسن و سەرسامبوونە بە ئیمام عەلی و لە کۆتایی شیعرەکەیدا دەڵێ: "فمات الشافعي وليس يدري أعلي ربه أم ربه الله"[99]، واتە: شافیعی مرد و هێشتا نەیدەزانی عەلی خودایەتی یا ئەڵڵا خودایەتی.

---

[99] رسول..، هكذا..، ص53. سەرچاوە سوننییەکان باس لە سەرسامبوونی شافیعی بە ئیمام عەلی و ئالولبەیت و خۆشەویستیی بۆیان دەکەن، لێ بەلای وەها شیعرێکدا ناچن.

**چ. پایه (مقام)**

بە پێی سۆفییەکان بەو پلە و پایانەی، کە مرۆڤ لای خودا هەیەتی دەگوترێ، مەقام. گەیشتن بە مەقامێک، لە ڕێگەی خوداپەرستییەکی ڕاستینە و بەردەوامەوە و خەبات لە دژی نەفس و شەکەتکردن و وەڕزاندنی نەفسەوە دەبێت. زۆر لە گەورەپیاوانی ڕێگەی سۆفییایەتی دە پلەیان بۆ مەقام داناوە: تەوبە (التوبة)، وەرەع (الورع)، زوهد (الزهد)، قەناعەت (القناعة)، سەبر (الصبر)، تەوەککول (التوكل)، شوکر (الشكر)، ئیخلاس (الإخلاص)، موحاسەبە (المحاسبة)، تەسلیم (التسليم). هەندێ جار پلەی دیکەش دەخرێتە سەر ئەوانە وەک: فەقر (الفقر)، خەوف (الخوف)، ڕەجا (الرجاء)، سیدق (الصدق)، ڕیزا (الرضا)...هتد. ڕێبوار (سالک)ی ئەم ڕێگەیە (سۆفییایەتی) تا مەرجەکانی ئەو مەقامانە وەدەست نەهێنێ، نایانگاتێ و ئەگەر پایەیەک نەبڕێ ناگاتە پایەیەکی دیکە. مەبەستێکی دیکە، کە لە باسی

مەقامـەوە نێزیکـە، مەبەسـتی حـاڵ (حـال)ە، ئـەویش بـەو چۆنیەتییانــە دەگــوترێ، کــە بەســـەر ڕێبــواری ڕێگـەی سۆفییایەتیدا دێن. حاڵ بۆ خۆی دێت، بێ ئەوەی ڕێبوار شــتێک بکــات، واتــە بــە دەســتی ڕێبــوار نییــە، بەڵکــە خـودادادە، واتـە لـە خوداوەیـە، یـا نـوور و بەرەکەتـە یـا چۆنیەتییــەکی تایبەتــە، کــە خــۆی دێــت و دەڕوات، کــە ڕەنگــە کەمخایــەن بێــت و ڕەنگیشــە زۆر بمێنێتــەوە و سـەقامگیر بێت و ببێتە مـەقام. حـاڵ لـەم شـێوانەدا خـۆ دەنوێنێــت: ئەلمەحەببــە (المحبــة)، ئــەلغیرە (الغیــرة)، ئەششــەوق (الشــوق)، ئەلقەلــەق (القلــق)، ئەلعەتــەش (العطــش)، ئەلوەجــد (الوجــد)، ئەسســەهەر (الســهر)، ئەلهەیــەمان (الهیمــان) بــە هــۆی عیشــقەوە، ئەلبــەرق (البــرق)، ئــەززەوق (الــذوق). هەنــدێ کــەس ئەسســەفا (الصــفاء)، ئەسســروور (الســرور)، ئەلغەیبــە (الغیبــة)، ئەلموکاشەفە (المکاشفة)، ئەلموعایەنە (المعاینة)، ئەلقەبز (القــبض)، ئەلبەســت (البســط)، ئەششــوکر (الشــکر) و ئەسسەحو (الصحو)یش بە حاڵ دادەنێن[100].

نەقشبەندییەکان تەریقەتەکەی خۆیان بە "نزیکترین و ئاسـانترین"[101] ڕێگـە دادەنـێن بـۆ گەیشـتن بـە خـودا و یــەکبوون لەگەڵیــدا. شــێخ ئەحمــەد ســیرهیندی (1563-1624ز)، کــە بــە دووەم نوێکــەرەوەی هــەزارەی دووەم (مجدد الالف الثاني) دادەنرێت و یەکێکە لە گەورەپیاوانی

---

[100] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل193-196.

[101] Habib., some notes., p.42.

نەقشـــبەندی لـــە دوای بـــەهائوددینی نەقشـــبەند، لـــە نووسینەکانیدا بە ناوی مەکتووبات (مکتوبات)، جەخت لەسـەر وەحدەتوششـوهوود (وحـدة الشـهود) دەکـات، واتــە: لێکدانــەوە و بەســتنەوەی هــەموو زانســتێک بــە شـــێوەی دیـــتن و بۆچـــوون و جیهـــانبینی هەســـت (الحواس)ـەکانەوە و لـە هـەموو شتێکیشـدا نیشـانەیەکی زینــدووی بــوونی خــودا ببینرێــت. ئەششــهوود، کە مەبەست لێی گەیشتنە بە کامڵبوونی نەفس تا گەیشتن بە پلەی ئەششـهوود (الشـهود) و بەرزبوونەوە تێیدا تا ئەوەی، کە ئیـدی لە جیهــان و لە ژیانــدا و لە هەمــوو شـتێکدا خـودا دەبینرێـت و پـێش و پـاش ئەو شـتانەش هەر خـودا دەبینرێـت، تەنـانەت هەمـوو بـوون، هەمـوو شتەکان وەک سێبەری خـودا و بـوونی ئەو دەبینرێت و هەموو ئەو شـتانە لە هـزری ڕێبـوار (السـالك)دا، ئـاوازی هـیچ بوونێـک بـێجگە لە خـودا نابیسـرێ و نیـیە و هەر ئەوی تاک و تەنیا هەیە.

بــەهائوددینی نەقشــبەندییش جــەختی لەســەر ئــەوە کردووەتـــەوە. مـــەرجی بنـــەڕەتی و ســـەرەکی بـــۆ پێڕۆکردنی تەریقەتی نەقشبەندی، پێڕۆکردنی شێخێک یا پیرێکی خـاوەن ئـەزموون یـا عـاریفێکی ئـەو تەریقەتەیـە. عەبــــدورڕەحمان جــــامی(817–898ک)، لـــــەبارەی نەقشبەندییانەوە دەڵێ: "تەریقەتی ئـەوان (نەقشـبەندییان) بـــاوەڕ (إعتقـــاد)ی ئـــەهلی ســـوننەت و جەماعەتـــە و گوێڕایـــەڵیی قـــانوون و بەنـــدەکانی شـــەریعەتە و

پەیڕەوکردنە لە سوننەتەکانی سەروەری پەیامبەران (د) و، بەردەوامیی بەندایەتییە (العبودیة) کە بریتییە لە ئاگایی بەردەوام لە خودا -سبحانە- بێ هەستکردن بە بوونی شتێکی دیکە لە بووندا" [102]. موحەممەد کوڕی سولەیمان بەغدادی (محمد بن سليمان بغدادى)، لە نووسینێکی شێخ موحەممەد موراد ئۆزبەکی (محمد مراد ازبكى)یەوە، پێناسەیەکی گشتلایەنە و تەواوی، لەبارەی ئەم تەریقەتەوە گواستووەتەوە، کە دەڵێ: "تەریقەتی نەقشبەندی، تەریقەتی یارانی ڕێزدار و جوامێر (کرام)ە، لەسەر بنچینە و بنگەی خۆی بەبێ زیاد و کەم ماوەتەوە. ئەویش بریتییە لە بەندایەتییەکی بەردەوام و بەرباربوونی (إلتزام)ێکی تەواو بە ڕواڵەت و بە دەروون، بە سوننەت و عەزیمەتەوە و بە تەواوی دوورکەوتنەوە و خۆپاراستنە لە داهێنان (بیدعەت) و هەرزەیی، لە هەموو جووڵانەوە و هەڵسوکەوتێکدا، لە ئاکار و ڕەوتار و مامەڵەدا و بەردەوامبوونە، لە ئامادەیی (حضور) هەمیشەیی لەگەڵ خودادا، لەسەر ڕێگەی لەبیرچوونەوە و بەرخۆرییش (ئیستیهلاک)" [103]، ئیبن حەجەر ئەلهەیسەمی (إبن حجر الهيثمي) (909-974ک) دەڵێ: "تەریقەتێکی پایەبەرز (العلية) و ساغ

---

[102] بخارایی... قدسیە.. ، ل51-52.

[103] سەرچاوەی پێشوو.

(سـالمة)، لـه لێڵایـی سـۆفییه نەزانەکان/نـەزانانی سۆفییایەتی، تەریقەتی نەقشبەندییە"[104].

مورید لە تەریقەتی نەقشبەندیدا ئەو کەسەیە، ڕێگەی تەریقـەت دەگرێتـە بـەر و دەبێتـە ڕێبـوار (سـالـك) و بەدووی حەقیقەتدا دەگەڕێ. مورید دەبێ:

- خـۆ لـە شـتی دنیـایی بـە دوور بگـرێ و بپارێزێ.
- پێڕۆی قورئان، کە کتێبی خودایە و سوننەت بکات.
- لـه هـەموو داهێنـان و گـومڕێیی و گوناهکارییەک دوور بێ.
- بەردەوام بێ لـە بەجێهێنانی نوێژی فـەرز و سوننەت.
- قورئـان بخوێنێتـەوە و درووود و سـەڵاو لـە دیاری پەیامبەر بدات و بیر لە خودا بکاتەوە.
- دەسـت و دەم و چـاو و گـوێ و زمـان و هەموو ئەندامەکانی لەشی لە گشت گوناه و تـاوان و حەرامێک بپارێزێ.
- دڵـی لـە ئـارەزوو و هەوەسـبازی و هـەموو شـتێکی غـەیری خـودا، پـاک و خـاوێن بکاتـەوە و بێجگە لە خودا هیچی دیکەی تێدا نەهێڵێت.

---

[104] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل387.

- به خواست و ئارەزووی خۆی دەستبەرداری تەواوی ویســـت و خواســـتەکانی خـــۆی ببێـــت و هەمووی ڕادەستی خودا بکات.

**حێ. مەرجەکانی مورید بۆ گەیشتن بە خودا:**

نەقشبەندییەکان چەند مەرج و ڕێگەیەکیان داناوە، کە بە هۆیانەوە مورید دەگاتە ئامانج و حەقیقەت و دەگاتە خودا. ئەو مەرجانەش ئەمانەن:

1. پێڕۆکردنی ڕێبەر و مورشیدێکی لێزان و کامڵ و خۆشویستنی و ڕێزلێگرتنی[105]. مورید دەبێ کەڵک لە ڕاستگۆیی ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾[106] واتە: (ئەی ئەوانەی بڕواتان بە خودا هێناوە، خۆتان لە خودا بپارێزن و لەگەڵ ڕاستگۆیان بن) و ڕەوشتباشی و پاکیی مورشیدی خاوەن کەمال وەرگرێ و دەبێ خۆی بە شاگردی ئەو و ئەو بە مامۆستای خۆی بزانێت. دەڵێن ئەم ڕێگەیە هاسانترین

---

[105] مودەڕڕیس، مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، بەرگی 1، بەغداد 1979، ل139.

[106] القرآن الكريم، سورة التوبة، الآية 119.

ڕێگەیە و مرۆڤ زووتر پێی دەگاتە مەبەست. بەم ڕێگەیە دەڵێن ڕابیتە (الرابطة=پێبەست) یا زیکری ڕابیتە، واتە: یادکردنی مورشید و هەوڵدان و تێکۆشان بە یارمەتی ڕاستەوخۆی مورشید. ئەمەش بریتییە لە پێوەندی نەفس لەگەڵ خودادا. کە مورید مورشیدی هەبوو، لەگەڵ مورشیدەکەیدا ڕابیتە دەکات و مورشیدەکەیشی لەگەڵ مورشیدی خۆیدا ڕابیتە دەکات و ئیدی بەو جۆرە بە زنجیرەکەدا سەردەکەون و بە ڕێگەی ئەولیاکانەوە (پیاوانی پیرۆز) ڕابیتە بە پەیامبەرەوە دەکرێ و پەیامبەریش ڕابیتەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خودادا هەیە. بەم ڕابیتەیە، نەفسی مورید لە کۆمەڵێک شتی دنیایی وەک ئێرەیی (الحسد)، خۆبەزلزانین/ گەوەزەیی/ لووتبەرزی (التکبر)، شانازی/ فیز (الغرور) و تەماحی تەمەندرێژی و بیر لە مردن نەکردنەوە و خۆماندووکردن وەدووی سەرمایە و سامان و هەموو ئەو جۆرە شتانە، پاک دەبێتەوە و مرۆڤ دەگاتە حوزوور (الحضور) و موشەهادە (المشاهدة) و کاتێک دڵ و گیان دەگەنە ئەو ئاوات و مەبەستە، ئیدی دڵ و گیان ئارام دەبنەوە و دادەمرکێن و مورید دەست دەکات بە گەشتی گیان/ گەشتی نەفس بەرەو بۆ خوداسووتان، فەنا، نەمان (فناء) بۆ ئەوەی بگاتە شوێنگەی/ مەنزڵگەی هەرمان، بەقا (بقاء).

2. لە چەندین شوێندا لە قورئاندا ئاماژە بە یادکردنەوە کراوە و گرنگیی پێدراوە. ﴿فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ

﴿جُنُوبِكُمْ﴾[107]، واتە: (ناوی خودا بهێنن بە هەڵسان و دانیشتن و بەسەر هەردوو لاتاندا). ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكۡرٗا كَثِيرٗا﴾[108]، واتە: (ئەی باوەڕداران یادێکی زۆری خودا بکەنەوە)، ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ﴾[109]، واتە: (نوێژ بکە بۆ ئەوەی ناوی من بهێنیت)، ﴿فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ﴾[110]، واتە: (یادم بکەنەوە یادتان دەکەمەوە). دەڵێن ئیمام عەلی لە پەیامهێنەری پرسیوە، نزیکترین ڕێگەی بۆ گەیشتن بە خودا و ئاسانترینیان بۆ بەندەکانی خودای پێشان بدات، پەیامهێنەریش فەرمانی پێکردووە بە بەردەوامبوون لەسەر یادکردنەوە، زیکر (ذکر)[111]. بەردەوامبوون لەسەر یادکردنەوە، کە ئەویش یادکردنەوەی بێدەنگ و دڵەکی (خەفی)یە، کە بە بێدەنگی و ئارامی ئەنجام دەدرێت و ڕامان و تەرکیزێکی خەست و چڕ و پڕە.

بنەمایەکی سەرەکیی تەریقەتی نەقشبەندی لەسەر یادکردنەوە دانراوە و یادکردنەوەیش بە لای ئەوانەوە یادکردنەوەی بێدەنگە (خەفی) یا یادکردنەوەی دڵەکییە، کە بەردەوام گوتنەوەی ناوی خودا و یادکردنەوەیەتی تا گیان و هەموو لەش دەست دەکەن بە یادکردنەوە.

---

107 القرآن الكريم، سورة النساء ، الآية 103.

108 القرآن الكريم، سورة الأحزاب، الآية 41.

109 القرآن الكريم، سورة طه، الآية 14.

110 القرآن الكريم، سورة البقرة، الآية 152.

111 الفوتي...، التصوف...، ص42.

بەرهەمی ئەم یادکردنەوەش هەم پاککردنەوەی گیانە لە شتە ناپەسەندەکان و هەمیش بەردەوامیی ئامادەییە. مەبەستیش لە یادکردنەوە ناوبراو و باسکراو/ مەزکوور (مذکور)ە، کە خودایە نەک یادکردنەوە، کە ناوی خودایە. مەبەست نێزیکبوونەوەیە لە حەقیقەت کە خودایە.

کە ڕووناکایی خودا، لە گیاندا درەوشایەوە و ئامادەیی دەستی پێ کرد، ئیدی یادکردنەوە نامێنێت، چونکە ناوبراو ئامادەیە. بەڵگەش بۆ ئەم یادکردنەوەی بێدەنگە/خەفییە لە قورئاندا زۆرە ﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ﴾[112]، واتە: (بە ترس و زەبوونی و کەلەلاییەوە لە دڵی خۆتدا و بە بێدەنگی یادکردنەوەی خودا بکە) یا حەدیسی پەیامبەر "خير الذكر الخفي"[113]، واتە: (باشترتن یادکردنەوە یادکردنەوەی بێدەنگە). بێجگە لە یادکردنەوەی خەفی، کە وەک باوە کارێکە بە شێوەیەکی تاکەکەسی ئەنجام دەدرێت و پتر نەقشبەندییەکان پیڕۆی دەکەن، یادکردنەوەی ئاشکرا و بەدەنگ (جەهر/جهر)یش هەیە، کە یادکردنەوەی زمانیشی پێ دەگوترێ و بە شێوەیەکی ئاسایی لەنێو بازنە (حلقة)یەکی مورید و دەروێشدا و بە دەنگی بەرز ئەنجام دەدرێت و ئەمەش لەلایەن تەریقەتی قادرییەوە پیڕۆ دەکرێت.

---

[112] سورة الأعراف، الآية 205.

[113] مودەڕیس...، یادی...، ل144.

یادکردنەوەی خەفی یا دڵەکی بە دوو جۆر ئەنجام دەدرێت:

ئەلف: گوتن و گوتنەوە و چەندپاتەکردنەوەی ناوی خودا، ئەڵڵا (الله) بە زمانی دڵ. ئەم یادکردنەوەش بەم شێوەیە دەکرێ: مورید دەبێ دەستنوێژ بگرێت و بڕواتە شوێنێکی خەڵوەت و پەنا، بۆ ئەوەی نوێژ بخوێنێت. پاشان ڕووەو ڕووگە/قیبلە (القبلة) دانیشێت و پێنج جاران بڵێت: ئەستەغفیروڵڵا (أستغفرالله) و بە دڵ و بە ڕاستی داوای لێبوردن و بەخشین و چاوپۆشی لە خودا بکات، بۆ گوناهەکانی. پاش چەند خولەکێک مردنی خۆی بهێنێتە بەرچاو و بیری لێ بکاتەوە و وا بزانێت، ئەو کاتە مردووە و لە گۆڕدایە و فریشتەکان دێن و پرسیاری قیامەتی لێ دەکەن. ئەوجا سوورەتی ئەلفاتیحە (الفاتحة) [114]و پاشان سوورەتی ئەلئیخلاس (الاخلاص) [115] بخوێنێت و بە پەیامبەر و زنجیرەی نەقشبەندی و بەتایبەت مورشیدەکەی خۆی پێشکەش بکات. پاشان پێوەندی گیانەکی (رابطة) بە

[114] القرآن الكريم، سورة الفاتحة، الآيات1-7 ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝١ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ۝٤ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ۝٥ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۝٧﴾.

[115] القرآن الكريم، سورة الإخلاص، الآيات 1–4 ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ۝٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ۝٤﴾.

مورشیدەکەیەوە بکات و داوای کۆمەکی لێ بکات بۆ ئەوەی بەسەر نەفس و گیانی خۆیدا زاڵ بێ و سەرکەوێت. دوایی چاوی بنووقێنێت و زمانی لە مەڵاشوو (ئاسمانەی دەم)ی توند بکات و لێوی بنووقێنێت و لە مێشک و بیر و خەیاڵی خۆیدا ناوی خوا (وشەی الله) بەسەر دڵیدا بهێنێت، واتە: بە دڵ بڵێ: الله.

مورید دەبێ زۆر سەرنجی ئەوە بدات، کە ڕووی هەر لە خوایە و هەر ئەویشی مەبەستە و بڵێ: "یا إلهي أنت مقصودي ورضاك مطلوبي"[116] (خودایە تۆم مەبەستە و ڕەزامەندی تۆم خواستە) لە کاتی یادکردنەوەیشدا چاوەنواڕی بەرەکەت بکات لە خواوە بۆ ناو دڵی. ئیدی دەبێ بەو جۆرە و بە پێی توانست، لەسەر ئەم یادکردنەوە بەردەوام بێت تا دڵی پڕ دەبێت لە ڕووناکی، واتە نوورانی دەبێت و بەبێ کارتێکردنی هیچ شتێکی دیکە، دڵی یادکردنەوەی خودا دەکاتەوە.

کاتێک دڵی کەوتە یادکردنەوە، ئەو یادکردنەوەی دڵە بگوێزێتەوە بۆ ناو نازکیی گیان/ لەتیفەی ڕۆح (لطيفة الروح)[117]، کە لەوبەری دڵەوەیە لە ژێر مەمکی ڕاستدا.

---

[116] بخارایی...، قدسیە...، ص60. ئەمە گوتە و وێرد و دروشمێکی پێڕۆیانی تەریقەتی نەقشبەندییە و پوختەی هزری سۆفیایەتی ئەو تەریقەتەیە و ئەوان پێیان وایە دەبێ دروشمی هەموو مرۆڤێکی موسوڵمان بێت لە هەموو ژیانیدا.

[117] نەقشبەندی...، تەصەووف ...، ل177، ئەمین شێخ عەلائەددین دەڵێ: "لطائف: ئەو شوێنانەیە لە دەروونندا کە دەبێ پاک کرێنەوە.


بەویش ئەوەنـدە یادکردنـەوە دەکـات تـا دەبێتـە یادکردنـەوەکار/ زاکـر (ذاکـر) و ئـەوجا یادکردنەوەکـە دەگوێزێتەوە بۆ نازکیی ڕاز/نهێنی (لطیفة السر)، کە لـەم دیـوی مـەمکی چەپـەوە لای ژووروویی مەمکەوەیـە بـە ڕووی ناوەڕاسـتی سـینگدا بـە دوو پەنجـە، بـەویش یادکردنەوە دەکات تا ئەویش دەبێتە یادکەرەوە (ذاکر). ئـەوجا یادکردنەوەکـە دەگوێزێتـەوە بـۆ نـازکیی شـاراوە/پەنهان (لطیفـة الخفـي) کـە لـە لای ژووروی مەمکی ڕاستەوە ڕووەو ناوەڕاستی سینە بە دوو پەنجە تـا ئـەویش دەبێتـە یادکردنـەوەکار. پاشـان بـە نـازکیی ئـەلئەخفا (لطیفـة الأخفـی)، کـە دەکەوێتـە ناوەڕاسـتی سـینەی مرۆڤـەوە، واتـە ناوەڕاسـتی هـەر چـوار نازکییـەکان، دەسـت بـە یادکردنـەوە دەکـات. کـە موریـد بینـی هـەر پێـنج نازکییـەکان، دەسـتیان بـە یادکردنـەوە کـردووە و هـەر یەکـەیان بـە نـووری تایبـەتی خـۆی ڕووناک بووەتەوە، ئەو کاتە بە نازکیی نەفس، دەست بە یادکردنـەوە دەکـات. نـازکیی نـەفس دەکەوێتـە هەنیـەی مـرۆڤ و لـە ڕەگـەز و جنسـی نازکییـەکانی دیکـە نییـە. نـازکیی نـەفس هـی جیهـانی ڕسکەن (خلـق)ە و سـەر بە سروشـت و مـاددەیە و نازکییـەکانی دی هـی جیهـانی

---

شـوێن و مەڵبەنـدێکن لـە دەروونـدا، دەکـرێ بەرامبـەریان بگـرین لەگەڵ ((حواس))ی پێنج لانەدا، چۆن ئەمان هـۆی هەسـتی دەرەوەی مرۆڤن، ئەوانیش هۆی هەستی دەروونی مرۆڤن".

فــەرمان (أمــر)ن و شــتگەلێکی مەعنــەوین[118]. پاشــان نۆرەی نازکیی لەشە (القالبية) واتە هـەموو لـەش، کـە لـە مادده و توخم چێ بووە، بـە هـەموو لـەش بـە تێکڕایـی، ئەوەنــدە یادکردنــەوە دەکــات، تــا هــەموو گەردیلــە

[118] نەقشبەندی... تەصەووف... ل445، شوێنی نازکییەکان/لەتائیف (لطائف)ەکان لە سینەی مرۆڤدا:




.

(ذرة)یـەکی لەشـی بـە جارێـک دەسـت بـە یادکردنـەوە دەکەن و ئەو کەسەش بە تەواوی هەستی پێ دەکات.

ئیدی کە تەواوی ئەو نازکییانە و هەموو پارچەیـەکی لەش یەک بە یەک دەستیان کرد بـە یادکردنەوەی خـودا و وشەی (الله)یان گوتەوە، مورید هەست بە دڵنیـایی و ئارامی و خۆشی و ئیسراحەت و ئاسوودەییەک لە گیان و لەشی خۆیدا دەکات و بەم حاڵـە دەگوترێ دەسـەڵاتی یادکردنەوە (سلطان الأذکار یا سلطان الذکر). کـە مورید لەسـەر ئـەم یادکردنـەوەیە بـەردەوام بـوو، وردە وردە، ئـەو یادکردنـەوە تەشـەنە دەکـات و پـەرە دەسـتێنێ و بازنەکـە گـەورەتر و بـەرینتر دەبێتـەوە، تـا وای لـێ دێ، ئەو کەسە بە گوێی خۆی دەبیسێ، کە تـەواوی جیهـان یادکردنەوە دەکـات. ئـەم حاڵەتانـە دەبنـە هـۆی پـاکژی و خاوێنبوونـەوەی نازکییـەکان. نازکییـەکان هـەر یەکـە بۆخوا سووتان/فەنا (فناء)ی خـۆی هەیـە. کـە هـەموویان بـە فـەنا گەیشـتن، ئـەوجا دەگەنـە بـەقا (البقـاء). لـەو ماوەیـەدا ڕێبـوار هـەزاران نهێنـی بـۆ دەردەکـەوێ و هەزاران دەسکەوتی مەعنەوی دەکرێتە خەڵاتی.

شـا عەبـدوڵڵا دهلـەوی (شـا غـوڵام) لـە کتێبـی ئیزاحوتتەریق (إیضاح الطریق)دا باس لە چوار جۆر فەنا دەکات:

1. فـەنای خـەڵک: واتـە ڕێبـوار هـیچ جـۆرە ترسـێکی لەکەس و ئومێدێکی بەکەس نییە بێجگە لە خـوا، ئەمـەش تاکە ئاوات و ئارەزووی ڕێبوارە.

2. فـەنای ئـارەزوو: لـەم کاتـەدا ڕێبـوار دەکەوێتـە حاڵێکــەوە، بێجگــە لــە نێزیکیــی خــودا هــیچ ئــاوات و ئارەزوویەکی دیکەی نییە و نامێنێ.

3. فــەنای خــواز (الإرادة): ڕێبــوار هــیچ ویســت و ئـارەزوو و خواسـت و هیـوا و داخوازییـەکی نـامێنێ و تێدا دەچێ و وەک مردوویەکی لێ دێت.

4. فەنای کردار (أفعـال): ڕێبـوار ویسـتی ئەنجامـدانی هـیچ کردەوەیـەکی نـامێنێ. هـەرچی دەوێ لـە خـودا داوا دەکـات، کـە بـۆی جێبـەجێ بکـات. کـە هـیچ ویستێکیشـی نــەما، ئیــدی خــودا خــۆی هــەموو کردەوەکــانی هەڵدەسـوورێنێ. ئەمـەش هێمایەکـە بـۆ ئـەو حەدیسـە قودسـییە[119] کـە دەڵـێ: "ومـایزال عبـدي يتقـرب إلـي بالنوافل، حتى أحبه، فإذا أحببته كنت سمعه الذي يسمع بـه، وبصـره الـذي يبصـر بـه ويـده التـى يـبطش بهـا"[120]، واتە: (بەنـدەی مـن بـە نـوێژی زیـاد تـا دێـت لـێم نێزیـک دەبێتەوە، تا خۆشم دەوێ، کە خۆشم ویست دەبمە ئەو گوێیەی پێی دەبیسێ و ئەو چاوەی پێی دەبینێ و ئەو دەستەی شتی پێ دەگرێ).

---


[119] حەدیسی قودسـی، حەدیسـێکە پەیامبـەر لـە خـوای دەگێڕێتـەوە، گوتـەی خوایـە، حەدیسـی خوایـە، حەدیسـێکە لـە ڕووی واتـاوە لـە لایــەن خواوەوەیــە و لــە ڕووی وشــە و دارِشــتنەوە لــە لایــەن پەیامبەرەوەیە.

[120] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل411.

بێ: یادکردنەوەی لا ئیلاهە ئیللاڵڵا (لا إلە الا اللە = بێجگە لە ئەڵڵا هیچ خودایەکی دیکە نییە) کە بە ڕەتکردنەوە و سەلماندن (نفي وإثبات) بەناوبانگە. هەر بەو جۆرەی کە ڕێبوار خۆی بۆ یادکردنەوەی ئەڵڵا (اللە) ئامادە دەکات، دەبێ بۆ ئەم یادکردنەوەش خۆ ئامادە بکات. ڕوو بکاتە ڕووگە/قیبلە (القبلة)، دانیشێ و چاو بەیەکدا بنێ و زمانی بە مەلاشوویەوە (ئاسمانەی دەمییەوە) بچەسپێنێ و هەناسەی بۆ لای خوارووی سینگی هەڵکێشێ و هەناسەکەی ڕاگرێ و پاشان بە زمانی خەیاڵ/بیر لە ناوکییەوە وشەی (لا) هەڵکێشێ بۆ تەوێڵی. پاشان لە تەوێڵییەوە وشەی ئیلاهە (إلە) بهێنێت بۆ لای مەمکی ڕاستی و لەوێوە وشەی ئیللا (إلا) بباتەوە بۆ پشتی مەمکی چەپی و پاشان وشەی ئەڵڵا (اللە) زۆر بە توندی بدات لە دڵی، وەک ئەوەی بە چەکوشێک پیایدا بماڵێ بە جۆرێک، تین و گەرمیی بگاتە هەموو لەشی[121]. پاش گوتنی لا إلە إلا اللە بە

[121] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل394. وێنەی زیکری لا إله إلا الله، کە بە بێدەنگی لە دڵ و دەروونداا دەکرێ:

زمانی خەیاڵ و بەو جۆرەی کە گوترا، ڕێبوار بڕێک یا چەنــد چرکەیــەک پشــوو دەدات و دەوەســتێ. کــە یادکردنەوەکەی ئەنجام دا و پشووی دا و هەناسەی دا و ڕاوەستا، ئەوجا دەڵێ موحەممەد ڕەسوولوڵڵا (محمد رسول الله)، واتە: (موحەممەد نێردراوی خودایە). گرنگ ئەوەیە، لە کاتی ئەم یادکردنەوەیەدا، ڕێبوار بیر لە مەبەست و واتەی لا إلە إلا اللە بکاتەوە و ناوەڕۆکی ئەو گوتەیە لەبەرچاو بگرێ، نەک شێوە نووسینی لا إلە إلا اللــە و مەبەســت ئــەوە بێــت، کــە هــیچ شــتێک و



بوونەوەرێک شیاوی پەرستنی نییە بێجگە لە خودا (الله) و لە نێوان مرۆڤ و (الله)یشدا هیچی دیکە نییە[122].

3. ڕێگەی سێیەم بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانج، لای نەقشبەندییەکان، بریتییە لە سەرنج و ئاراستەبوون (توجە) و چاودێری و کۆنترۆڵ (مراقبە)، واتە مورید هەمیشە واتەی ناوی خودا (الله) لە دڵیدا ڕابگرێ و بە هیچ جۆرێک لە خودا بێئاگا نەبێ و لە بیری نەکات[123]، کە مورید گەیشتە ئەم حاڵەتە ئیدی سەرەتای بۆخواسووتان، فەنا (فناء)ی لا دەست پێ دەکات. بۆ ئەم حاڵەتەش دەبێ وەک حاڵەتەکانی تر مورید خۆی بۆ ئامادە بکات و لە گۆشەیەکی چۆڵدا دانیشێ و هیچ خەیاڵ و بیر و ئەندێشەیەک لە دڵیدا نەهێڵێ و هەمووی دەراوێژێ و ڕووی دڵی لە خودا بکات و بەبێ هۆ و میانگەریی مورشید و بێ ئەنجامدانی یادکردنەوە و بەوپەڕی خۆبەکەمگرتن و کزی و داماوی و خۆبەدەستەوەدانەوە و بە هەموو توانست و خواست و ئارەزوو و هێزێکی گیانەوە، لە خوا بپاڕێتەوە، کە بەزەیی پێدا بێتەوە و بەرەکەتی خۆی بەسەر دڵ و گیانیدا هەڵڕێژێ (الفیض، تجلي، Emanation) و گیانی بە نووری خوا ڕووناک بێتەوە و بگاتە حاڵەتی نەشئە. بەردەوامبوونی شەو و ڕۆژ لەسەر ئەم حاڵەتە، دەبێ

---

[122] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل388-394.

[123] مودەڕڕیس، یادی...، ل143-144.

ئەوەنــــدە درێــــژەی بـــدرێتێ تـــا دەبێتـــە هێزێکـــی بەردەوام/مەلەکە (ملكة) واتە هەست و خدە بۆ مرۆڤ.

ئـەم حاڵەتـە لـە سـۆفییایەتیدا پێـی دەڵـێن نـاوبراو (مذكور) نەک یادکردنەوە، واتە دڵدان بە خاوەن ناو، کە خودایە، نەک ناو، کە یادکردنەوەیە. بـەم جۆرە، خـاوەن نـاو لـە گیانـدا دەدرەوشـێتەوە و ئامـادەیی (حضـور) و بینین (مشاهدة) یا بینینی هەموو شتەکانی، کە دەبینـرێن وەک یەکەیەک (شـــهود) پـــێ دەگـــات. گـــەورەپیاوانی سـۆفییایەتی دەڵـێن جەزبـە (جذبـە) واتـە حەپەسـان و ڕاکێشـــران بـــۆلای خـــودا، لـــە ڕێگـــەی ســـەرنج و چـاودێرییەوە (مراقبـة) زووتـر دەسـت دەکـەوێت تـا لـە ڕێگـەی یادکردنـەوەوە[124]. لـەبارەی خەلیفـەی دووەمـی ڕاشـیدین عومـەری کـوڕی خەتتابـەوە (644 ز مـردووە) دەگێڕنەوە، کـە کاتێـک سـوورەتی کوویرەت (کـورت)[125]ی دەخوێنـدەوە جەزبــە دەیگـرت و پێیــەکانی دەدا بــە زەویدا. لـەبارەی سـەلمانی فارسییشـەوە دەگێڕنـەوە، کە کاتێـک سـوورەتێکی دیکـەی دەخوێنـدەوە بـە هـەردوو دەسـتی سـەری خـۆی دەگـرت و جەزبـە دەیگـرت و لـە مـــاڵی خـــۆی ســەرســـام و پەشـــۆکاو و واقوڕمـــاو و

---

[124] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل398.

[125] القرآن الكريم، سورة كورت، الآيات1-29.

حەپەساو وەدەردەکەوت و وێڵ دەبوو و لە ماوەی سێ ڕۆژاندا چواردەور و هەموولایەکی لێ بزر دەبوو[126].

[126] Habib, Madelain, Some notes on the Naqshbandi order, The Kurdish World, Vol: 1 L1X, 1969. P.45.

## خێ. وشه پیرۆزەکان (کلمات قدسیه)

تەریقەتی نەقشبەندی لەسەر یازده وشه بنیات نراوە، که پێیان دەڵێن: وشه پیرۆزەکان (کلمات قدسیة). ئەو وشانەش بنگه و دەستوور (قواعد وأصول)ـەکانی تەریقەتی نەقشبەندین. ئەم بنگه و دەستوورانه، یازدگانه (یازدەکان)یشیان پێ دەڵێن. هەشت دانەیان 1-8 لە لایەن خواجه عەبدولخالیق غوجدوڤانییەوە دانراون و سێیشیان 9-11 لە لایەن بەهائوددین نەقشبەندەوە دانراون و خراونەتە سەر ئەوانی دیکە[127]. ئەم وشانە بە فارسی نووسراون و لە هەموو زمانێکیشدا بە هەمان شێوەی فارسییەکە دەردەبڕدرێن[128]. ئەم وشانە ئەمانەن:

---

[127] Utas Bo, The Naqshbandi in central Asia (Lunch talk for the committee on Inner Asian & Altaic Studies at the Faculty Club, Harvard Univercity) 2 March 1988, p12-16.

[128] بخارایی.،. قدسیه.،.ل54.

1. هــووش دەر دەم (هــوش در دم): بــە واتــای کۆنترۆڵکردنی هەناسە لە کاتی یادکردنەوەی (لا إلـه إلا اللـه)دا[129]. لـە کتێبـی تـەنویرولقولووب فـی موعامەلـەتی عــەللامولغیووب (تنــویر القلــوب فــی معاملــة عــلام الغیـوب)دا، موحەممـەد ئـەمین ئـەلکوردی (محمـد أمـین الکردي) (1913ز مردووە) دەڵـێ: "پاراسـتنی هەناسـە لـە فەرامۆشی و لـەبیرچوون کاتی هەناسـەدان و وەرگـرتن و لــە نێوانیشــیاندا، بــۆ ئــەوەی دڵــت[130] لــە هــەموو هەناسـەیەکدا لەگـەڵ خـوادا ئامـادە بێـت"[131]، ئەمـە ئـەوە دەگەیــەنێ، کــە ڕێبــوار لــە کــاتی هەناســەداندا، بیــر و خەیاڵی بەملا و بەولادا نەڕوات و تەنێ بیـری لای خـودا بێت.

2. نـەزەر بـەر قـەدەم (نظـر بـر قـدم): هەنـدێک لایـان وایـە، نـەزەر بـەر قـەدەم ئـەوە دەگەیـەنێ، کـە سـۆفی لـە کـاتی ڕۆیشـتندا چـاوی لـە بـەرپێی خـۆی بێـت و بیـر و خەیاڵی پـەرش و بـڵاو نـەبێت و ئاگـای لـە جووڵانـەوە و ڕۆیشتنی خۆی بێت و کۆنترۆڵی بکات[132]، بـەڵام ئیمـام ڕەببـانی (شـێخ ئەحمـەد سـیرهیندی) دەڵـێ: نـەزەر بـەر قەدەم، مەبەستێکی مەعنەوییە و مەبەستیش لەم وشـەیە ئەوەیە، ڕێبوار بەرلەوەی لە پایە (مقام)ێکەوە بڕوات بۆ

---

[129] بخارایی...، قدسیە...، ل55.

[130] مەبەست موریدە.

[131] بخارایی...، قدسیە...، ل55.

[132] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل422-423.

پایەیەکی دیکە، بەرلەوەی بە پێی مەعنەوی هەنگاو بنێتە پایەکەی، بە بینینی مەعنەوی سەیری ئەو پایەیەی خۆی دەکات و ئەوجا هەنگاو دەنێ و دەڕواتە پایەکەوە، بەو سەرنجدان و وردبوونەوەیە لەو پایە نوێیە دەڵێن نەزەر بەر قەدەم (نظر بر قدم). نەزەر بەر قەدەم، پێوەندی بە حاڵی سەفەر دەر وەتەن (سفر در وطن)ـەوە هەیە، چونکە ئەو ڕۆیشتن و پێشکەوتنە، لە پایەیەکەوە بۆ پایەیەکی دیکە، بۆ خۆی سەفەر دەر وەتەنە و بە سەرنجدانی بەر پێی خۆ لە کاتی سەفەردا دەڵێن نەزەر بەر قەدەم، کە دەکاتە ئاگاداربوونەوە و شارەزابوونی ڕێبوار لە پلە و پایە و شوێنی نوێی خۆی[133].

3. سەفەر دەر ڤەتەن (سفر در وطن): لای نەقشبەندییەکان واتایەکی مەعنەوی هەیە و مەبەستیش لێی تێکۆشانی ڕێبوارە بۆ سەفەرکردن و شوێن و پایەگۆڕین، لە پێناسەیەکی مرۆڤانەوە بۆ پێناسەیەکی خودایانە (ملکوتی) و لە پێناسەیەکی ناپەسەندەوە بۆ پێناسەیەکی پەسەند. هەروەها سەفەرکردنیشە لە جیهانی ڕسکاوەوە بۆ لای خودا، واتە دوورکەوتنەوە لە فێڵ و هەڵفریوێنەرییەکانی جیهان و نێزیکبوونەوە لە خودا[134]. سەفەر دەر وەتەن گەشتە لە ناو نەفسدا، واتە ڕێبوار بە نێو خۆیدا گەشت دەکات[135].

---

[133] نەقشبەندی...، تەصەووف، ل422-423.

[134] نەقشبەندی...، تەصەووف، ل425.

[135] Utas., the Naqshbandi. p13.

4. خەڵڤەت دەر ئەنجومەن (خلوت در انجمن): خواجە عەبدولخالیق غوجدوڤانی دەڵێ: "در خلوت را، در بند و در خدمت را، بگشای"، واتە: لە گوشەگری و تەنیاییدا دەرکە کلۆم بکە و لە خزمەتیشدا دەرکە والا بکە. مەبەست لەمە ئەوەیە، سۆفی، لەناوەوەی خۆیدا، لەگەڵ خودادا بێت و وەکی دیش، تێکەڵبوونی خەڵک فەرامۆش نەکات. گۆشەگری (خەڵوەت) مەسەلەیەکی دەروونییە، واتە دەروونی ڕێبوار لەگەڵ نهێنییەکانی خوادا بێت و سەرنجیان بدا و لێیان ورد بێتەوە و بۆ خۆیشی بە ئاشکرا لەگەڵ خەڵکدا بێت و بە دەروونیش لەگەڵ خوادا. لەناو کۆڕدا بێت، لێ لە ناوەوەی خۆیدا تەنێ لەگەڵ خودادا بێت، بە ڕواڵەت و ڕووخسار، لەناو کۆمەڵ و خەڵکدا، بەڵام بە ناوەڕۆک و دڵ لەگەڵ خوادا. موحەممەد ئەمین ئەلکوردی لە کتێبی تەنویرولقولووب (تنویر القلوب)دا دەڵێ: "دڵی ڕێبوار دەبێ لە هەموو حاڵەکاندا لەگەڵ خوادا بێت، دوور لە خەڵک بێت لەگەڵ ئەوەشدا، کە لە نێویاندایە" [136]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ڕێبوار لە کاتی بوون و ڕوونیشتنیشیدا لەگەڵ خەڵکدا، دەوروبەری خۆی لەبیر دەکات و گوێی پێ نادات و تەنێ بیر لە خوا دەکاتەوە وەک لە قورئاندا دەڵێ: ﴿رِجَالٌ لَّا تُلۡهِيهِمۡ تِجَٰرَةٌ وَلَا بَيۡعٌ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ﴾[137]، واتە:

[136] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل427.

[137] القرآن الكريم، سورة النور، الآية37.

خەڵکانێک هیچ بازرگانی و فرۆشتنێک لە یادکردنەوەی خودا فەرامۆشیان ناکات.

5. یاد کەرد (یاد کرد): بە واتای یادکردنەوە و یادکردنەوەیش لە نەقشبەندیدا واتە یادکردنەوەی بێدەنگ (صامت، خفي)، یادکردنەوەییک، کە لە دڵدا دەکرێت. تەریقەتی نەقشبەندی، کە درێژەپێدانی تەریقەتی خواجەگانە و تەریقەتی خواجەگانیش دەگەڕێتەوە بۆ عەبدولخالیق غوجدوڤانی، هەر لەوەوەڕا گرنگی بە یادکردنەوەی خەفی دراوە. پێش ئەو، یادکردنەوەی بەدەنگ ئاشکرا (جهري) دەکرا. مەبەست لە وشەی یاد کەرد بەردەوامبوونە لەسەر یاد، کە دەکاتە یادکردنەوە. بۆ ئەم یادکردنەوە بێدەنگە پێویست بە بەکارهێنانی زمان و دەنگ و تیپ ناکات و مرۆڤ دەتوانێ هەموو کات و لە هەموو شوێنێکدا ئەم یادکردنەوە بکات[138].

6. باز گەشت (باز گشت): ئەمەش بە واتەی ئەوەیە، ڕێبوار لە پاش هەموو یادکردنەوەیەک ئەم ڕستەیە: "إلهي أنت مقصودي ورضاك مطلوبي" لە دڵی خۆیدا دەڵێ. ئەم ڕستە یا گوتەیە، هەموو بیر و خەیاڵێکی باش و خراپ لە گیانی ڕێبوار دوور دەخاتەوە و گیانی پاک دەکاتەوە. بۆ ئەوەی یادکردنەوەکەی لە هەموو پیسییەک خاوێن بێتەوە و دڵیشی لە شتی دیکەی بێجگە

---

[138] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل429.

له خوا ڤالا بێت، گەرەکە بێجگە لە خوا، نە بیر و نە خەیاڵ، لە هیچ کەس و هیچ شتێکی دیکە نەکاتەوە. گەڕانەوە بۆ خوا و جەختکردن لەسەر ئەوە، بە واتای بازگەشتە[139].

7. نیگاه داشت (نگاه داشت): واتە ڕێبوار دەبێ ئاگا بێت و هەوڵ بدات بۆ ئەوەی خەیاڵ و خەتەرە و ئەندێشە، چ باش و چ خراپ، لە کاتی یادکردنەوەدا، ڕوو لە دڵی نەکات. تێپەڕنەکردنی هیچ خەیاڵ و ئەندێشەیەک بە دڵدا زۆر سەختە و ڕەنگە هەر نەکرێت، بەڵام دەبێ مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات، ئەو ئەندێشە و خەیاڵانە جێگیر نەبن و تێژپەڕ بن[140]. عەبدولمەجید ئەلخانی (عبدالمجيد الخاني) لە کتێبی ئەلحەدائیقولوەردییە (الحدائق الوردية)دا دەڵێ: "مەبەست لە پاراستنی دڵ لە خەیاڵ و ئەندێشە، جێگیر نەبوونیەتی لە کاتی تێپەڕیندا بە دڵدا"[141]، واتە چاودێریکردنی دڵ لە بیر و خەیاڵی خراپ و ناپەسەند.

8. یاد داشت (یاد داشت): مەبەست لەمە بەتەواوی و بەڕاستی ڕووکردنە دیتنی نووری خوای تاک و تەنیایە[142]. یاد داشت بینین (مشاهدة)یشی پێ دەڵێن. موحەممەد ئەمین ئەلکوردی دەڵێ: "مەبەست لە یاد

---

139 بخارایی..، قدسیه..، ص60.

140 نەقشبەندی..، تەصەووف..، ل431.

141 بخارایی..، قدسیه..، ص61.

142 بخارایی..، قدسیه..، ص62.

داشت ئەوەیە، دڵ هەموودەم و بەردەوام و لە هەموو حاڵێکدا و بێ زۆرلەخۆکردن و دووڕوویی، لەگەڵ خوادا بێت و ئەم ئامادەیی و لەگەڵ خوادا بوونەش وەدەست نایەت تا ڕێبوار پایەکانی جەزبە و شوێنگەکانی ڕێبواریەتی نەبڕێت"[143]. یاد داشت، پاش ڕەنج و تێکۆشان، کە ڕەنگە بە هۆی یادکردنەوەوە یا چاودێرییەوە یا یارمەتی مورشیدەوە پاش بڕینی هەموو کۆسپێک، ڕێبوار بیگاتێ.

9. وقووفی زەمانی (وقوف زمانی): بە واتەی چاودێری کات و حاڵەکان. ئەگەر باش بن، ئەوا مرۆڤ سپاسی خوا دەکات و ئەگەر خراپیش بن ئەوا مرۆڤ داوای بەخشین و لێخۆشبوون لە خوا دەکات[144]. لای سۆفییەکانی دیکە بەم حاڵەتە دەگوترێ لێپرسینەوە (محاسبة) بە واتەی لێپرسینەوەی کات و حاڵ. جامی دەڵێ "وقووفی زەمانی بریتییە لە لێپرسینەوەی کات"[145]. مەبەست لەم وقووفی زەمانییە ئەوەیە، مرۆڤ لە حاڵەتی دڵگیران (قبض)دا، کە لە بێئاگایی (الغفلة)ەوەیە، داوای بەخشین و لێخۆشبوون لە خوا بکات و لە حاڵەتی دڵکرانەوە (بسط)دا، کە لە ئاگایی (الوعي)ـەوەیە سپاسی خوا بکات[146].

---

[143] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل431.

[144] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل432-433.

[145] بخارایی...، قدسیە...، ص63.

[146] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل432-433.

10. وقووفی عەدەدی (وقوف عددی): ئامرازێکە بۆ چڕبوونەوە، خەستبوونەوە، تەرکیز (ترکیز) و بە واتەی چاودێری هەناسە و ژمارەی گوتن و دەربڕینی یادکردنەوەکان، لەگەڵ هەموو هەناسەیەکدا دەبێ مرۆڤ ئاگای لە ڕەچاوکردنی ژمارەی تاک بێت لە کاتی یادکردنەوەدا، واتە کەسی یادکردنەوەکار لە یەک هەناسەدا 3 یا 5 یا 7 یا 21 جار یادکردنەوە بکات و وشەکە بڵێتەوە. بە پێی پێناسەی جامی، وقووفی عەدەدی "چاودێری و ئاگاداری ژمارەی یادکردنەوەیە، کە ئەنجامێکیان دەبێ یا نەء" [147].

11. وقووفی قەلبی (وقوف قلبی): بریتییە لە ئاگاداربوونی ڕێبوار لە حاڵی دڵی خۆی، واتە دڵی بخاتە ژێر چاودێرییەوە و هەوڵ بدات بۆ ئەوەی بزانێت ئایا دڵی یادکردنەوە دەکات یا نەء. ڕێبوار دەبێ شێوەی دڵی گۆشتین لەبەرچاو لابدات، واتە وقووفی قەلبی ڕاوەستانە بەسەر دڵەوە و چاودێریکردنێتی وەک بەرپرس و سەرکار، کە دڵ هەم یادکردنەوە بکات و هەم لە خوا بێئاگا نەبێت. مەبەست لە دڵیش شوێنی دڵە نەک شێوەی دڵ. مەبەست لە یادکردنەوەیش باسکراو (ناوبراو)ە واتە خوا نەک تیپ و وشە. لە کاتی یادکردنەوەدا، ئەگەر مرۆڤ ئاگای لە دڵی نەبوو، واتە وقووفی قەلبی نەکرد و هەر یادکردنەوەی بە دەمدا

[147] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل432-433.

هات، ئەوا تەواوی تەقەلا و ڕەنجی بەفیڕۆ دەڕوات[148].
وقووفی قەلبی دوو مەرجی هەیە:

یەکەمیان: ڕێبوار گەرەکە هەوڵ بدات هیچ جۆرە خەیالێک بە بیریدا نەیەت. دووەمیشیان: ئەگەر خەیاڵێک بە دڵ و هۆشیدا هات، گەرەکە لە یادکردنەوە ڕاوەستێ و جڵەوی خۆی بگرێ و تەقەلای وەدەرنان و دوورخستنەوەی ئەو خەیاڵە بدات و دوای ئەوە دەستبکاتەوە بە یادکردنەوە، ئەو حاڵە پێی دەگوترێ: ڕاگرتن (التوقیف). بەگوێرەی ڕێنوێنییەکانی ڕێبەر، وا باشە لە کاتی یادکردنەوەدا هەناسە ڕاگیرێت. بەو جۆرە دڵ گەرم دەبێت و تاسە لە هەناودا پەیدا دەبێ و خۆشەویستی دەزێتە دڵ و دەروون، کە دوودڵی و ڕاڕایی وەدەردەنێت و ئیدی بەرەبەرە پەردەکان لە بەردەم ڕێبواردا نامێنن و دەکرێنەوە.

[148] نەقشبەندی...، تەصەووف...، ل434.

## دێ. کەسایەتییە گرنکەکانی تەریقەتی نەقشبەندی

پیاوانی گەورە و گرنگی تەریقەتی نەقشبەندی، کە بە بیر یا کردار یا شێواز، نۆرەیەکی لەبەرچاو و مەزنیان بینیوە، ئەمانەن:

- بەهائوددین نەقشبەند، کە درێژەپێدەر و بەردەوامیی تەریقەتی خواجەگانی عەبدولخالیق غوجدوڤانییە.
- خواجە عەبدوڵڵا ئەحرار (806-895ک)، کە لە سەردەمی تیموورییەکاندا بەناوبانگترین و دەمڕاسترین شێخ بوو.
- شێخ ئەحمەد سیرهیندی (ئیمام ڕەببانی) لە هیندوستان.

- مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە کوردستان[149].

[149] مەولانا خالیدی نەقشبەندی: زیائوددین خالید کوڕی ئەحمەد کوڕی حوسەین. سەربە هۆزی جافە و لە تیرەی میکایەڵییە و لە نەوەی پیر میکایەڵی شەش پەنجەیە. لە سالّی 1779ز لە ناوچەی (قەرەداغ)ی سەر بە سلێمانی لە دایک بووە. دایکی ناوی فاتیمەیە و لە سەیدەکانی پیرخدرییە و لە باوکیشیەوە دەچێتەوە سەر خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدین، عوسمانی کوڕی عەففان (عثمان بن عفان). مەولانا خوێندنی مەلایەتی لەسەر دەستی مەلا گەورە و ناودارەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان خوێندووە. بە مەبەستی خوێندن سەردانی شاری (سنە)ی ڕۆژهەلاتی کوردستانی کردووە. بۆ وەرگرتنی (تەریقەت) لە سالّی 1808ز و لە تەمەنی سی ساڵییدا ڕوو دەکاتە هیندوستان و لە شاری دەلهی چەندین ساڵ لە بەردەستی (شێخ عەبدوڵلای دەهلەوی)دا دەخوێنێت و پابەندی تەریقەت دەبێ و هەموو بنەما و ناوەڕۆک و پایەکانی تەریقەتەکەی لێ وەردەگرێت و لە سالّی 1811ز دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و عێراق و بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە و ڕێنونیکردنی موسوڵمانان، لە نێوان سلێمانی و بەغدادا هاتوچۆ و جێگۆڕکێ دەکات. مەولانا، نە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بووە و نە سەر بە میرانی بابان، ئەو خاوەنی هیچ نەبوو و تاکە ئامانجی ئەو ڕزگارکردنی خەڵک بوو لە بندەستیی میر و ئاغا و دەرەبەگ، ئەو دژی ئەو دەسەلاتانە بوو. ئەو هانی خەڵکی دەدا، بە قسەی ئەوانە نەکەن و ئازاد بن. پاش ماوەیەک بەهۆی ناکۆکی نێوان میرانی بابان لە لایەک و ململانێی توندی (شێخ مارفی نودێ)ی ڕێبەری تەریقەتی قادری لە شاری سلێمانی لەگەڵی لە لایەکی دیکەوە و پشتگریی ئەو میرانە لە شێخ مارف و لە دژی مەولانا، بە یەکجاری ڕوو دەکاتە وڵاتی شام و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، تا لە سالّی 1827ز، کۆچیدوایی دەکات. ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە لانکە و کانگای سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ڕێبازی نەقشبەندی دادەنرێت

## ڕێ. کارکارتێکردنی تەریقەتی نەقشبەندی لە ئەدەب

هەرچەندە شتێک بە ناوی ئەدەبی ئیسلامی، ئەدەبی مەسیحی، ئەدەبی جوو، ئەدەبی زەردەشتی یا بوودایی یا تاوی نییە، چون ئەدەب ناتوانێ ببێتە ئەدەبی ئایینێک، بەڵکە دەبێتە ئەدەبی گەلێک، نەتەوەیەک، زمانێ، لێ ئەوە هـزرە، کە دەشـێ بەنـاوی ئـایینێکەوە بناسـرێ، وەک هویری ئیسلامی، مەسیحی یا جوو یا هەر ئۆڵێکی دیکە، لێ لەگەڵ ئەوەشدا ئۆڵ یا ڕێبازێکی ئایینی دەتوانێت کـاریگەریی خـۆی لەسـەر ئەدەب یـا بەشـێک لە ئەدەب لەکـن نەتەوە و گەلانـی جیـاواز دانێـت. تەریقـەتی نەقشبەندی کاری کردووەتە سەر ئەدەب و شیعریش.

---

و لەگەڵ باسکردنی ڕێبازی نەقشبەندیشدا، ناوی (مەولانا خالیدی نەقشـبەندی) مەزنتـرین و ترۆپکـی ئەو نـاوانەیە، لەو بـوارەدا دەبیسرێن. لە دوای خۆی، مەولانا چەندین کتێب و نامە و شیعر و نووسینی لە بواری ئایینی و سۆفییایەتی و تەریقەتی نەقشبەندیدا، بە زمانانی فارسی و عەرەبی جێ هێشتووە.

شـــاعیرانی مـــەزنی وەک عەبـــدوڕڕەحمانی جـــامی (عبدالرحمن جامی) و عەلیشـیر نـەڤایی (علیشـیر نـوایی) لەو کەسـانە بـوونە، کە چووبوونـە ڕیـزی پێڕۆیـانی تەریقـــەتی نەقشـــبەندییەوە. شـــیعر لـــە بـــارەی نەقشـبەندییەوە بـە زمانـانی سـەربۆکرواتی، بۆسـنەیی، ئـەلبانی، کـوردی و هینـدی نووسـراونەوە[150]. دیتنـی سۆفییەکان لەبارەی ئایینەوە، وەک ئـەزموون و کـارێکی خـۆیی و تاکەکەسـی، کـارێکی وای کردووەتـە سـەر دیتنیـان لـەبارەی شیعریشـەوە، کـە شـیعریش بـە ئەزموونێکی خۆیی و تاکەکەسی دابنێن. بەو پێیـە شـیعر لە لێکدانەوەوە، گۆڕا و بوو بە داهێنان.

[150] Algar., The Naqshbandi., p142

**ڕێ. لایەنە سیاسی، ئابووری و جڤاکییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و شەریعەت و باوەڕ لەکن ئەوان و سۆفییانی دیکە:**

بێجگە لە ئایین، تەریقەتی نەقشبەندی لایەنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیشی هەبووە. لە دەڤەرەکانی ترانسسەکسۆنیا، ڕووسیا و ئاسیای نێوەڕاست، ئەم تەریقەتە نۆرەی خۆی بینیوە و لە سەردەمی تیمووررییەکاندا لە سەدەی پێنجەمدا، ئۆڵ و سیاسەت تێکەڵ کران و پێشەوا ئایینییەکان بوون بە پێشەوای سیاسی. هەم شێخ ئەحمەدی سیرهیندی و هەم مەولانا خالیدی نەقشبەندی، جەختیان لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی، لە کۆمەڵدا لە لایەن فەرمانڕەوایانەوە و گێڕانەوەی خەڵک و جڤاک بۆ ژیانی ئیسلامی ڕاستینە، کردووە.

ئەو جێگەیەی، نەقشبەندییەکان تێیدا کۆ دەبنەوە، پێی دەگوترێ خانەقا. خانەقا جێگەی نوێژ، یادکردنەوە،

کۆبوونـەوە، بـەجێهێنانی بۆنـە و ئاهەنگـە ئایینییـەکان و جێگـەی وانەگوتنـەوە و خوێنـدن و ئامۆژگـاریکردن و جێگـەی دیتنـی شـێخ و مورشـیدە و هەنـدێ جـاریش دەبێتە جێگەی حەوانەوە و مانەوەی میوانان[151].

تەریقـەتی نەقشـبەندی لـە ڕاسـتیدا، بیرکردنەوەیـەکی فەلســەفەیی قوولــە و لــە بــارەی دیــتن و ڕیشــەی چینایەتیشــەوە تەریقەتــە ســۆفییەکان و بــە تایبــەت تەریقــەتی نەقشــبەندی لــە پێشــدا، ڕێبــازی خەڵکــە چەوساوە و هەژار و ڕەشـوڕووتەکانی کۆمـەڵ بـوون و نوێنەرایـەتی ئـەو خەڵکانـەیان کـردووە و سـۆفییایەتی خـۆی دەنگـی بێـزاری دەربڕینێکـی نەریتییـە دژی چینـە دەســەڵاتدار و بــەرزەکانی کۆمــەڵی ئیســلامی، کــە فەرمانڕەوا و چەوسێنەری خەڵک بوون و بۆ خۆیشـیان بە ڕابواردن و تێر و تەسەلی و دنیاپەرستییەوە خەریک بوون و دەژیان.

چینە دەسەڵاتدار و هەژموونداره‌کان، هەمیشـە هـانی خەڵکیـان داوە بۆ دەستبەرداربوون لە دونیـا و بەڵێنیـان بە خەڵـک داوە، کە خـودا لە دونیـاکەی تـردا، قەرەبـووی نەداری و ئـازار و سـەختییەکانی ژیانیـان دەکـاتەوە. لە کاتێکـدا، ئیسـلامی ڕاسـتینە خەبـاتکردن لە دنیـادا بـۆ وەدەســـتهێنان و پیرۆزکردنـــی دادوەری وەک ئەرک و فەرز دادەنـێ لەســەر خەڵـک، چـون مـرۆڤ پەیـامێکی

---

[151] Utas., Notes on Afghan., P:60-62

خودایی پێیە و ویست و خواستی خودایش لە ڕێگەی ویست و خواستی مرۆڤەوە دەردەبڕدرێ و دەنوێنرێت، نەک لە ڕێگەی خۆماتکردن و گۆشەگری و گەشتێکی نەبینراوەوە. نەقشبەندی و سۆفیگەری بە گشتی لە ئاراستە جڤاکییەکەیدا، بەرەوڕووبوونەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، دین و دارایی (سامان و ئابووری)یە، کە لە قورئاندا، فیرعەون[152]، هێمایە بۆ دەسەڵاتی سیاسی فەرمانڕەوا و دەوڵەت، بەلعام[153]، هێمایە بۆ دەسەڵاتی ئایینی ڕەسمی، قاروون[154]، هیمایە بۆ دەسەڵاتی دارایی.

---

[152] وەک چۆن وشە یا ناوی کیسرا (کسرى) بۆ پاشایانی فارس و ئێران و ناوی تزار یا قەیسەر بۆ پاشایانی ڕووم و ناوی نەجاشی بۆ پاشایانی حەبەشە بەکار براون، ناوی فیرعەونیش بۆ پاشایانی کەونارای مسر بەکار براون. وشەی فیرعەون (فرعون) لە قورئاندا 71 جاران و لە 27 سوورەتدا هاتووە.

[153] بەلعام کوڕی باعوورابلعام بن باعورا بن سنور بن وسیم بن ناب بن لوط (ع) بن هاران). یەکێک بووە لە زانایانی ئیسرائیلییان لە سەردەمی پەیامهێنەر مووسا و فیرعەوندا. لە تەورات و ئینجیلدا ناوی بەلعام وەک پیاوخراپ هاتووە. لە قورئاندا لە سوورەت (الأعراف)دا ناوی هاتووە.

[154] قاروون، یەکێک بووە لە دەوڵەمەندەکانی جوولەکە لە سەردەمی پەیامهێنەر مووسادا. فیرعەون قاروونی کردبوو بە وەزیر. کلیلی هەموو گەنجینەی زێڕ و پارەوپووڵی لەکن بوو. لە قورئاندا لە سوورەتەکانی (العنکبوت، غافر و القصص)دا ناوی هاتووە.

بزاقـــی ســـۆفییایەتی بەگشـــتی و لە نێویشـــیاندا نەقشـبەندییەکان، شـەریعەت بـە نیشـانە و هێمـایەکی واتای دەروون دادەنێن، واتە: بەهای شەریعەت لە لایەنە ئاشـــکراکەیدا نییـــە، بەڵکـــە لـــە واتـــا نادیـــار و دەروونییەکەیدایە. ئیسلام بە گوێرەی ئەم دەربڕین و دیتنـە، لـە نـاوەڕۆک و کرۆکـدا شـەریعەت نییـە بەڵکـە حەقیقەتە، ئایین دڵە. مرۆڤی موسوڵمان ئەو کەسە نییە، سـەر بـە بنگـە و چوارچێـوە و قاڵـب و دەسـگە و دامەزراوە بێت، بەڵکە ئەو کەسەیە، کە سەر بە ڕاز و نهێنییـە. مەبەسـت لەمـەش دامـاڵین و تەجریـدکردنی قورئانە لە ئایینزایەتی، مەزهەبییەت (المذهبیة)، ئیسلام دڵە، نە ئاکارە و نە فەلسەفە و نەش یاسا (تشریع). بەم جـۆرەش بـاوەڕ، ئیمـان (إیمـان) قسـە نییـە. بۆیـە ئـۆڵ کەلەپوورێک نییە، بە میرات بمێنێتەوە یا بگوێزرێتەوە، ئـایین بزاڤـی دڵـە، ئـەو بزاڤـەش مـرۆڤ تێیـدا دەژی و ناگوێزرێتەوە. باوەڕ (ئیمان) ئەزموونێکی زۆر بەهێزە، وەسف ناکرێ. ئیمان خۆشەویستی و عیشقە.

بـەگوێرەی ئـەو دیـدە، مەبەسـت و واتـەی ئاشـکرای شەریعەت گۆڕا، حەجکردن بە ویست (بالهمة)، جێگەی حـەجکردنی بـۆ مـاڵی خـودای گرتـەوە و سـەفەری گیانـەکی، جێگـەی سـەفەری لەشـەکی گرتـەوە و بـۆ نموونەش یادکردنەوە، جێگەی نوێژی گرتەوە و نوێژی دەروونییش، جێی شێوەی ئاشکرای نوێژی گرتەوە. یادکردنـەوە، دانیشـتن و ئامادەبوونـە لای خـوا و

گفتوگۆیه، بۆ وروروژاندنی حاڵەتی خۆشی و چێژ، وەجد (الوجــد) و ورشــه (إشــراق). یادکردنــەوە ڕێگــەی خۆشەویسـتی و زانیـاری و نەمـان، فـەنایە (فنـاء)، یـا ڕێبـازی سـۆفییە بـۆ گەیشـتن بـه خـودا، بەرانبـەر بـه ڕێبازی هۆشەکی لـه فەلسـەفەدا، یا ڕێبـازی گـوێزتنەوە، نەقلی (نقلي)، کە کار لەسەر لێکدانەوە و شیکاریی دەقە گوێزراوەکـان دەکـات لـه ئاییندا. ویلایـەت (الولايـة)، بۆ نموونە، جێی پەیامبەرایـەتی گرتـەوە. ویلایـەت بەخشـین (منحة)یەکی خوداییە، وەک پەیامبەرایەتی، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێ، کە دانراو و بڕیاردراوێکی (مقدر) ئەزەلییە و وەدەسـت ناهێنرێت و بەهرەگرییـه (مكتسـب). ڕوونـاکی (نــور)ێکی خوداییــه، خــوا دەیهاوێژێتــه نێــو ســینگی ســۆفییەوە. ســۆفییایەتی لــه لایەنــه سیاســییەکەیەوە شۆڕشی نەدارایی و نەبوونەیی بووە لە جیهانی دارایی و موڵکدارێتیدا و ئامانجیشی ڕووخاندن و تێکشکاندنی ئیســلامی نــەریتی و دەســەڵاتدار و ڕەفــزی کۆیــەتی (الجماعية)یه[155].

هەر لە دوای کۆچیــدوایی مــــەولانا خالیــــدەوە، تەریقەتی نەقشبەندی لـه ڕۆژهـەڵاتی ناڤیندا، کەوتـه ژێر پارێزگــاری و چــاودێری و چــەتری دەوڵەتــەوە و بــەو شـێوەیەش، ئـەو نـۆرە چالاکانـەی، کـە لـە سـەردەمی مــەولانا خالیــددا هــەیبوو لەدەســتی دا و بــەو جــۆرە تەریقەتەکــە، زۆر بــه هێواشــی و بــەکاوەخۆ، پــەرەی

155 أدونيس، الثابت...، ص 210 – 212.

دەسـەند و چ شـوێنێکی زۆر بـەناوبانگ و لەبـەرچاویش، وەک ناوەنـدێکی ڕێنوێنکـار، کە بتوانێـت جێـی مەولانـا خالید پڕ کاتەوە، پەیدا نـەبوو، بەڵکە تەریـقەتەکە دابەش بـوو، بەسـەر چەنـدین ناوەنـددا لێـرە و لەوێ. بـەوەدا دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی، کـە تەریقـەتی نەقشـبەندی و تەریقەتـەکانی دیکـەی سـۆفییایەتیش بـە گشـتی، وەک چۆن هەردەم، دوای دەستبەرداربوون و دوورکەوتنەوە لە ڕەوتە بنەڕەتیـیەکەی تەسـەووفە شۆڕشـگێڕییە دادخواز و یەکسانیخوازەکە، جۆرێک بوونە لە پەراوێز و چمکێکی گیانەکی ڕووحی، کە بە بێدەنگی و ئارامی و بـێ هەرا، لە سـێبەری هەمـوو ڕێبـاز و ئاراسـتەکانی دیکەدا بۆشاییەکیان پڕ کردووەتەوە، ئەوڕۆکـەش تـەنێ بوون بـە جـۆرە شـێوازێکی هەڤـۆتن و نـۆرەی فێـرگە و خوێنـدنگەیەک دەبیـنن و پتـر مۆچیـاری و پەیـامی پەروەردەیـی پەخـش دەکەنەوە و بـەو ڕەنگـە بـزاڤ و چـالاکی و بزۆزییـەکی (دینامیکیـة)، کـە لـە سـەرەتادا هەیانبوو لە دەستیان دا.

**کــاریگەریی ئــایین و ڕێبــازە هینــدییەکان، ئێرانییەکــان و بوودایيەکــان و فەرهەنــگە جیاوازەکــانی نەتەوە و گەلانــی جیهانی ئیسلامی، بەسەر ڕێبازە سۆفیگەرییەکانەوە بە گشتی و لە نێویشیاندا ڕێبازی نەقشبەندی:**

مرۆڤ ئەگەر بیەوێت توێژینەوە و شیکاری و لێکدانەوە بـۆ مێـژووی ئایینەکـان و مێـژووی هـزر و تێگەیشـن و کۆی دید و بیرکردنەوە زانیاری و گیانەکییەکانی جیهان بکــات، بــێ دیــتن و لەبەرچــاوگرتن و خوێنــدنەوە و تێگەیشــتن، لە تەواوی ڕایەڵە و هــێڵە یەکتربڕەکــان، کە ئەو مێژووە پێکەوە دەبەستنەوە، هەرگیز ناتوانێت وەهـا کارێــک ئەنجــام بــدات. ئەو مێــژووە، هەرچەنــدە هەر بڕگەیەکـی، تایبەتمەنـدیەتیی خـۆی هەیە، لـێ بڕگەکـانی، دوڕگەی تەنیا تەنیا و سەربەخۆ و لێکدابڕاو نین، بەڵکە تەواوی ئەو بڕگـانە دەچـنەوە سـەر کۆمەڵێـک بنچیـنە و ڕەگەزی هاوبەش. ئەو مێژووە هـاوبەش و کـارلێککرد و تـێکەڵە، لە سـەر ئاسـتی تیـۆری و تێگەیشـتن، کە کـردە

ڕەوتارییەکانی لەسەر دامەزراون، هەرگیز لە یەکتر دانابڕێندرێت و تەنیا ناخوێندرێتەوە، بە پێچەوانەوە، دۆزینەوەی هێڵ و ڕایەڵەی یەکانگیربوون و لێکچوون لە نێوان بڕگەکانیدا، وێناکردنێکی فرەوانتر و واقیعبینانەترە.

تەواوی ئەو دیتن و چەمک و تێگەیشتن و بەهایانەی، مرۆڤ بە درێژایی مێژوو، پێی گەیشتووە و دۆزیویەتییەوە، زادەی ڕۆژ و مانگ و ساڵێک و سالانێک نین، بەڵکە کەڵەکەبووی هەزاران ساڵەی تەمەنی مرۆڤایەتین. شیکار و باسکار و توێژەر و لێکۆڵەر، هێندەیان نەگەرەکە و هێندە سەخت نییە بۆیان، هاوبەشی و تێکەلاوی و یەکانگیری و یەکتربڕین، لە نێوان تێگەیشتن و پێکهاتە و ڕێکخستنە گیانەکییەکانی زەردەشتی و هیندۆسی و بوودایی و کۆنفۆشیانیزم (Confucianism) و تاویزم (Taoism) و جوولەکایەتی و مەسیحییەت و ئیسلامدا، بدۆزنەوە و ببینن. بەها گیانەکییەکانی مرۆڤایەتی، خۆرهەلات و خۆراوا و باکوور و باشوور، تیکڕا پێکەوە گرێ دراون، چونکە سەرچاوەکەیان یەک سەرچاوەیە، ئەویش "بوون"ـە و ئەویشی لەو سەرچاوەیەوە هەڵدەگۆزێ "مرۆڤ"ـە.

لە ماوەی هەزاران ساڵدا، هیندوستان و هزر و ئاوەزی هیندوستانییان، لە بنیاتنانی تێگەیشتنە فەلسەفەیی و سۆفییایەتییەکاندا، پێشینەی مێژوویی فەرهەنگ و زانیاری مرۆڤایەتی بوونە. بە هیندوستان

گـوتراوە "وڵاتـی حـیکمەت"، چـونکە ڕایەڵەی زانیـاری و فەرهەنگـــی و تـــێکەڵاوی و کـــارلێکردن، بە دەوروبەر و تەنانەت شارستانییەتە دوورەکانی بابیل و فیرعەونـی و حەبەشـــە و... گرێـــی داوە. لە ئەفغانســـتان و ئێـــران و ئایینی زەردەشتییشـدا، کاریگەریی هەبووە. ژمارەکانی، کە ئێسـتا عەرەب و ئێرانییـان بەکـاری دەهێـنن، هـزری دۆنادۆن[156]، نیرڤانا (Nirvana) ڕۆڵـی بەرمەکییەکـان[157]، کە وەک ئـــۆڵ لە دەســـپێکدا بـــوودایی بـــوون و لە

[156] دۆنـادۆن، واتە: گیـانگۆڕکێ. بەگـوێرەی ئەم بـاوەڕە، هەمـوو مرۆڤێـک، کە دەمـرێ و گیـانی لە لەشــی دەردەچێـت، ئەو گیـانە دەچێتە نێو لەشێکی دیکەوە، ئیدی مرۆڤ یا ئاژەڵ، بە پێی ئەوەی ئەو مرۆڤە مردووە، لە ژیانی خۆیدا چۆن بووە، چاک یا خراپ. ئەم بـاوەڕە لە ئایینەکـانی هیندۆسـی، سـیخی، جـاینی، بـوودایی، تـاوی، فەلسەفەی یۆنـانی، دورزی، ئێزدی، یارسـان و ئـاییـنی مایا و ئەنکا ئینـــدیانەکان، دانیشـــتووانە ڕەســـەنەکانی ئەمەریکـــای بـــاکوور و ئەمەریکای لاتیندا هەیە.

[157] بەرمەکییەکـان، وەک بـنەچە و ڕەسـەن دەگەڕێنەوە بـۆ شـاری بەڵـخ لە ئەفغانسـتان و ئێرانـی کـۆن. دەگەڕێنەوە سـەر پیاوێـک بە ناوی بەرمەک "برمک"، کە سەرپەرشتیاری پەرستگەیەکی بوودایی بووە لە نزیک شاری بەڵخ. بەرمەکییەکان لە بنەمادا بوودایی بوونە و دواتـر بـوون بە موسـوڵمان. لە سـەردەمی دەوڵەتـی عەبباسـیدا، نۆرەیەکی لەبەرچاو و دیاریان لە کارگێڕی ئەو دەوڵەتەدا هەبووە. خەڵکی لێهاتوو و شـارەزایان گەلێک تێدا هەڵکەوتووە و گەلێک لە خەلیفەی عەبباسی هـاروون ئەڕڕەشـید (هـارون الرشید)ـەوە نزیک بـوون و پـلەی باڵایـان لە نێـو کارگێڕییەکەیـدا هەبـووە. دواتـر لە ئەنجامی کێشەیەکدا، وەبەر نەفرەت و تووڕەیی خەلیفە دەکەون و قڕانیان دەکات.

سەردەمی عەبباسییاندا ژیاون، هاوردنی زانا و بژیشکانی هیندی بۆ کۆشکەکانی خەلیفەکانی عەبباسی، وەرگێڕانی زۆرێک لە سامانی ئەدەبی و فەلسەفەیی و بژیشکیی هیندی لە سەردەمی عەبباسییاندا، کەلیلە و دیمنە (کلیلە و دمنە)[158]ی ئیبنولموقەففەع[159]، وەک نموونەکتێبی وەرگێڕدراو، تەواوی ئەوانە و زۆری دیکەش، سەرەداوەیلێکن، ئایین و ئاوەز و هزری هیندی و هیندۆسی و بوودایەتی، بەو جیۆگرافیا بەربڵاو و شارستانییەتانەوە گرێ دەدەن. لە نێوان هەرسێ فەرهەنگی جیهانیی هاوسێی یەکدی، هیندی (هیندۆسی

---

[158] کتێبێکە لە بنەمادا کۆمەڵێک پەند و داستان و زانیاری و هۆشیاری بوودایییە، بە زمانی سەنسکریتی هیندی نووسراوە و لە زمانی ئاژەڵەوە دەگێڕدرێنەوە. لە سەردەمی ساسانییاندا، کراوەتە زمانی پەهلەڤی، فەهلەڤی (پهلوی، فهلوی) یا فارسی ناوەند، کە لە سەردەمی ئاشکانییەکاندا لە سەدەی سێیەمی پیش ز. تا کۆتایی سەدەی دووەمی زاییندا و دواتریش لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زاییندا تا ساڵی 651، کە ئیدی دەوڵەتی ساسانی ڕووخا، زمانی ڕەسمی بووە. دواتر لە لایەن ئیبنولموقەففەع (إبن المقفع)ـەوە کراوەتە عەرەبی و پاشتریش لە عەرەبییەوە کراوەتە فارسی و گەلێ زمانی دیکەی جیهانی.

[159] ئیبنولموقەففەع (أبومحمد عبدالله بن المقفع/ابومحمد عبدالله روزبه پور دادویه 724- 759)، لە فیروزاباد لە وڵاتی فارس لەدایکبووە و لە بەغدا مردووە. سەربە ئایینە کۆنەکانی ئێران بووە، دواتر بووەتە موسوڵمان، لێ گومان لە موسوڵمانیەتی و بیروباوەڕەکەی دەکرێت. لە سەردەمی هەردوو دەوڵەتی ئەمەوی و عەبباسیدا ژیاوە.

و بوودایی)، ئێرانی (زەردەشتی و ئیسلامی) و عەرەبیی ئیسـلامیدا، ڕەهەنـدگەلێکی زانیـاری سـۆفیگەری کـارلێککردوو، دەبینـرێن، هەوڵ دەدەن، ئەو ڕێگـر و کۆسـپە هەسـتەکییانەی، بـوونەتە بەربەسـت لەبەردەم نزیکبـوونەوەی مـرۆڤ، لە ڕاسـتینەی ڕاسـتییەکان یـا خـودای گەردوون و دۆزیـنەوەی میکـانیزمی پـاکژکردنەوەی نەفسـی مـرۆڤ، کە پێوەنـدداره به هەڵکشـان و بـاڵاچوون لە یۆگـا و سـۆفییایەتیدا، دەستنیشان بکەن.

یۆگا (Yoga)، بۆ ناسینی بوون و میکانیزمی چڕیی بیرکـردنەوە و ڕامـان و پـاڵاوتنی دڵ و پـاکژکردنەوەی نەفسـە، گرینگتـرین بـڕگە و تـۆپەڵە زانیـارییەکە، هیندوستان بە مرۆڤایەتی بەخشیوە. یۆگا، داوا دەکات، هەوڵ بدرێ بۆ: پاکژی، قەناعەت و قایلبوون، دداننان بە بـوونی خـودا، خوێـندنی دەقە ئاینییەکـان. یۆگـا، هەوڵ دەدات بـۆ بەجێهێنـانی بـڕێ جـووڵانەوەی لەشـەکی، کە دەبنە هۆی نەرمکردن و بەهێزکردنی لەش و پاراستنی هێـز. یۆگـا، بـاس لە کـۆنترۆڵکردن و چـاودێریکردنی هەناسـە دەکـات، بـۆ کـۆمەککردن بە لەش و عەقـڵ، بەوەش مـرۆڤ کـۆنترۆڵی عەقـڵ دەکـات و بە هەمـوو هەستێکییەوە ئاگای لە چواردەوری خۆی دەبێ و عەقڵ چـڕ دەکـاتەوە و بەرەو هەر جێیەکـی گەرەک بـێ ئاراسـتەی دەکـات. یۆگـا، هەوڵـدانە بـۆ فرەوانترکردنـی بەرینـایی ئاگـایی و هەسـتەوەریی عەقڵ، کە ئەوە ئیـدی

ترۆپکــی کــۆنترۆلکردنی عەقــڵ و لەش و گیــانە و ئەو حاڵەیە، کە ئیدی مرۆڤ لەگەڵ هێزێکی دەرێی گیان و نەفســی خــۆی دەبێــتە یەک. ئەو حــاڵەتەش، کە ترۆپکــی خۆشی و چێژە، بەهۆی ڕوونیشــتن و ڕامــانەوە، مــرۆڤ دەیگــاتێ و وەدەســتی دێنێــت. یۆگــا، گەردوون (بــوون و ڕسکان) بە دووانەی: مادده (سروشت) و گیان (ئاگایی، هۆش) پێناسە دەکات. ئازادی و ڕزگاربوونی گیانەکی، لە یۆگادا، کاتێک ڕوو دەدات، نەفس لە مــادده دابڕێت و دوور کەوێتەوە.

لە وڵاتی هیندوستان میلیۆنان خودایان هەیە و بڕێک لە هینــدییەکان چەنــدین خــودا دەپەرســتن، هەریەکەیــان لەبەر شــــتێک، بڕێکیشــــیان تەنیــــا یەک تــــاکە خــــودا دەپەرســـتن. ئەوان باوەڕیــان وایە، لە پشــت ئەو خــودا جیــاوازانەوە، تــاکە یەک خــودای مەزن هەیە، ئەویــش براهمــــــــا (Brahma)یە، کە ڕووحــــــــی گەردوونە. هیندۆسەکان باوەڕیان وایە، خــودا یــا بەشــێکی خــودا لە هەمــوو شــتێکدا هەیە، لە کەژ و ڕووبــار و دار و مــاردا هەیە و لە هەمــوو مرۆڤێکیشــدا، بزیســکێکی براهمــا هەیە و ئەو بزیسکە گیانی مــرۆڤە، کە هەرگیــز لەبەیــن ناچێــت و نەمرە.

لەش وەک کەوڵێــک وایە بــۆ گیــان، کە مــــرۆڤ دەمرێت، لەشەکەیشــی دەمرێــت و لەبەیــن دەچێــت، بەڵام گیــانی بە زینــدوویی دەمێنێــتەوە و دەچێــتە لەشــی کەسێکی دیکە یــا ئاژەڵێکەوە، بەگــوێرەی ئەوەی مــرۆڤ

پێشتر چۆن ژیاوە و چەندە چاکە یا خراپەی کردووە، بەڵام باڵاترین پلەیەک، مرۆڤ پێی بگات، ئەوەیە کە ئیدی دروست نەبێتەوە و تەواو ببێت و نەژی و نەمێنێت[160]. لە ئاییني هیندۆسیدا، کارە چاک و خراپەکانی مرۆڤ، ژیانی دیکەی بە دوادا دێت و بەگوێرەی ئەوانە ڕووحی مرۆڤ سزا یا پاداشت دەدرێتەوە. کەسێک کە هیچ خواست و ئارەزوویەکی نەبووبێت و نەبێت و لە کۆیلەیەتی خواست و ئارەزوو ڕزگاری بووبێت و نەفسی گەیشتبێتە دڵنیایی و ئاسوودەیی، ئیدی هەستەکانی ناگەڕێندرێنەوە، بەڵکە گیانی ئازاد دەبێ و دەفڕێ و تێکەڵ بە براهما دەبێت[161]. بەگوێرەی ئەم بیرکردنەوەیە، تەسەووف و سستی و ناچالاکی، لە باشترین کارەکان باشترە، چونکە دەبێتە هۆی یەکبوون لەگەڵ براهمادا.

هەموو ئایینە هیندییەکان وای دەبینن، کە ژیان بۆخۆی پۆخڵ و قڕێژ و خراپ و بەڵایە و ماددە ڕوویەکی دزێو و بێبەها و بێبایەخی ژیانە. سروشت بەلای ئەو ئایینانەوە، زنجیرەیەکە لە گۆڕان و پێشڤەچوونی بەردەوام و خەڵک و تەواوی بوون، دیاردەی بێ واتا و وەهمی بنەما و سەرەتا و دەسپێکە

---

[160] Westlin Gondon, Ekberg Ingemar, Ornbrant Rolf, Hinduism, Esselte Studium, Nacka, 1975, S: 21–25.

[161] Knutsson Birgitta & Ärlemalm Erik, Hiduism, Liber Läromedel, Stockholm, Borgstöms tryckeri AB Motala,1978, S:6.

باڵاکەن، کە براهمای مەزنە. براهما، ئەسڵ و سەرەتایە و ئەو تاکە خودایە، کە ژیان بە گشت بوونەوەران دەدات و کردەوەی مرۆڤ لەم دونیایەدا بڕیاری ڕەوشی وی لە قەوارەکەی تردا دەدات.

یەکێک لە کتێبە پیرۆزەکانی هیندییەکان، کتێبی "فیدا"یە. فیدا، وشەیەکی سەنسکریتییە بە واتای: حیکمەت و زانیاری. ئەم کتێبە باس لە ژیانی ئارییاییەکان و پلەکانی هەڵکشان و بەرزبوونەوە لە ژیانی هۆشەکی، عەقڵیدا دەکات، لە گەوجی و دەبەنگییەوە، بەرەو هەستی فەلسەفییانە. ئەم کتێبە دوعا و نزای تێدایە، کە بە گومان و ڕاڕایی تەواو دەبێت و دواتر هەڵدەکشێ بەرەو یەکیەتیی بوون (وحدة الوجود).

بوودایییەکان، پێڕۆیانی بوودا (Buddha)ن[162]، کە بۆ خۆی ناوی سیدارتا گاوتاما (Gautama Siddhārtha)یە و لە باکووری هیندوستان لە نێوان 563-483 پ.ز ژیاوە و دامەزرێنەری ئاییني بوودایییە. بوودا بۆ خۆی و پێڕۆیانیشی باوەڕیان بە بوونی خودا نییە. ئەوان باوەڕیان بەوەیە، مرۆڤ کاتێک دەمرێت، دواتر لە لەشێکی دیکەدا دێتە دنیاوە. ئەگەر مرۆڤ لە ژیانیدا باش بووبێت، ئەوا لە ژیانە نوێیەکەیدا ژیانێکی باشی دەبێت و ئەگەر خراپیش بووبێت، ئەوا ژیانە

[162] وشەی بوودا لە زمانی (بالی)دا، کە زمانیکی کۆنی هیندییە، بە واتای: ئاگا، هۆشیار، بێدار و ڕۆشنبوو دێت.

نوێیەکەیشی خراپ دەبێت. ئیدی ئەم مردن و ژیانەوەیە وەک چەرخـێکە، هەمیشـە لە سـووڕانەوەدایە. بەپێـی باوەڕی بوودا، مرۆڤ ئارەزوو دەکات، بژی و ئـارەزوو دەکـات بتوانێت، بهـزرێ و هەسـت بکـات و نەیـگەرەکە، بمرێت. ئەم تاسـەیە بـۆ ژیـان، بـوودا نـاوی "تینـوویەتی ژیـان"ی لـێ نـاوە، ئەمە بۆخـۆی هەڕاکـردنە وەدووی ژیانـدا. بـوودا دەڵـێ: مـرۆڤ دەبـێ کۆتـایی بە خـۆزگە و ئاواتخواستنی وەدەسخستنی دەسـەڵات و پارەوپووڵ و موڵک و سامان بهێنێت و تاسـەی هـیچ شـتێک لە ژیانـدا نەکات. کە گەیشتە ئەو حاڵەتە، ئیدی ئەودەم لە ڕەنج و گرفتاری و ئازار، ڕزگاری دەبێ[163].

تەسەووف، بە واتا ئیسلامییەکەی، بۆ یەکەم جار لە بەسـرە پەیـدا بـوو و یەکەم پەرسـتگە یـا مـزگەوت یـا مەکـۆی سـۆفییایەتی لە بەسـرە، لەلایەن هەنـدێک لە هەڤـاڵانی عەبدولواحیـد کـوڕی زەیـد[164]ەوە بـوو. کە لە هەڤاڵانی حەسەنی بەسری بوو. ئەوانەی لەو ئاراستە یا ڕەوتە خڕبووبـوونەوە، گەلێـک بە چـڕی و خەسـتی خوداپەرسـتییان دەکـرد، کە زێدەڕۆیی پێوە دیـار بـوو. هەندێک دیاردەی نوێ، کە پێشتر لە نێو پێڕۆیانی ئایینی

---

[163] Knutsson & Ärlemalm Erik, Buddahism, Liber Läromedel, Stockholm, Borgstöms tryckeri AB Motala,1978, S: 7–8.

[164] عەبدولواحیـد کـوڕی زەیـد (عبـد الواحـد بـن زیـد أبـو عبیـدة البصـري)، گوتـارخوێن و ڕێبەرێکـی سـۆفی بـووە و شـاگردی حەسەنی بەسری بووە. ساڵی 793ز، مردووە.

ئیسلامیدا نەبوو، لە نێویاندا پەیدا بووبوو. هەندێکیان کە قورئانخوێندیان دەبیست، دەبوورانەوە یا دەمردن. خەڵک هەبوون پەسنی دەدان و هەبوون دژیان بوون. ئەوانەی دژیان بوون، پێیان وابوو، لە سەردەمی پەیامهێنەردا و تەنانەت پەیامهێنەریش بۆ خۆی، کە لە هەموو کەس زیاتر لە خودا دەترسا، وەها دیاردەیەک نەبووە.

ڕێبازی سۆفییە پێشەنگەکان، خڕ، جەخت لەسەر پابەندبوون بە قورئان و سوننەتەوە دەکەن و بە تەنیا سەرچاوەی هەڤۆتن و ڕێنیشاندەریان دادەنێن. ئەبولقاسم جونەید (أبوالقاسم جنيد) دەڵێ: "ڕێبازی ئێمە گرێدراوی ئەسڵەکانە: قورئان و سوننەت، هەرکەسێک قورئانی لەبەر نەبێت و حەدیس نەنووسێتەوە، پێڕۆ ناکرێت، چونکە زانستی ئێمە بە قورئان و سوننەتەوە بەندە". سەهل کوڕی عەبدوڵڵا ئەلتوستەری[165] دەڵێ: "ڕێبازی ئێمە لەسەر سێ بنەما دامەزراوە: پێڕوکردنی پەیامهێنەر لە ئاکار و ڕەوشت و کردار و ڕەوتاردا و، خواردنی حەڵاڵ، نییەتپاکی و دڵسۆزی لە هەموو کارێکدا".

[165] سەهل کوڕی عەبدوڵڵا ئەلتوستەری (أبو محمد سهل بن عبد الله بن يونس التستري/818-898ز)، یەکێکە لە زانایانی موسوڵمانانی سوننە و ڕێبەرێکی سۆفی سوننە لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا. بە ڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر شوشتەر (شوشتر) لە وڵاتی فارس. لە شاری بەسرە/عیراق مردووە.

سۆفییەکان، کە لە دەسپێکدا بە زوهد و پاکژکردنەوەی دڵ و ڕاستگۆیی لە باوەڕ و گوتاردا و ڕاستکردن لە کاردا، دەستیان پێکرد، دواتر بوون بە چەندین جۆرە گرۆ و دەستە و بەشەوە، کە تەنیا لە زوهد و هەڤۆتنی دڵدا یەکیان دەگرتەوە، دەنا لە باوەڕدا ڕێگەکانیان لە یەکدی جودا بووەوە، بە تایبەت لە نێوان پێشەنگانی تەسەووف، مانەندی: ئیبراهیم ئەدهەم، جونەید، بیشر ئەلحافی و سۆفییانی دواتر مانەندی: ئەلحەلاج[166]، ئیبن عەرەبی، ئیبن سەبعین[167]و هی

[166] ئەلحەللاج (أبو عبد الله حسین بن منصور الحلاج/858-922ز). لە وڵاتی فارس/ئێران هاتووەتە دنیاوە. شاعیر و نووسەرێکی شۆڕشگێر و زانایەکی سۆفی بوو. سۆفیگەری لەکن حەللاج خەبات و تێکۆشان بوو بۆ وەدیهێنانی دادوەری و حەق، نەک تەنێ هەڵسووکەوت و کردەیەکی تاکیەتی لە نێوان تاکە مرۆڤێک و خودادا. خەباتی ئەو دژی ستەم و چەوساندنەوە و نادادی بوو لە نێو جڤاکدا و بەرانبەر بە مرۆڤ. حەللاج خاوەنی دەربڕینی تایبەت و گوتەی دەسبەجێ بوو، کە شەتەحات (الشطحات)ی پێ دەگوترا. حەللاج بە کوفر و بێباوەڕی و بێدینی تۆمەتبار کرا و لە سەردەمی یەکەم وەزارەتی عەلی کوڕی عیسا (علیێ بن عیسی)دا، گیرا و دوای بڕینەوەی هەردوو دەست و قۆڵی و هەردوو لاقی و سەربڕینی، لەشەکەی سووتێنرا. لە بەغدا لە بەری کەرخ ئارامگەیەکی بۆ کراوە. لە نێو سوننە و شیعە و موعتەزیلە و سۆفییەکاندا، هەوادارێکی زۆری هەبوو. حەللاج لە دیدی عەلی شەریعەتییەوە: سووفییەکی سەرسووڕماو و حەپەساو بوو، دڵی بە ئاگری تامەزرۆیی و خۆشەویستی، دەگرا و دەسووتا. ئەو مرۆڤەی دەسووتێ، بێگومان هیچ بەرپرسیارییەتییەکی نییە، چون تەنێ لە ناوەوەی خۆیدا دەسووتێ و دەناڵێنێ. بە هەموو شتێک

دیکەشــدا. ســۆفییەکانی، پێڕۆیــانی ئەلحەلــلاج، ئیــبن عەرەبــی، ئیــبن ســـەبعین و ئەلتیلمیســـانی[168]، کە کـــــاریگەریی نوێئەفلاتوونییـــــان لەســـــەرە، ئەگەر جیاوازییەکیشـیان لە هەنـدێ بۆچوونـدا هەبێـت، لـێ لە کۆمەڵە باوەڕێکدا یەکدەگرنەوە:

1. هەرچەنـدە لە کتێبەکـانی ئەلفوتوحـات ئەلمەککیـیە (الفتوحات المكية) ی ئیبن عەرەبی و ئیحیائوعلومووددین (إحیـاء علـوم الـدین)ی ئەبوحامیـد ئەلغەززالـی[169]دا،

---

دەسووتێ. هەر بۆیە حەللاج سەری دەخستە بەین هەردوو ناولەپی و بە شــەقامەکانی بەغـدادا هەڕای دەکـرد و هـاواری دەکـرد: "ئەم سەرە تێکشکێنن و ئەو تەلیسمەی لەمن عاسی بووە لێ دەربێنن و من لەو ئاگرەی لە ناوەوەمدا دەگڕێ ڕزگار کەن، من هـیچ نـیم، مـن خودام، من نـیم. هەمـوو شـتێک کە هەیە خـودایە و بوونی خـودا و، من هیچ بوونێکم نییە"، ئەو بەردەوام نوقمی سووتان و عیشق بـوو بۆ خودا.. بنۆڕە: رسول..،هكذا..، ص151.

[167] ئیبن سەبعین (عبد الحق بن سبعين/1217-1271ز). لە مەرسـییە (Murcia) لە ئیســـپانیا هــــاتووەتە دنیـــاوە و لە مەکــــکە مـــردووە. فیلۆسـۆف و سـۆفییەکی ئەندەلوسـییە. بـاوەڕی بە یەکیەتیی بـوون (وحدة الوجود) هەبوو.

[168] ئەلتیلمیسانی (عفيف الدين سليمان بن علي بن عبد الله بن علي الكومي التلمساني/1213-1291ز) شاعیرێکی سۆفی بوو. لە تیلمسـان هـاتووەتە دنیـاوە و لە شـام مـردووە. پێڕۆی ئیبن عەرەبی بـوو و بــاوەڕی بە یەکیەتــی بــوون (وحــدة الوجــود) هەبــوو. بە کــوفر و بێباوەڕی و هەواداریی بۆ عەلەوییان تۆمەتبار کرا.

[169] ئەبوحامیـد ئەلغەززالـی (أبـو حامـد محمـد الغزالـي الطوسـي النيسابوري/1058-1111ز)، سۆفییەکی شافیعی ئەشعەری بـوو و لە نــاودارانی ســەردەمی خــۆی بــوو و یەکێـک لە زانـا گەورەکـانی

مەسـەلەی ئـاوێتە، تێکەڵبـوون (حلـول) و یەکگـرتن، یەکبوون (إتحـاد)، بە واتـای تێکەڵبوون و ئـاوێتەبوون و توانەوە و یەکبوون لەگەڵ خـودادا نـایەت، بەڵکە هەموو ئەوانە مەبەسـت لێیـان، تاکـایەتی و بێـوێنەیی خـودایە، چونکە نە خودا دەبێتە مرۆڤ و نە مـرۆڤیش بە خـودا و ئیـبن عەرەبـی تـا ڕادەی بە ناڕاسـتزانین و لە ئـایین وەرگەڕان و تەکفیـر، دەنـوێنێتە ئەو بـاوەڕانە. ئیـبن عەرەبـی لەمەڕ ئـاوێتە، تێکەڵبـوون و یەکگـرتن، یەکبوونەوە دەڵێ: "من قال بالحلول فدينه معلول، وما قـال بالاتحـاد إلا أهـل الإلحـاد"، واتە: ئەوەی باسـی ئاوێتەبوونی کرد، ئایینەکەی دەرددارە و تەنیا خەڵکانی خودانەناسیش باس لە یەکبوون دەکەن". لە جێگەیەکی دیکەدا دەڵێ: "الله تعالى واحد بالإجماع، ومقام الواحد يتعالى أن يحل فيه شيء أو يحل هو في شيء أو يتحد في شيء"، واتە: خودای باڵا بە پێکهاتنی هەمووان یەکە و پایەی یەکیش لەوە باڵاترە شتێک ئاوێتەی بێت یا ئەو ئاوێتەی شتێک بێت یا لەگەڵ شتێکدا ببێتە یەک.

لەگەڵ ئەوەشـدا، کە ئیـبن عەرەبـی بەو جـۆرە دەهـزرێ، بەشـێکی زۆری سـۆفییان، بە شـێوەیەکی گشـتی، باوەڕیـان بە حولـوول (حلول)ـە، واتە: ئـاوێتەبوون، تێکەڵبـوون، کە دەکـاتە ئەوەی، خـودا

---

سـەدەی پێنجەمـی کـۆچی بـوو. فەقـیە و فیلۆسـۆف بـوو. لە تووس/خوراسـان هـاتووەتە دنیـاوە و هەر لەوێـش مـردووە. کتێبەیلێکی زۆری نووسیوە.

ئاوێتەی بەندەکانیەتی و جیاوازی لە نێوان ئافەرێنەر و ئافەرێنراودا نییە و لە بووندا تەنیا خودا هەیە، ئەمەش پێی دەگوترێ: یەکیەتیی بوون (وحدة الوجود)، کە دەکاتە ئەوەی خودا و بوونەوەرەکانی یەک شتن و هەموو شتێک لە گێتی و بووندا، بەشێکی خودای تێدایە و خودا لە هەموو شتێکدا هەیە. خودا لە شێوەی هەندێ مرۆڤیشدا دەردەکەوێ و مرۆڤ و خودا تێکەڵ دەبن و دواتر دەبنە یەک و سنوورێک لە نێوانیاندا نامێنێت.

عەلی شەریعەتی[170]، جیاواز لە دیدی سۆفییان، چەمکێکی دیکەی بۆ مرۆڤ هەیە، ئەو پێی وایە

---

[170] عەلی شەریعەتی (علي محمد تقي شريعتي مزيناني/1933-1977)، لە شاری سەبزیڤار (سبزوار) لە خۆراسان لەدایکبووە. کۆلیژی ئەدەبییاتی خوێندووە و پاشان لەساڵی ١٩٥٩دا نێردراوە بۆ فرانسا بۆ خوێندن و لەوێ زانستی ئایین و کۆمەڵناسیی خوێندووە و بڕوانامەی دۆکتۆرای لە مێژووی ئیسلام و کۆمەڵناسیدا وەرگرتووە. لە تەمەنی لاوییدا لەگەڵ بزاڤەکەی موسەددیق (مصدق)دا بوو و کاری وانەگوتنەوەی دەکرد. چەند جارێک زیندانی کراوە. لە 1969دا لە فرانسا گەڕایەوە و حوسەینیی ئیرشاد (إرشاد)ی دامەزراند بۆ پەروەردەکردن و بارهێنانی لاوان. لە 1973دا حوسەینییەکەیان داخرا. دواتر شەریعەتی خۆی و باوکی گیران و ساڵ و نیوێک زیندانی کران، لێ بە هۆی ناڕەزایی و گوشاری ناوەکی و دەرەکییەوە، لە 1977دا ئازاد کرا، هەر دوای ئەوە لە هەمان ساڵدا ڕۆیشت بۆ لەندەن و پاش گەیشتنی بە لەندەن بە سێ حەفتە لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بە دوو ساڵ، لە ئەپارتمانتەکەی خۆیدا، لە تەمەنی 43 ساڵییدا، بە کوژراوی دۆزرایەوە. شەریعەتی بیرمەندێکی مەزن و مامۆستایەکی توانا و

تەســـەووف، لە ڕێــگەی هەڵکشـــان و پـــاکژبوونەوە، بە بانگەشـــەکردنی بــۆ تێکەڵبـــوونی مـــرۆڤ بە خـــودا، مرۆڤیەتـی مـرۆڤ لەبەیـن دەبـات و دەیکـاتە قوربـانی سرشتبەدەر. ئەو پێی وایە ئۆڵ بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ هــاتووە، نەک بــۆ سەرشــۆڕپێکردن و ملکەچکــردن و بەکاربردن و کردنی مرۆڤ بە بوونەوەریکی بێ ویست و خواست، چون خودا لە ڕۆحی خۆی فووی کردووە بە مرۆڤدا و کردوویە بە باوەڕپێکراوی خۆی و مرۆڤ جێگرەوەی خودایە لەسەر زەوی و ڕۆحی خودایە و نزیکیەتی و دەتوانێت وەک خودا هەموو شتێک بکات و ئازادە لەوەی دەبێتە مرۆڤێکی خاس یا خراو[171].

هـزری لەبەینچـوون و گـۆڕان و یەکیەتیـی بـوون لە هیندۆســـــییەوە گەیشـــــتووەتە ئیســـــلام و لە نێـــــو موسوڵمانانیشــــــدا ســــــۆفییەکان و ئیســــــماعیلی و ئەحمەدییەکـــان. ئێرنێســـت وود (Ernest Wood)[172]، پســپۆری ئـایین و زمـان و فەلســەفە هینـدییەکان، پێـی وایە: بیـری ئـاوێتە و تێکەڵبـوون (حلـول) و یەکگـرتن و

---

نووســـەرێکی نایـــاب و پـــرۆزە و خـــاوەن پـــرۆژە بـــوو. ئەو بە سرووشبەخشی شۆڕشی گەلانی ئێران دادەنرێت.

[171] رسول...، هكذا...، ص35-36.

[172] ئێرنەســـت وود (Ernest Egerton Wood / 1883-1965) لە ئینگلستان هـاتووەتە دونیـاوە و لە ئەمەریکـا مـردووە. مامۆسـتا و شـارەزا و پسـپۆری هیندناســی و زمـانی سەنسـکریت و یۆگـا و ســۆفییایەتی و فەلســەفە هینــدییەکان بــووە. دەیـان کتێبـی لەو بوارانەدا نووسیوە.

یەکبوون (إتحاد)، لەکن موسوڵمانانی دیکەی ناسۆفی، هەرگیز جێی قایلبوون نییە، چونکە پایەکانی، کە ئیسلامی لەسەر دامەزراوە، هەرگیز بەلای ئەوەدا ناڕوات و لەکن ئیسلام، خودا خودایە و مرۆڤیش مرۆڤە، کە بەندە و دروستکراوی خودایە. لە ڕێگەی سۆفییانی موسوڵمانی هیندەوە ئەو هزرە تێکەڵ بە سۆفییایەتی بووە. هیندییەکان، کە بوونەتە موسوڵمان، ئەو شتانەی ئاییینی هیندۆسییان لانەبردووە و کە بوونەتە سۆفییەکی موسوڵمانیش، هەموو ئەو پاشخانە ئاییینییە هیندییەیان تێکەڵ بە ئیسلام کردووە[173]. ئیسلام لە هیندوستان، لەژێر کاریگەریی ئاییینی هیندۆسی و ئاییینە کۆنەکانی دیکەی هیندییەکاندا بووە و هەرگیز نەیتوانیوە خۆی لە گرێدراویی بە ڕێسا و نەریت و کۆتەکانی ئەوان، ڕزگار بکات.

باری ئابووری و سروشت و هەلومەرجی جڤاکی باو لە هیندوستان، کە نەداری و هەژاری داپۆشیبوو، لە پەیامەکانی ئاییینی ئیسلامدا بۆ یەکسانی و برایەتی و دادوەری و بەزەیی پێداهاتنەوە و بەهاگەلێکی دیکە، تروسکەی ئازادی و ڕایەڵەیەکیان دەبینی، کە بە ڕزگارییەوە گرێیان دەدا، چون ئیسلام بۆ خۆی هەر لە دەستپێکڕا ئاییینی هەژاران و چەوساوان بوو و

---

[173] Wood Ernest, Great systems of yoga, Philosophical Library, 1954, p: 155.

شۆڕشـــی نەداران و کـــۆیلە بـــوو دژی ســـەروەران و دارایانی دوورگەی عەرەبی[174].

هیندوســــــتانییەیلێکی زۆر، لە ڕەگەز و ئـــــۆڵی و فەرهەنگـی جیـاواز، تـێکەڵ بە ئیسـلام بـوون. مانەنـدی هیندوســتان، ئیســلام چــووە نێــو وڵات و ڕەگەزەیلــی جیــاوازی دیکەیــش، کە گەل و نەتەوەیەیلــی جیــاواز، خــودانی نەریــت و ڕەوشــت و فەرهەنــگ و بــاوەڕی بۆماوەیی جیاواز بوون. ئیدی تابلۆیەکی هەمەڕەنگ لە بۆماوەیی عەرەبی، تورکی، فارسی، هیندی، چینی، چێ بوو و هاتە گۆڕێ. ئەوەی تا ڕادەیەک ڕوونە، وەرگرتنی ئیسلام وەک ئایین و بوون بە موسوڵمان لەلایەن خەڵک و لەو جڤــاک و وڵاتــانەدا، لە باوەڕهێنــانێکی تەواو و قـووڵەوە نەهـاتووە، بەڵـکە پـتر جۆرێـک بەرژەوەنـدی و قـازانجی بەسـەردا زاڵ بـووە، کە ئیـدی پابەنـدبوون بە ئیسلامەوە تا ڕادەیەک، ڕووکەشییەکی پێوە دیار بووە.

لە هەمـــوو جڤاکێکـــدا پـــێش ناســـنامەی ئـــایینی، ناسنامەی فەرهەنگی هەبووە و هەیە و دوای زاڵبـوونی ئایینەکەش بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو فەرهەنگە لەگەڵ هەنـــدێ کۆســـپ و کێشەشـــدا، کە تووشـــێ دەبـــێ، ناســـڕێتەوە و هەر بەردەوام دەبێـــت. فەرهەنـــگ لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر جیاوازیی هەیە. فەرهەنگ هەیە گۆڕین لە ئاییندا دەکات و فەرهەنگییش هەیە ئایین

[174] رسول...، هكذا...، ص41.

گۆڕینی تێدا دەکات. ئەگەر ئایین بزوێنەر و جوولێنەری فەرهەنــگ بێــت، جۆرێــک لە پێکــدادان و نائــارامی و ناتەبــایی دێــنە گــۆڕێ و ئەگەریــش فەرهەنــگ تــوانیی گوتوبێژ لەگەڵ ئاییندا بکات و ئایین بە ڕەنگوبۆی خۆی بپۆشــێت، ئەوا ئیــدی مرۆڤــایەتی بە شــێوازێکی بــێ گرێوگۆتــاڵ و بە قــۆانخگەلێکی ڕێکوپێــک و بــێ کێشــەدا دەگوێزێتەوە بۆ هەوار و لەنگەرێ دیکە.

نەریــت و فەرهەنگــی نەتەوە و گەلانــی جیــاواز، کە ڕەگوڕیشــەیەکی قــووڵ و چەســپاویان هەیە لە نــاخ و ویژدانــی خەڵکــدا، وەلانــان و گۆڕینیــان بە ســیمبۆڵ و بەهــاگەلێکی نــوێ، کــاتێکی زۆری دەوێ، هەر بــۆیە ئیسـلام، کە گەیشـتووەتە ئەو نـاوە، بەڵـێ بڕێک گـۆڕانی کـردووە و کـاری کـردووەتە سـەر تەواوی جمگەکـانی ژیـان، لـێ ئیدی دەبوو خۆیشـی بگونجێنێت لەتەک ئەو فەرهەنــــگ و نەریــــتە میللــــی و گەلێرییــــانەی ئەو جڤاکانەشــدا، لە بــابەتە پێونــدارەکانی بە ســرووت و کردە ئایینییە ئیسـلامییەکانەوە و هەندێ قانوونی بـاری کەسیەتی و وردە شتی دیکەدا.

ڕێبــاز و تەریــقەتە ســۆفیگەرییە ئیســلامییەکان بە تــایبەت و ئیســلامیش لە هەنــدێ ڕووەوە، کــاریگەری هیندۆسی لە هیندوستان، زەردەشتی و هەندەک باوەڕی دیکە لە ئێران و بوودایی لە چین و ژاپوونیـان، لەسـەرە. کاریگەریی هیندۆسی لە شێوازی خوداپەرستی هیندییە موسوڵمانەکاندا دیارە، ئیدی لە شێوازی زیارەتی ئەولیا

و ڕێبەرە ئایینییە پیرۆزەکانیان و داوای فەڕ و بەرەکەت و کۆمەک لێیان، هەروەها باوەڕبوون بە دێو و درنج و هێزی جادوویی و ئەفسووناوی، کە بە باوەڕی ئەوان، دەتوانێت مرۆڤ لە خراپە و لێقەومان بپارێزێ، هەموو ئەوانە هەر لە کۆنەوە لە هیندوستان هەبوونە.

لە مالایزیا، ئیسلامێکی لیبراڵی کراوە هەیە، کە لە ڕووی هزر و کۆمەڵایەتییەوە، دەیەوێ ئیسلامە چەقبەستوو و خۆبەستووە بە تاکە یەک دانە ڕاستی و دیدێکی دۆگماوە بگۆڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام، لە شێوازە کردەییە ڕۆژانەییەکەیدا، بە زیارەتی مەزارگەی پیاوچاکان و بەپیرۆززانینی ئەولیاکان و باوەڕبوون بە ئەفسانە و ڕووکردنە جادووگەری و دەروێشی و سۆفییەتی هێشتا هەیە، لێ تێکەڵبوون لەگەڵ بوودایی و کۆنفۆشیۆسیدا، ئیسلامێکی نەرم و نیانی هێناوەتە گۆڕێ، کە چەند جۆرێکە و پیرۆزییەکانیشی جیاوازن.

ئیسلامی سۆفی، کاریگەری فەلسەفە کۆنەکانی ئەفلاتۆنی و ئایینە کۆنەکانی لەسەرە. بڵاوبوونەوەی تەسەووف و سەرهەڵدانی ئەو هەموو تەریقەتانە، وێنە و سیمای ئیسلامی تا ڕادەیەک گۆڕیوە و ڕەنگە تەنێ توێژاڵێکی تەنک لە نێوان ئیسلامێکی ڕاستینە و کۆمەڵێک باوەڕی بتپەرستیی داپۆشراو یا شاردراوەدا هەبێ، کە لەیەکدی جودایان بکاتەوە.

ئەرتۆدۆکسیی ئیسلامی سوننی عەرەبی، تایبەتمەندیەتی جیاوازییە فەرهەنگی و پاشخانە ئایینی و

نەریتە میللییەکانی ئەو جڤاک و گەلانەی دیکە لەبەرچاو ناگرێت و خۆی لێ کەڕ و نەبان دەکات و پێی وایە هەمووان دەبێ گوێڕیەڵی ئەو جۆرە ئیسلامەی وان بن.

2. سۆفییەکان زۆر زێدەڕۆیی دەکەن لە بەرزتەماشاکردن و بە گەورەزانین و تەنانەت تا ڕادەی پەرستنی پیاوچاکان، وەک نموونەش پەیامهێنەر. ئەوان سەیری پەیامهێنەر وەک ترۆپک و گومەزی گەردوون (بوون، ڕسکان) دەکەن پێیان وایە هەرچی بوونەوەرە لەبەر وی و لە ڕووناکایی وی چێ کراوە. ئەو مەزناهییە سۆفییەکان بۆ شێخ و ڕێبەرەکانیشیان هەیانە، هەندێکیان ئەو ڕێبەرانەیان دەپەرستن و کڕنۆشیان بۆ دەبەن و وەک گڕێک لە ڕووناکی و بێگەرد و پاکژ تەماشایان دەکەن و بە جەمسەر و ستوون و پایە، دایاندەنێن و بەڕێوەبردنی گەردوون و زەوی و ئاسمان، زۆرجاران، بە باوەڕی سۆفییان، دەدرێتە دەستی ئەو ڕێبەرانەوە و لە هەریەکێک لەوانە دەیان چیرۆکی ئەفسانەیی پڕ لە پەڕجوو و کاری ناسروشتی، کە سەختە لە مرۆڤێکی ئاسایی بوەشێتەوە، دەدرێتە پاڵیان، کە گەلێ جار شیرین نایەنە بەرچاو و لەگەڵ ئاوەزدا ناگونجێن، ئیبن ڕوشد گوتەنیش "جوانیی ئەوەیە ئاوەز پەسەندی دەکات و دزێوییش ئەوەیە ئاوەز بە دزێوی دەزانێت".

3. سۆفییەکان، ئایین دەکەن بە دوو بەشەوە، شەریعەت، کە بۆ بۆرەپیاو و خەڵکە ڕەشۆکی و

سادەکەیە و حەقیقەت، کە بۆ کەسانێکی تایبەتە. بە شەریعەت دەڵێن، زانستی ئاشکرا و بە حەقیقەت دەڵێن، زانستی نائاشکرا و نادیار و دەروون. زانستی ئاشکرا، سەرچاوەکەی قورئان و سوننەتە، بەڵام زانستی حەقیقەت، زانستی دەروون، سۆفییەکان پێیان وایە لە خودای هەرگیز نەمرەوە وەریدەگرن. هەندێکیان دەڵێن لە ڕێگەی دڵ و سرووشەوە و لە پەیامهێنەرەوە ئەو زانستە دەروونییەیان پی دەگات.

4. ئەگەر ڕێبەران و پێشەوایانی تەسەووف لە لایەنە کردەییەکەی سۆفیگەریدا و شێوەی پیرۆکردنیدا تا ڕادەیەک لە یەکدییەوە نزیکن و وەک یەکن، لێ لە هەمبەر دەسەڵاتە سیاسی و ئابووری و دینییەکاندا، هزر و دیدیان جیاوازە. لە ئیبراهیم کوڕی ئەدهەمەوە تا عەبدولقادر گیلانی[175]، کە حەللاجیش دەکەوێتە ئەو خانەیەوە، خەبات و کۆششی سۆفییەکان بۆ ئەوە بووە،

---

[175] عەبدولقادر گیلانی (أبو محمد عبد القادر بن موسى بن عبد الله بن يحيى بن محمد بن داود بن موسى بن عبد الله بن موسى بن عبد الله بن الحسن بن الحسن بن علي بن أبي طالب/1076-1166ز)، زانا و سۆفی و فەقیهێکی سوننەی حەنبەلی بوو. مامۆستا و ڕێنیشاندەری موسوڵمانانێکی زۆر بووە لە سەردەمی خۆیدا. لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە سەر ئیمام حەسەنی کوڕی ئیمام عەلی. تەریقەتی قادری دەگەڕێتەوە سەر ئەو. لە گیلان/ئێران هاتووەتە دنیاوە. خاوەنی چەندین کتێب و نووسین و شیعرە. لە بەغدا مردووە و ئارامگەکەی لە گەڕەکی بابوششێخ (باب الشيخ)ی بەغدایە.

سامانی تایبەت، بکرێ بە سامانی گشتی و بۆ بەرژەوەندی ڕۆژانەی خەڵکە گشتییەکە و دابینکردنی خۆراک و پۆشاک و ماڵ و جێی حەوانەوە و چارەسەری دەرد و دەرمان بۆیان، بەکار بهێنرێت. ئەو سۆفیگەرییە، سۆفیگەرییەکی شۆڕشگێر بووە و ئەو سۆفییانە سۆفیگەلێکی شۆڕشگێر بوونە، بە پێچەوانەی سۆفییانێکی دیکەی سەر بە دەسەڵات و لە پەنا دەسەڵاتدا ژیاو و بێدەنگ لە ئاستی نادادی و ناڕەواییەکانی دەسەڵاتە سیاسی و دینی و ئابوورییەکان.

تەسەووفی ئیسلامی، زادەی مێژووی دینی و سیاسی و هۆشیاریی ئیسلامە و شۆڕشێک بوو بەسەر سیستمی سیاسی ستەمکار و سیستمی نادادوەری جڤاکیدا، لە سەدەی یەکەمی دیرۆکی ئیسلامدا، کە کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی مەزن تێیدا ڕوویان دا، وەک جەنگی دوورودرێژی نێوخۆی خوێناویی نێوان ئیمام عەلی و موعاویە و ئەو ئاژاوە و فەرتەنانەی لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا ڕوویان دا و ئەو سەرکوتکردنی ئازادی تاکەی، کە گەیشتبووە لووتکە، ئیدی ئەوە بووە هۆی کەنارگری و زوهد و خۆدوورخستنەوە لەو ژیانە سیاسی و ئابووری و دنیاییە، لە پێناوی ئاسوودەبوونی ویژداندا، لێ زوهد بەگوێرەی تێگەیشتنە ئیسلامییە ڕەسەنەکە، بە بۆچوونی عەلی شەریعەتی دەکاتە: "خوداپەرستی و کۆنترۆڵ و

ڕێکخستنی غەریزە و ئارەزوو و خواستەکان، نەک خۆدابڕین لە ژیان و گۆشەگری و هەڵبژاردنی ژیانی تاکایەتی و دوورەپەرێزی، بە بیانووی خوداپەرستی، بەو کردەیە مرۆڤ کەسیەتی خۆی دادەڕووخێنێ و ئاسانکاریی بۆ بەکاربردن و بندەستی و کۆیلەیەتی و چەوسانەوەی خۆی دەکات"[176].

تەنێ کەنارگرتن و خۆخزاندنە گۆشەیەکەوە و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵ و دنیا، پەیامی تەسەووف نەبووە و نییە، ئەوەتا سەمنوون ئەلموحیب[177] دەڵێ:

---

[176] رسول..، هکذ .، ص39.

[177] سەمنوون ئەلموحیب (سمنون المحب)، ئەبولحەسەن سەمنوون کوڕی حەمزە ئەلخەواس (أبو الحسن سمنون بن حمزة الخواص)، یەکێکە لە زانایانی سوننە و کەسە دیارەکانی تەسەووفی سوننی لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا. بە سەمنوون ئەلموحیب بەناوێ بوو، چون خۆشەویستی خۆی بۆ خودا بە شیعر، وەک چنین دەچنی. بە ڕەچەڵەک خەڵکی بەسرە بوو و لە بەغدا ژیاوە و هەڤاڵی ئەسسەریی ئەلسەقەتی "السري السقطي" و ئەبا ئەحمەد ئەلقەلانیسی "أبا أحمد القلانسي" و موحەممەد کوڕی عەلی ئەلقەسساب "محمد بن علي القصاب" بوو. دەڵێن لە شەووڕۆژێکدا پێنجسەد ڕکات نوێژی کردووە. لە ساڵی 298ک/910-911ز لە بەغدا کۆچیدوایی کردووە و لە گۆڕستانی شوونیزی "الشونيزي/الشونيزية"، کە بەناویترین گۆڕستانی بەغدایە و دەکەوێتە بەری ڕۆژاوای بەغدا (بەری کەرخ) نێژراوە. ئەو گۆڕستانە دوو بەشە، شوونیزی بچووک، کە ئارامگەی ئیمام مووسای کازم "موسى الكاظم"ی تێدایە و شوونیزی گەورە، ئارامگەی جونەیدی بەغدادی "جنيد البغدادي"ی تێدایە.

"خاوەنی هیچ نەبیت و کەسیش خاوەنت نەبێت"، کە ئیدی ئەوە ئەوپەڕی بەرەنگاربوونەوەی دارایی، موڵکایەتی و دەسەڵاتە، کە ڕێک لەتەک هزری ئەنارکیزمدا[178] "هەموو سامانێک دزییە" وەک پرۆدۆن (Proudhon Pierre-Joseph)[179] دەڵێ و "هەموو شتێک بۆ هەمووان" و "هیچ جۆرە دەسەڵاتێک سەروەریی بەسەر مرۆڤدا نەبێت"دا، دەگونجێ.

---

[178] ئەنارکیزم (Anarchism)، دەستەواژەیەکە لە زمانی گریکی (یۆنانی)یەوە هاتووە، بە واتای: بێ سەروەری. ڕێبازێکە ئامانجی دامەزراندنی جڤاکێکی بێ دەوڵەت، بێ سەرمایەداری، بێ هەموو جۆرە دەسەڵات و سەروەرییەک کە بە سەر مرۆڤدا زاڵ بێت. ئەنارکیزم فرە جۆرە، لێ دوژمنی سەرەکیی ئەنارکیزم، دەوڵەت و سەرمایەدارییە. ڕێکخستنی جڤاکی ئەنارکی لە دیدی ئەنارکیزمەوە، گەرەکە ئاسۆیی و لە خوارەوە بۆ سەرێڕا بێت، نەک قوچەکی و لە سەرەوە دەسەڵات بسەپێنرێ. جڤاک بەگوێرەی دیموکراتیی ڕاستەوخۆ بەڕێوە بچێت. هەرچی کۆمپانیا و دەسگە ئابووری و بەرهەمهێنانە، بە شێوازی کۆیەتی ببرێن بەڕێوە، نەک تاک خاوەنیان بێت. ئەنارکیزم و سەندیکالیزم لە یەکدییەوە نزیکن. بیری ئەنارکیزم لە دێر زەمانەوە سەری هەڵداوە، لەکن چینییەکان و گریکییەکان هەر لەپێش مێژووەوە وەها هزرێکی هەبووە. لەو ڕێبەرانەی ئەنارکیزم دەشێ، پرۆدۆن، باکۆنین، کرۆپۆتکین و ئێما گۆڵدمان و دەیان کەسی دیکە وەک ناوگەلێکی ناسراو باس بکرێن.

[179] پرۆدۆن (1865-1809/Pierre-Joseph Proudhon). لە پاریس هاتووەتە دنیاوە. فیلۆسۆفێکی فرانسییە و بە دامەزرێنەر و باوکی ئەنارکیزمی کلاسیکی دادەنرێت.

تەسەووف، کە ترۆپکی ژیانی گیانەکی بوو، خاڵێک بوو موسولْمانان و خەڵکانی سەر بە ئایینەکانی تر، تێیدا گەیشتبوونە یەک. تەسەووف یەکەم شۆڕش بوو دژ بە ستەمی سیاسی و ئابووری و چەوساندنەوە و خواستێک بوو بۆ دەستبەرداربوون لە دەوڵەمەندییەک و سامانێک، کە بەرهەمی داگیرکاری (فتوحات)ـەکانی سەرەتاکانی ئیسلام بوو. زوهد، دەرکەیەک بوو بۆ شۆڕشی گیانەکی موسوڵمانان، بەسەر ئەو دەوڵەمەندییە کتوپڕەی، پێی گەیشتبوون. ئەو شۆڕشە لە دەروونی ئەوانەی گەلێ پابەندی ئایینەکە بوون پەیدا بوو، ئەوە ملانێیەک بوو لە نێوان دەروونێکدا، کە هێشتا تەڕ و تازە و توندوتۆڵ بوو و دنیایەکدا، کە بە هەموو ڕەنگاڵەیی و چێژەکانییەوە ڕوویان تێ دەکات، بۆ ڕزگاربوون لەوە، وەرزشی دەروون و دەستبەرداربوون لە چێژ و خۆشییەکان، ئامرازێکی گرنگ بوو.

بانگ و پەیامی ئەبوزەڕی غیفاری، کە هاوەڵێکی پەیامهێنەری ئیسلام بوو، زایەڵەی ئەو شۆڕشە بوو دژی دەوڵەمەندان و لەپێش هەمووانیشەوە موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان. ئەبوزەڕ، بەوە ناووبانگی دەرکردبوو، کە هەموودەم هاواری دەکرد: "موعاویە، کوا سامانی موسوڵمانان؟"، ئەبوزەڕ، ئەگەر بە چاوی ئەمڕۆوە تەماشا بکرێ، دەشێ نازناوی یەکەم سۆسیالیستی نێو ئیسلامی لێ بنرێ. ئەبوزەڕ، بەشی

زۆری ژیـــانی لە دژایەتـــی بنەمـــاڵەی ئەمەوییانـــدا و شـــێوازی ژیـــان و فەرمانڕەواییـــان و تـــووڕەیی و ڕقبوونەوە لە دەوڵەمەندانی سەردەمی خۆی بەسەر برد و داخـــوازیی ژیـــانێکی سۆسیالیستانەی دادوەرانەی لە چوارچێوەی ئیسلام و بەرنامەکەیدا دەکرد.

هەمـــوو تەریـــقەتە ســـۆفیگەرییەکان لە هـــزر و باوەڕەکانیانـــدا هاوبەشـــن. لەکـــن هەموویـــان، تەوبە (التوبـة)، ئـیخلاس (الإخـلاص)، نیـیەت (النیـة)، خەڵـوەت (الخلـوة)، زیکـر (الـذکر)، زوهـد (الزهـد)، نەفـس (الـنفس)، وەرەع (الـــورع)، تەوەککـــول (التوکـــل)، ڕەزا (الرضـــا)، مەحەببەت (المحبة)، زەوق (الذوق)، زانستی یەقین (علم الیقین)، وەک کۆدی سۆفیگەری تەماشا دەکرێن. ڕێبازە ســـۆفیگەرییەکان، فێـــرگەی پەروەردە بـــوون، داوای پـــاکژکردنەوەی نەفـــس و زوهـــد و کـــاری چاکەیـــان لە دونیـــادا، دەکـــرد، بەڵام فەلســـەفەی یۆنـــانی و هینـــدی و تەنانەت مەسیحی و جوولەکایەتییش، دزەیان کردە نێو ئەم تەریقەتـــانەوە، لە کـــاتی بـــزاف و پەرەســـەندنی وەرگێڕان لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا، ئیدی لەوێوە تەسەووف کاری تێ کرا و کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو فەلسەفانەوە.

ئێرنێســـت وود (Ernest Wood)، پێـــی وایە: بڕینـــی پلەکـــــــان لەلایەن ســــــۆفییەوە بە تێپەڕبـــــــوون، بە پـــاککردنەوەی نەفـــس، بە خۆبرســـیکردن و زوهـــد و دەستبەرداربوون لە دونیا، تا گەیشتن بە بەختەوەریی

ڕاستینە و بە قۆناخی نەمان، فەنا (فناء)، سۆفی لە ڕێگەی زیکرەوە، دوای بڕینی گەلێ پلە و قۆناخ، کاتێک دەگاتە نەمان، فەنا (فناء) و لەگەڵ خودادا یەک دەگرێتەوە و ئاوێتە دەبێ و دەبێ بەیەک، ئیدی دەگاتە پلەی (بقاء)، واتە هەرمان، ئەمە ڕێک ئەو پلەیەیە، کە بوودا و بوودایەتی باسی لێوە دەکەن، واتە پلەی نیرڤانا، کە ئیدی مرۆڤ لەو حاڵەدا تێکەڵ بە خودا یا مەزنترین هێزی باڵا دەبێت[180]. دیارە ڕەبەنایەتیش، واتە مانەوە بەبێ ژنهێنان، یا بەبێ شووکردن، لە عیسایەتییەوە وەرگیراوە و دەکاتە دابڕان لە خەڵک و گۆشەگری و زوهد. تیۆری هەڵڕژانی نووری خودایی و ئاوێتەبوون و یەکبوونیش، لە فەلسەفەی یۆنانییەوە وەرگیراوە.

لە نێوان تەسەووف و وزەی زیندوودا، پێوەندێکی توند هەیە. وزە و وزەی زیندوو، زانستەیلێکن مەشق و ڕاهێنانی چڕبوونەوە (ترکیز) و خاوبوونەوە (إسترخاء)ی قووڵ و ڕاهێنانی هەناسە و ڕاهێنانەکانی یۆگا، کە وەرزشێکی هیندییە، هیندۆسەکان دۆزیویانەتەوە، کار بۆ یەکگرتن و یەکخستنی گیان و عەقڵ و لەش دەکات، لەڕێگەی فێربوونی تەرکیز و ڕامان و ملکەچکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشییە عەقڵی و ئازارە لەشەکییەکان و کردنەوەی هەستەکان، وەک هەستی شەشەم و کرانەوەی بینین و بیستن و

---

[180] رسول... هكذا... ص154.

هەسـتکردن و لایەنە گیانەکییەکـان و دەستبەسەرداڕۆیشتن و هەژموون و دەسەڵات (التحكم) بەسـەر خەونەکانـدا، تەواوی ئەوانە لە یۆگـادا هەن. ڕیزبەنـدی کۆمەڵێک پلە و پـایە و قۆنـاخ و باسـکردنی حەوت پلە و شـەش دابەزیـن و پێنج شارستانییەتەکانی وەک: خـودا، بـوون، خـۆ، تاکـایەتی، غەیـب، تەنیـایی، سەردەمی موحەممەدایەتی، گیـان، لەش، لە تەسـەووفدا، هەمیشـە لە کتێـبە مەزنەکـانی تەسـەووفدا، لە نووسـینەکانی هزرمەنـد و مامۆسـتایانی تەسـەووفدا: موحیەددین ئیبن عەرەبی (محي الدين إبن العربي) و سـەدرەددین شـیرازی، مەلا سـەدرا[181] و عەبـدولکەریم جیلی[182]دا، باس دەکرێن و دەبینرێن.

بە بـاوەڕی تەریقەتـی نەقشـبەندی، نەفسـی مـرۆڤ، حەفت پلەی هەیە، دڵ، دوو دیوی هەیە: دیوی ئاشکرا و دیـاری دەرێ و دیـوی پەنهـان و ناخویـا و دەروونـی

[181] سـەدرەددین شـیرازی، مەلا سـەدرا (صـدرالدين شـيرازي، مـلا صدرا، محمد بن إبراهيم قوامي شيرازي/1571-1640ز). لە شـیراز هـاتووەتە دنیـاوە. فیلۆسـۆفێکی فارسـە و ڕێـبەری نـوێکردنەوەی فەلەسەفەی شیعەگەرییە لە 1600ـەکاندا. زانیاری تیۆری و کردەیی پێکەوە گـرێ دابـوو و فەلسـەفە و عیرفـانی پەیوەسـت کردبـوو بە یەکدییەوە.

[182] عەبدولکەریم جیلی (عبد الكريم بن إبراهيم بن عبد الكريم بن خليفـة بـن أحمـد بـن محمـود/1365-1424ز). لە بـاپیری دایکیـیەوە دەچێتەوە سەر عەبدولقادری گیلانـی، لە بەغدا هـاتووەتە دنیـاوە و لە یەمەن مردووە. کاریگەریی ئیبن عەرەبی لەسەر بووە.

نــاوەوە. دیــوە ئاشــکراکەی، گیــانە ئــاژەڵییەکەیە، کە لە هێزی تووڕەیی و شەهوەت پێک دێت و ئەمە، کە ژیانی مــاددی و لەش، دەســتەبەر دەکــات. دیــوە ناخویــا و دەروونییەکەیشـــی، گیـــان و نەفســـی مـــرۆڤە. دڵ، لە ناوەنـــدی هەردوویانـــدایە. نەفســـە، شـــەهوانییەت و تـووڕەییەکەی مـرۆڤ، چەنـد بـۆ سـەرێ هەڵکشـی و مـرۆڤ پابەنـدیان بێـت، نەفسـە ئـاژەڵییەکەی باڵادەسـت دەبێت و مرۆڤ دەبێتە ئاژەڵ و دڕندەیەک و نەفسیشی دەبێتە "الأمارة بالسوء"، کە ئیدی نزمترین پلەی مرۆڤییە. خۆ ئەگەر دڵیش بە تەواوی مەیلی جیهانی گیانەکی کرد و ڕووی لەوێ کرد، ئیدی سرووش ڕووی تێ دەکات و بە گوڕ و تین و هێزێکی توندەوە، لە جیهانی غەیبەوە نزیـک دەبێـتەوە. ئەودەم پـاش بڕینـی چەنـدین قۆنـاخ و کاتێک، کە ئیدی هەموو نازکییەکان، لەتیفە (لطائف)ـەکان دەکەونە یادکردنەوەوە و هەموو لەش و عەقڵ و هۆش و هەستەکانی مرۆڤ، نوقمی یادکردنەوە دەبن و تەنیا نـاوی خـودا لە ئـارادا هەیە و هیچـی دی و هەر نـاوی خـودا دەگـوترێتەوە و کاتێـک، کە ئیـدی دڵ، ڕۆشـنایی (نـور)ی مەزنـایەتی خـودای تـێ دەزێ و لێـی تـژی و لێوانلێو دەبێ، ئیـدی جیهـانی مـاددە و بـوون و مـروڤ، جـێ دەهێڵێـت و دوای بڕینــی پلەگەلــی نەفســی دڵنیــا، ئاسوودە، ئارام "النفس المطمئنة" و نەفسی قایل "النفس الراضية"، دەگـاتە پـلەی نەفسـی قـایلکراو، قـایلبوو "النفس المرضية".

هەموو ئەمانە پاکژکردنەوەی نازکییەکان (لطائف)ن، نەک لەبەینچوونیان. هەر نازکییەک، لەبەینچوونی خۆی هەیە و دوای لەبەینچـوونی هەمـوو (فنـاء)، مـان یـا هەرمـان (بقـاء) دێت. لەو مـاوەیەدا ڕێبوار، نهێنیگەلێکی فـرەی دێـتە پـێش چـاو و بـۆی ئاشـکرا دەبـن و بەهرەگەلێکی فرەی لە خوداوە پێ دەبەخشرێن و ئیدی ئەو نازکییانە دەبنە چرای پڕشنگدار و ڕۆشنا. ئەگەر ڕێبـوار (سـالک) ڕێـبەر (مرشـد)ێکی هەبـێ، ئەوا لە نـازکییەکەوە دەگـوێزێتەوە و دەچێـتە یەکێکـی دیـکە و ئەودەمـــی ڕۆشـــنایی ئەو نـــازکییە لە ڕوومەتـــی ڕێبـوارەکەدا دەدرەوشـێتەوە و هەسـتی پـێ دەکـات و ڕێبەرەکەیشی هەستی پێ دەکات. ڕێبوار، هەستەکان، نازکییەکان، جیهانی ماددە، هەموو ئەمانە پاکژ دەکاتەوە و دەیانبڕێ و دەگاتە قۆناخی پاکژکردنەوەی نەفس، کە ئیدی یادکردنەوەی سەرومڕ و بێ بڕانەوە، ئەو کارە ئەنجام دەدات.

ڕێـبەر و شـێخانی سـۆفیگەری پێیـان وایە، دەبـێ ڕێبەرێـک ڕێنیشـاندەری ڕێبـوار بێـت، بـۆ گەیشـتن بەو پـایەیە و مەبەسـتی ئەوانـیش لەو ڕێـبەرە، ئەو عـاریفە خوداپەرستەیە، کە گومان لە توانست و زانایی و بڕینی ئەو پلەوپایانەی نییە و ئەو تەنـێ بە نـاو مـرۆڤە، دەنـا پـارچەیەکە لە ڕۆشـنایی و فریشـتەکردارە و ڕێبـواری ڕێگەی خودایە و پایەکانی گەلێ بالان و گەیشتووەتە هەرمـــانی دوای نەمـــان و مرۆڤـــی وەهـــا هەرگیـــز

چاوەڕوانی ناپاکی لەهەمبەر ئوممەتی موحەممەدی لێ ناکرێــت و عەقڵگیــریش نیــیە مەبەســت لە ڕێنــوێنی و ڕێبەرایەتی ئەو، پلەی دنیایی و دەسکەوتی ماددی بێت.

ئەگەر وەدووی ســەرەتاکانی تەریقەتــی نەقشــبەندیدا بگەڕێین، سەرەداوەکان دەمانبەنەوە ئەو بزاڤ و ڕەوتە ســۆفیيايەتییەی، لە ســەدەی دەیەمــدا و گەلێــک پــێش پەیــدابوونی تەریقەتــی نەقشــبەندی، لە خوراســانەوە سەری هەڵدا و بە نیشاپوور و هەرات و مەرڤدا پەخش بــووەوە[183]. ئەگەر بنــۆڕینە کەســانێکیش، کە لەســەر دەســتی ئەوان تەریقەتــی نەقشــبەندی دانــراوە، دەبینــین هەموو ئەوانە لە جیۆگرافیایەکدا ژیاون، سەربە خـاک و وەڵاتانی ئێران، ئەفغانستان، تورکمەنستان، ئوزبێکستان و هیندوســـتان، بـــوون. ئەو جیۆگرافیـــایەش لەڕووی پاشــخانی مێژوویــی و ئــایینی و فەرهەنگیــیەوە، خــاڵە هاوبەشــەکانیان و گرێــدراوییان پــێکەوە، هێنــدە چــڕ و توندوتۆڵە، جوداکردنەوەیان لە یەکدی، ئاسان نییە. ئەو وەڵاتانە، کە ڕەنگە لە دوو مێژوو و فەرهەنگ (ئێرانـی و هیندوســتانی)دا و چــوار ئــایین (زەردەشــتی، هیندۆســی، بــوودایی و ئیســلام)دا، گلێـر بکـرێنەوە، لانکـی تەریقەتـی نەقشبەندی بوونە.

پێشــەنگ و پێشــەوایان و دامەزرێنەرانــی تەریقەتــی نەقشبەندی، خواجە یووسف هەمەدانی (یوسف همدانی/

[183] Utas., The Naqshbandi in central Asia, p.6.

1140-1062)، لە هەمەدان (همدان)ی ئێران لەدایک بووە و لە مەرڤ (مرو)ی تورکمەنستان مردووە. خواجە عەبدولخالیق غوجدوڤانی (عبدالخالق غجدوانی/1103-1179)، لە غوجدوڤان (غجدوان)ی ئوزبێکستان ژیاوە. شێخ ئەحمەدی سیرهیندی (شیخ أحمد سرهندی/1564-1624)، لە سیرهیند (سرهند)ی هیندوستان ژیاوە. ئەبولحەسەن خەرقانی (أبوالحسن خرقانی)، ئەبولقاسم گورگانی (أبوالقاسم گرگانی) و ئەبوعەلی فارمیدی (أبوعلی فارمدی)، هەرسێیان ئێرانی بوونە. بەهائوددین نەقشبەند، شاهی نەقشبەند (بهاءالدین نقشبند، شاه نقشبند/1318-1389)، لە بوخارا (بخاری)ی ئوزبێکستان، ژیاوە. شاە وەلیوڵڵا دەهلەڤی (شاه ولی‌الله دهلوی/1703-1762)، کە ڕێبەری مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندی (1779-1827) بووە و مەولانا لەوەوە تەریقەتی نەقشبەندیی وەرگرتووە و بە کوردستان و خۆرهەڵاتی ناڤیندا بڵاوی کردووەتەوە، لە دەلهی (دلهی)ی هیندوستان، ژیاوە. وا باوە، مەولانا خالید، ماوەی دوو ساڵان لە هیندوستان ژیابێت و لەو ماوەیەشدا دوو مانگ یا پێنج مانگ بزر بووبێت، دەگوترێ لەو بزربوونەیدا، بەسەر ئایینەکانی دیکەدا لە وەڵاتی هیندوستان گەڕاوە.

بەشێکی زۆری ئەو ڕێسا و نەریت و خوو و ڕاهاتنانەی مرۆڤ، لە سەرتاسەری جیهاندا، پێڕۆی دەکات، بۆماوەییە و بە تێپەڕبوونی کات، جێی خۆی لە

نەســـت و هەســـتی مرۆڤـــدا كـــردووەتەوە و بـــووە بە بەشـــێک لە ژیـــانی. دواتـــر ئەگەر ئـــایینیش هـــاتووە و پەیـــامێکی هێنـــاوە و بەنێـــو گەلـــی مرۆڤـــدا بە هـــۆی پەیـــــامهێنەرێکەوە، ڕێـــــبەرێکەوە، پیاوچـــــاکێکەوە، بیرازکـــارێکەوە پەخشـــی کـــردووەتەوە، ئەوا ئەو ئـــایینە نەیتوانیوە تەواوی ئەو کۆمەڵە، ئەو مرۆڤانە، لە تەواوی ڕابـــردوو و بیـــرگە و بۆمـــاوەییەکی فەرهەنگیـــی هەیـــانە، دابـــڕێ و مێشـــکیان بە تەواوی بشـــواتەوە و بیانکـــات بەوەی بـــۆ خـــۆی دەیەوێـــت، بەڵـــکە ئـــایینەکە ڕەنگـــی فەرهەنگەکەی وەرگرتووە و خۆی لەگەڵ فەرهەنگەکەدا گونجانـــدووە. ئەوە فەرهەنـــگە بڕیـــار دەدات و ئـــایین ڕەنگرێژ دەکات، نەک بە پێچەوانەوە. بە گوتەی ئایەتوڵڵا مـــــورتەزا مـــــوتەههەری[184]: ئیســـــلامێکی، شـــــارییان دروســـتیان کردبـــێ، ئیســـلامێکی شـــارییە، ئیســـلامێکی گوندییان دروستیان کردبێ، ئیسلامێکی دەشتەکییانە و لادێیـــــیە. ئیســـــلامێکی عەرەب دروســـــتیان کردبـــــێ، ئیسـلامێکی عەرەبییـە، ئیسـلامێکی ئێرانییـان دروسـتیان کردبێ، ئیسلامێکی ئێرانییە.

---

[184] ئایەتوڵڵا مـورتەزا مـوتەههەری "مرتضـی مطهری 1919-1979"، ئـــایەتوڵڵا، زانـــا و فیلۆســـۆفێکی ئیســـلامی، سیاســـی، بیرمەنـــد و نووسـەرێکی ئێرانییە. چەنـدین سـاڵ مامۆسـتای فەلەسـەفە بـووە لە زانستگەی تاران و خاوەنی نزیکەی 60 کتێبە. یەکێک بـوو لە کەسـە نزیکەکـانی ئیمـام خـومەینی. لە 1ی مەی 1979دا لە لایەن گـرۆی فورقان "فرقان"ـەوە شەهید کرا.

ئایین، با لە خودایشەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت، مادام لە جیۆگرافیا و ژینگەیەکدا بڵاو دەبێتەوە، هەر بۆ خۆی دەرهاوێشتە و بەرهەم و هەڵقوڵاوی فەرهەنگێکە و هەڵگری کۆمەڵێک سیما و شێوە و ڕەنگ و تایبەتمەندیەتی ئەو ژینگە و فەرهەنگەیە، بۆ نموونە: ئیسلام لە بنەمادا لە خەڵک و فەرهەنگ و ژینگەیەکی عەرەبییەوە زاوە و فەرهەنگی عەرەبیی بەسەردا زاڵە. ئەوە هیچ، کە مەسیحییەت بە شێوازێکی گشتی فەرهەنگی ئارامیی و جوولەکایەتیی بەسەردا زاڵە، لێ مەسیحییەت، بە هەردوو شێوازە ئۆرتۆدۆکسییەکەی و کاتۆلیکییەکەی، کە هەردوو ناوەکانیان لە زمانی یۆنانییەوە هاتوون، فەرهەنگی یۆنانی و قیبتییەکان و مسری کەونارا و ڕۆمانەکانیان بەسەردا زاڵە و مەسیحییەتی پرۆتستانتی، فەرهەنگی نەتەوە جێرمانییەکان و بەتایبەت ئەڵمانی بەسەردا زاڵە، چون مارتن لۆسەری دامەزرێنەری، ئەڵمانی بوو. ئایینی بوودایی و هیندۆسی، فەرهەنگی هیندییان بەسەردا زاڵە. واتە: هەر ئایینەو ڕەنگوبۆ و فەرهەنگی، ئەو خاک و خەڵک و ژینگەیە وەردەگرێت، کە تێیدا پەیدا دەبێت. بنەما سەرەکییەکانی لێ دەرکە، ئیسلامی مەغریبی و ئیسلامی سعوودی و ئیسلامی ئێرانی و ئیسلامی چێچنیایی و ئیسلامی ئیندۆنیزی و ئیسلامی سۆفیگەری و ئیسلامی سەلەفی و ئیسلامی ئەحمەدی و ئیسلامی وەهابی، وەک نموونە، چەندین جۆرە ئیسلامی جیاوازن،

نەک تەنــیٚ لە پێڕۆکــردن و جێبەجێکردنــی مەرجەکــانی دینداریيدا، بەڵکە لە هزرين و فيلۆسۆفينيشدا.

بەگوێرەی فراژۆتنی مێژوويی ئيسـلام، تۆ ناتوانيت بـاس لە يەک ژيـاری و شارسـتانەتی ئيسـلامی بکەيـت، بەڵـکە گەرەکە بــاس لە کۆمەڵێــک فەرهەنگــی جيــاواز بکەيـت، کە هەڵگری تايبەتمەنـدی و شـێواز و کەسـيەتی خۆيــانن، لــیٚ لە تــوخم و بــنگە و بنەمــا و ڕەگەزە ســەرەکەييەکانی ئيســلام و نەريــت و ســرووتەکانيدا، هــاوبەش و هــاوڕان. مەســـيحييەتيش هەروايە. ئەو جيـاوازييەی نێـوان ئەو جـۆرە ئيسـلامانە و ئەو جـۆرە مەسـيحييەتانە، بـێجگە لە هەنـدەک ديـد و بۆچـوون و لێکدانەوە و وردەکـاريی جيـاواز، فەرهەنـگە، فەرهەنگـی ئەو گەل و نەتەوانەی سەر بەو دينەن، تێکەڵ بە دينەکە دەبێت و دينەکە بە فەرهەنگەکەی خۆی ڕەنگ دەکات.

بەگوێرەی موحەممەد عابيد ئەلجابيری "محمد عابد الجـابري"[185]: ئيســلام ڕەنگوبـۆی ژيـنگە و دەوروبەری خـۆی وەردەگـریٚ. هەر جـۆرە عەقڵێـک لە ژينگەيەکـدا دەڕویٚ، بە تەواوی ڕەنگوبــۆی ئەو ژيــنگەيە لەخــۆ

[185] موحەممەد عابيد ئەلجابيری "محمد عابد الجـابري 1935-2010"، بيرمەنـد و فيلۆسـۆفێکی مەغـريبييە. 30 کتێبـی لە بـواری هـزر و فەلسـەفەدا نووسـيوە. پسـپۆر بـوو لە ئيـبن ڕوشـد "إبـن رشـد" و فەلسـەفەی ئەودا. سـالانیٚ مامۆسـتای فەلسـەفە بـوو لە زانسـتگەی ڕيبات "رباط". بەناوێترين کتێبی ڕەخنە لە عەقڵی عەرەبی "نقد العقل العربي" بوو، کە لە چەند بەرگدايە.

دەگــرێ، ژیــنگە بە "جیۆگرافیــای فەرهەنگــی بــاوەڕ"دا دادەچۆڕێ. عەقڵی عەرەبی لە ژینگەی عەرەبیدا گەشـەی کــــردووە و عەقڵـــی ئێرانــــی لە ژیــــنگەی ئێرانیــــدا دەرکەوتـووە. ئیـبن سـینا، فـارابی، سـوهرەوەردی، مەلا سەدرا، غەززالی، نوێنەرانی عەقڵی ئێرانین. جیاوازییەک لە چۆنیەتی بانگەشـەکانی ئیبن سـینا و غەززالیدا نییە. ئیبن ڕوشد هێمای عەقڵی عەرەبییە.

لە جڤـاکە ئیسـلامییەکاندا، کوردسـتانی خۆمـانیش بە نمـوونە، چەنـدین نەریـت و کـردەی پێشئیسـلامی (Pre-islamic)هەن، کە پاشــماوەی فەرهەنــگە کەونەکــانن و ڕەنــگە شــتگەلێکی لەبــار و جــوانیش نەبــن، لــێ لەگەڵ ئەوەشــدا بــوونەتە بەشــێک لە فەرهەنگــی هەنــدێک لە نەتەوەیەیلــی موســوڵمان و بە هــاتنی ئــایینی ئیســلام لەبەیــن نەچــوون و هێشــتایش پێــڕۆ دەکــرێن. لە نێــو کــورددا، ڕژانــدنی ئــاو وەدووی کەســێکدا، کە لە مــاڵ دەردەچێت و دەچێتە سـەفەر، سـووتاندنی ئەسپەنەر لە کاتی ئێواراندا بۆ دوورخستنەوەی ڕۆحی شەڕ و خراپ و چـاوی پیس[186]، خوێنـدنی دوعـای "خـوایە بۆ خـاتری

[186] ئەســـپەنەر، ئەســـپەندەر، ســـوپەند، گیـــایەکە بـــۆ چـــاوەزار دەسسوتێنرێت. کە منداڵ بووم لەبیرمە هەندی ئێواران دایکم ئەو گیــایەی لە نێـو دەفرێکـدا دەسـووتاند و ئـێمەش ڕادەوەسـتاین و تەماشامان دەکرد و ئەویش هانی دەداین ڕاوەستین تا دووکەڵی گیا سووتاوەکە بچێ بەسەر سەر و لەشماندا، بۆ پاراستنمان لە بەڵا و نەگبەتی دنیا. وەک بیرم بێت، بۆنێکی ناخۆشی بوو.

ئەم خـۆرەزەردەی خـۆراوا..."، ئـاهەنگگێڕان بە بـۆنەی چوارشەمەسووری، کە لەکن بەشێکی کورد و گەلانی ئیرانی پیرۆز دەکرێن، لە ئایینی کۆنی ئێزدی و ئایینە ئێرانییەکانەوە ماوەتەوە و ئێستا تێکەڵ بە ئیسلام بووە. نەورۆز و حەفت سین و سیزدەوەدەر لە ئایینی زەردەشتییەوە ماونەوە و تێکەڵ بە ئیسلام بوون، ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی شەوی یەڵداوە، تەواوی ئەوانە پاژگەلێکن لە فەرهەنگ و ئۆڵە کەونەکانی ئێرانی، کە کوردیش یەکێکە لەوان، لە نێو کورددا پیرۆز دەکرێن و چ پێوەندێکیان بە ئایینی ئیسلامیشەوە نییە.

خەتەنەکردنی کچان، کە پاشماوەی فەرهەنگی حەبەشە و سۆمال و هەندەک جڤاکی ئەفریقاییە و کردەیەکی نائیسلامییە، لە نێو کوردستان و گەلێ کۆمەڵی موسوڵمانانی دیکەدا، هێشتا پیرۆز دەکرێ. ئاهەنگگێڕانی نەتەوە ئێرانییەکان، لە مانگی مارسدا بە بۆنەی هاتنی بەهار و چوارشەمەسووری و ڕۆژی نەورۆز (21/03) و سیزدەوەدەر، لە مانگی جوولایدا (جەژنی تیرەگان، بە فارسی: جشن تیرگان)، لە مانگی ئۆکتۆبەردا (جەژنی میهرەگان، بە فارسی: جشن مهرگان) و لە مانگی دیسەمبەردا (21/12، شەوی یەڵدا، بە فارسی: شب یلدا)، هەموو ئەم جەژنانە جەژنگەلێکن پێوەندیان بە سروشت و گۆڕانی وەرزەکانەوە هەیە و لە بنەمادا لە ئایینی زەردەشتی و ئایینە کۆنەکانی

ئێرانەوە ماونەوە و ئێستاش لە پەنای ئایینی ئیسلامدا لە نێو گەلانی ئێرانیدا پیرۆ دەکرێن.

لە نێو جڤاکی عەرەبی موسولمٲندا و تا ڕادەیەک لەکن گەلانی موسولمانی ناعەرەبیش، خواستنی ژنی تەمەن گەورە لە لایەن پیاوێکی گەنجەوە، یا کچ بە شوودان بە دەرێی تیرە و خێڵ، یا ژنهێنان و شووکردن لەگەڵ بیانیدا، یا تێکەڵبوون لەتەک ڕەشپێست، زەردپێست و خەڵکانی بیانیدا، یا شیربایی و وەرگرتنی زێڕ و پارەیەکی مشە لەلایەن ماڵی بووکێوە و دابینکردنی ماڵ و دەیان بەزمی دیکە لەلایەن زاواوە، لەبری ژنخواستنی، ئەمانە هەموو لە جڤاکی ئیسلامیدا هەن و چ پێوەندیشیان بە ئایینی ئیسلامەوە نییە.

پرسە و شێوەی تازیەباری، کە دنیایەک ئەرک و بارگرانی و قورسایی دەخاتە ئەستۆی خودان مردوو، ئیدی لە شێوەی بەخاکسپاردنی مردووەکەوە، کە سەدان خەڵک، یا ڕەنگە هەندێ جار هەزاران شوێنی بکەون، تا دابینکردنی جێی تازیەباری و خڕبوونەوەکە و ئەوجا قورئانخوێن و مەلا و فاتیحا و خۆراک و خێربەشێنەوە و چلە و ساڵانە و دەیان بەزمی دیکە، کە پتر پلەی جڤاکی و چینایەتی نۆرەی تێدا دەبینن، تەواوی ئەوانە هیچیان لەگەڵ ئیسلامدا وێک نایەنەوە و تەنێ کۆمەڵێک نەریتی نائیسلامین و ئێستاش نەک ئیسلام لەبەینی نەبردوون، بەڵکە بە زیادەوە پەرەیان سەندووە.

لە نێو گەلێک لە سۆفییەکانی چێچنیا، قیرغیزستان، ئۆزبەکستان، کازاغستان، تاجیکستان و... تا ڕادەیەک خواردنەوەی مەی و جۆرەکانی دیکەی خواردنەوە، فرە ناجۆر و نەگونجاو نییە، واتە: لەکن هەندێک دەشێ مرۆڤ لەیەک کاتدا سۆفی بێت و بشخواتەوە و تەنانەت هەندێ جاریش نوێژ نەکات، کە ئەمە بێجگە لە کارتێکردنی فەرهەنگی شتێکی دیکە نییە.

لە وڵاتی موسوڵمانی مەغریب و لە نێو مەغریبییانی موسوڵماندا، دیارە نەک هەموو مەغریبییەک، چون خەڵکی زۆر بە دین و پارێزگار و توندڕۆی ئایینییان تێدان، پێوەندی سێکسی نێر و مێ، لە دەرێی ژن و مێردایەتی، تا ڕادەیەک، لەکن هەندێک، ئاساییە و ڕێگەلێگراو نییە و کەسی لەسەر ناکوژرێ و سەنگباران ناکرێ. فرەجار، کچانیان کاتێک کوڕێکیان بە دڵە و لەگەڵیدا دەکەونە چاوبڕکێ و گوتوبێژ و پاشان ژوان و ئەوجا ئەو شتگەل و کردانەی پاش ژوان دێن، دەتوانن بە ئاسانی کوڕە ببەنەوە ماڵێ و بە دایک و باوک و ئەندامانی خێزانی بناسێنن و دواتریش لە ژوورێکدا و لە یەک جێگەدا، لەگەڵ کوڕەدا بخەون و چەندیش بیانەوێ بەو جۆرە پێکەوە بن، بێ ئەوەی هیچ کەسێکی ماڵەکە، بێجگە لە ڕوویەکی خۆش و قسەی خۆش لەتەک کوڕەی غەریب و دوێتەی خۆیاندا، هیچ ڕوویەکی ترش پیشان بدەن و قسەیەکی ناشیرینیان بە زاردا بێت. لە خەڵکانێکم بیستووە، کە لەو جۆرە ئەزموونەیان لەگەڵ

مەغریبدا بووە، کە کاتێک لەگەڵ کەنیشکێکدا خەوتوون، دواتر کچە هەڵساوە و نوێژی کردووە یا تەنانەت ڕەمەزان بووە و کچە بۆ ڕۆژی دواتر بە ڕۆژوو بووە. مرۆڤ کە وەها دیاردەیەک دەبینێ و دەژنەفێ، وا هەست دەکات، ئەو ئیسلامەی گەیشتووەتە مەغریب، باسوخواسی زینای لەتەک خۆیدا نەبردووە بۆ وێندەرێ! تەواوی ئەوە، بێجگە لە هەژاری و نەداری، کە بنەما و ڕیشەی هەموو دەردێکە، کارتێکردنی فەرهەنگە، فەرهەنگێکی پێش ئیسلام و هی ئەو گەل و نەتەوە و خەڵکانەی لەسەر ئەو خاکە و لەو جیۆگرافیایەدا ژیاون و ئیسلام نەیتوانیوە بیانسڕێتەوە.

لە هەندێ ناوچە و دەڤەری کوردستانەکەی لەمەڕ خۆیشمان، دیاردەی ڕەدووکەوتن هەبووە و ئێستایشی لەگەڵ بێ هەیە، کە دیاردەیەکە هیچ پێوەندێکی بە ئایینی ئیسلامەوە نییە. لە ڕەدووکەوتندا حاڵەتی جیاواز هەیە. جار هەیە کچێکی شوونەکردوو (عازەب) و کوڕێکی ژننەخواستوو (عازەب)ی لاو، پێکدێن و بهەڤرا هەڵدێن، یا کوڕێکی ژننەخواستوو لەگەڵ ژنێکی مێردار، پێکدێن و پێکەوە هەڵدێن، یا پیاوێکی ژندار لەگەڵ کچێکی عازەب، پێکدێن و وێکڕا هەڵدێن، یا پیاوێکی ژندار و ژنێکی مێردار، پێکدێن و وەل یەکەو هەڵدێن. زۆرجاران، ئەو حاڵەتانە بە لێکتێگەیشتن و میانگەریی ڕدێنسپی و دەمڕاست و پیاوماقووڵان و قایلبوونی ماڵبات و خێزانی هەردوولا، چارەسەر دەکرێن و بێ

قـڕه و فهرتهنه پێـک دێـن ئهو نێـر و مێـیه به شــهرعی خـودا و ئیسـلام له یهکدی مـاره دهبـڕن و دهیـانکهن به ژن و مێـرد. ئهو کـردهی ڕهدووکهوتـنه، ههرگیـز هیچـی لهگهڵ ئیسلامدا نییه و تهنیّ فهرههنگه و ئیسـلامیش له نێوی نهبردووه.

تهواوی ئهو ڕێنــوێنی و مهرجــانهی له تهریقهتـــی نهقشبهندیدا، بۆ ڕێبواری ڕێگهی تهسـهووف دانـراون و سۆفی پێڕۆی دهکات، بۆ گهیشتن به باڵاترین پله و پایه و مهبهست، ئیدی له: یادکرنهوه، زیکر (ذکر)ی بێدهنگ، گـــوتنهوهی نـــاوی خـــودا، چاونووقانـــدن له کـــاتی یـــادکردنهوهدا (ذکـــر)، چڕکـــردنهوهی بیـــر (ترکیـــز)، پێڕۆکردنـی "ئـا لێـرهدا و ئێسـتا" له کـاتی یـادکردنهوه و تهرکیـزدا، وشـه پیرۆزهکـان، که به یازدهکـان ناسـراون، چـاودێری و کۆنترۆڵکردنی ههناسـهدان، گهشـت له نێـو نهفســـدا، ژمـــاردنی یـــادکردنهوه، خـــاوێنکردنهوهی نازکییهکـان (لطـائف)، تووڕههـڵدان و دوورکهوتـنهوه له ههمـــــوو بیرکـــــــردنهوهیهک، فهرامۆشــــــکردن و دهسـتبهرداربوون له ههمـوو لایهنێکـی مـاددی و چێـژی ژیـان، پێڕۆکردنـی ڕێبهرێـک تـا گهیشـتن به قۆنـاخی نهمان، فهنا (فنـاء) و ههرمـان، بهقـا (بقـاء) و گهیشـتن به خـــودا، ههمـــوو ئهوانه، که له ســۆفییایهتی به ههمـــوو ڕێبازهکانییهوه و تهریقهتی نهقشـبهندیدا ههن، ناتوانرێـت تهنـیّ وهک تایبهتمهنـدییهکی ئیسـلامی سـۆفییایهتی و موسـوڵمانبوونی سۆفییهکاندا، دوور له ههمـوو ئـایین و

فەرهەنـگ و مێژوویەکـی دیـکەی نائیسـلامی، ببینـرێن، بەڵکە لە قووڵایی ئەو پاشخانەدا، ڕەنگوبۆ و کاریگەریی ئـاییـنی هیندۆسـی، بـوودایی، زەردەشـتی، یۆگـا، نیرڤانـا، فەرهەنگی ئێرانـی، هیندوسـتانی و گەل و نەتەوەگەلێکی جیـاوازی دانیشـتووی ئەو جیۆگرافیـا و خـاکەی، ئەمـڕۆ بە جیهانی ئیسـلامی نـاو دەبـرێ، بە ڕوونـی دەبێنـرێن و پێیانەوە دیارن.

## پاشکۆ:

## زنجیرەی تەریقەتی نەقشبەندی[187]:

الرسول محمد

أبوبكرالصديق — الإمام علي بن أبي طالب

سلمان فارسی — الإمام الحسين بن علي — الحسن البصري

قاسم بن محمد بن أبي بكر — الإمام علي زين العابدين

الإمام محمد الباقر

بايزيد بسطامی — الإمام جعفرالصادق — حبيب عجمی

الإمام موسى الكاظم

الإمام علي الرضا — داودالطائي

معروف الكرخي

سري السقطي

جنيد البغدادي

أبو على رودباری

أبو على كاتب

أبو عثمان المغربي

أبوالحسن خرقانی — أبو قاسم گرگانی

أبوعلی فارمدی

خواجه يوسف همدانی

---

[187] نەقشبەندی... تەصەووف... ل440.

عبدالخالق غجدوانی

عارف ریوگری

محمد انجیر فغنوی

عەلی رامتینی

محمد بابای سماسی

سید أمیر کلال

بهاءالدین نقشبند

علاءالدین عطار

یعقوب چرخی

عبیدالله احرار

محمد قازی زاهد

درویش محمد

محمد خواجگی امکنی

محمد باقی

امام ربانی احمد فاروق

محمد معصوم

نور محمد بدوانی

شمس الدین حبیب الله (جان جانان مظهر)

شاه عبدالله دهلوی

مولانا خالد نقشبندی[188]

---

[188] مەولانا خالید، چەندین خەلیفە و جێگرەوەی بۆ خۆی و وەک درێژەپێدەرانێکی پەیام و تەریقەتەکەی دانابوو و ئامادە کردبوو و ئیدی بەو هۆیەوە تەریقەتی نەقشبەندی لەپاش مەولانا، لە نێوان چەندین نێوەند و خەلیفەدا دابەش بوو.

**دواوشه:**

مرۆڤ، هیچ مرۆڤێک له جیهاندا، هەرگیز خودای نەدیوه و هەر له ڕسکان و دەسپێکی بوونیشەوه بیروباوەڕی بوونی کردگار و هێزێکی مەزنی توانا له گەردووندا، مرۆڤی به خۆیەوه سەرقاڵ کردووه. دواتر تەنێ له ڕێگەی چەند دانەیەک پەیامهێنەرەوه و چەند کتێبێک، که ئەوان وەک پەیامێکی یەزدانی، بۆ مرۆڤیان هێناوه، مرۆڤ ئاشنایەتی لەگەڵ ئاییندا، به تایبەت ئایینه یەکتاپەرستەکانی وەک جوولەکه، فەڵه و ئیسلام پەیدا کردووه و باوەڕی به بوونی خودا، تاکه خودایەک هێناوه. هەرچی ئایینەکانی نایەکتاپەرستییەکانیشن، بڕێک فیلۆسۆف و بیرازکار، پەیامەکانی خۆیان به خەڵک گەیاندووه. له هەموو حاڵەکاندا، ئەگەر پەیامهێنەریک پەیامی تاکخودایی و ئایینێکی به مرۆڤ گەیاندبێ یا فیلۆسۆف و بیرازکارێک پەیامێکی چاکسازیی بۆ مرۆڤایەتی هێنابێ، هەموو ئەوانه

پرۆژەیەک بوونە بۆ گۆڕینی کۆمەڵ، بۆ چاکسازی، بۆ خاسترکردنی ژیانی خەڵک.

ئیسلام، قورئان کتێبە پیرۆزەکەیەتی و قورئانیش سەرچاوە و کرۆکی ئایینەکەیەتی. قورئان، بە بۆچوونی ئیسلام، تەواوی پەیامەکانی خودان، کە لە ڕێگەی پەیامهێنەری ئیسلامەوە (موحەممەد) بە خەڵک گەیێندراون. قورئان بە زمانی عەرەبییە و ئیمام عەلی گوتەنییش: "القرآن حمال أوجه"، واتە: قورئان هەڵگری گەلێ ڕوو و لێکدانەوەی جیاوازە و دەشێ هەرکەسەو بە سوود و مەیل و خواستی خۆی لێکدانەوەی بۆ بکات. بەگوێرەی قورئان و بنەماکانی ئیسلام، لە نێوان خودا و باوەڕدارانـدا هیچ جۆرە ئامرازێکی نێوەندگری و میانگەری نییە و هیچ کەسێک ناتوانێت مرۆڤێک بە خودا بگەیەنێت و هیچ کەسێکیش ناتوانێت داهاتوو بزانێت و شاراوە و پەنهان و غەیب ببینێت و بزانێت. پەیامهێنەری ئیسلام، وەک هەموو خەڵکی دیکە، خۆی بە مرۆڤێکی ئاسایی زانیوە و هەرگیز نە خۆی لە خەڵک جودا کردووەتەوە و نە بانگەشەی غەیبزانی کردووە نە هیچ توانستێکی نائاساییش. دیارە لە قورئانیشدا ئایەتگەلی ڕاشکاو لەمەڕ ئەو مەبەستەوە هەن.

لە سەرەتاکانی دیرۆکی ئیسلامدا، کاتێک پەیامهێنەری ئیسلام لە ژیاندا بووە و دوای ئەویش، کە ئیدی خەلیفەکانی، پێشەوایەتی موسوڵمانانیان کردووە، هەرگیز پیشەیەک، کارێک بە ناوی پیاوانی ئایینی،

ئایینکار نەبووە و هیچ کەسیش خۆی بە نوێنەری خودا لەسەر زەوی و فریادڕەسی مرۆڤ نەزانیوە. لە سەردەمانێکی دواتردا ئیدی دەسەڵات بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆی و زاڵبوون بەسەر خەڵکدا، ئایینی کردە ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی خۆی و جێی خۆ قایمکردن و پاساوهێنانەوە بۆ کارە نابەجێیەکانی خۆی و دۆزینەوەی بیانوو بۆ سەرکوتکردنی نەیارانی خۆی، دەبوو خەڵکانێک پەیدا بکات بۆ بەجێهێنانی ئەو مەبەستە و باشترین کەسانێک بتوانن وەها کارێک ئەنجام بدەن، زانا و خوێندوو و مەلا و کەسانێک بوون، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، ڕێنوێنی خەڵکیان دەکرد و سەروسەودایەکیان لەگەڵ پێشەوایەتی ئاییندا هەبوو. ئیدی لەودەمییەوە ئۆڵکار، پیاوی ئایینی، پاساوهێنەر و ملکەچی دەسەڵات پەیدا بوون و بوون بە وەعزدەرانی پاشایان (وعاظ السلاطین)، کە لەهەمبەر بەرژەوەندێکی ماددی و پلە و پایەیەک لە خزمەتی دەسەڵاتدا بوون.

دیارە مرۆڤ ناتوانێت نکۆڵی لە ڕۆڵی ئیمامانی بەرنوێژ و زانایانی موسوڵمان بکات بەوەی بە ئایینی ئیسلام پێشکەشی دەکەن، لێ ئەگەر ئەو کارەیان ببێتە پیشە و خودانی ئەو کارانە ببنە دامەزراوەیەکی بانخەڵک، بانکۆمەڵ، خودان سەروەری و دەسەڵات و پێگە، کە ئیدی لە سەردەمی ئەمەوییەکانەوە هاتە گۆڕێ و دەستی پێ کرد و پەرەی سەند، ئیدی ئەوە بووە و دەبێتە هۆی دروستبوونی ئۆڵکار، کارمەندیی

ئـایین، ئایینکـار، کە ئیـدی ئەوە ڕۆڵێکـی ناپێویســتە و لەگەڵ بـاوەڕە بنەڕەتییەکـانی ئیسـلامدا وێـک نـایەتەوە، چون لە ئیسلامدا "کاهینی/کەهەنۆتی/ Ordination"، واتە: ڕایەڵە/پێوەست/بەستەر، نییە. کاهین گرێدەر و بەستەر و لکێـنەری مـرۆڤە بە خـوداوە، کە لە مەسـیحییەتەوە هـاتووە و لە ئیسـلامدا وەهـا شـتێک نییە[189]. زۆرینەی جـار، ئۆڵکـاران، کە ئیـدی کارەکانیـان لە بـواری ئایینـدا بووەتە و دەبێتە پیشە و بانگەشـەی نوێنەرایەتی خـودا دەکەن لەســەر زەوی، ڕۆڵــی خۆیــان لە سـێکوچکەی فەرمانڕەوادا، واتە: دەسەلاتی سیاسی، دەسەلاتی دارایی و دەسەلاتی ئایینییدا بینیوە، کە عەلی شـەریعەتی نـاوی تونــدوتیژی و زێــڕ و ســاختەکارییان لێـدەنێ و وەک داپۆشـــەری ئیــدیۆلۆگی و پاشــکۆیەتی ڕێژیمــانی فەرمانڕەوایان دەیانبینێ و پێی وایە ئەوان ئەو ڕۆڵەیان لستووە.

ئیســـــلام ددانـــــی بە پیشـــــەیەکدا بە نــــاوی ئۆڵکار/کارمەنـدی ئـایین نەنـاوە، تەنـانەت پەیـامهێنەر و نزیکترین هاوڕێیانی، هاوشانی خوداپەرستی، بە دەستی خۆیـان کاریـان کـردووە و کاروبـاری ژیانیـان بەڕێـوە بردووە[190]. سێیینەی دەسەلاتی فەرمانڕەوا لە جڤاکەیلی ئێمەدا، توندوتیژی و دارایی و چەوساندنەوەی ئایینی، کە شـــــەریعەتی بە (کۆلۆنیـــــالیزم، بەکـــــاربردن و

---

[189] رسول...، هكذا...، ص56.

[190] المصدر السابق.

کەراندن)[191] ناویان دەبات، هەوڵدانێکە بۆ کەراندنی خەڵک و گەوجاندیان، وەک پێویستییەک بۆ مانەوەی ڕێژیمگەلی ستەمکار و دواکەتوویی، کە ئیدی ئەوەش پایەیەکە لە پایەکانی بوون و بەردەوامبوونی وەها ڕێژیمگەلێک. دەسەڵاتداران خەڵک دەچەوسێننەوە و خەڵک بەکار دەبەن و دواتر مزگەوت دروست دەکەن و نوێژی تێدا دەکەن، ئەوان "ناوەڕۆکی قورئان دەسڕنەوە و بەرگەکەی لە زێر دەگرن"[192].

بەگوێرەی بنگە و بنەماکانی ئاینی ئیسلام بۆ خۆی، وەک عەلی شەریعەتی دەیبینێت، هەموو شتێک، مادده، مرۆڤ یا هەر شتێکی دیکەی ناماددییش، ئەگەر واتەی پەرستنی بێجگە لە خودا بگەیەنێت ئەوە دانانی هاوبەش و هاوشانە بۆ خودا، واتە: شیرک (شرك)ە، خولانەوە بە دەوری هەر جێگەیەکدا بێجگە لە کەعبە شیرکە، باوەرکردن بەوەی هەر کەسێک -بێجگە لە خودا- کاریگەریی لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە شیرکە[193].

من بۆ خۆم بە پێچەوانەی شەریعەتییەوە، سەردان و زیارەتی مردووان بە شیرک نازانم، ئەگەر وابێ خەڵک خۆ زیارەتی پەیامهێنەر، خەلیفەکان: ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان و ئیمام عەلی، ئیمام حوسەین، ئیمام کازم، ئیمام ڕیزا و زۆری دیکە دەکەن، دەی ئەو

[191] رسول...، هكذا...، ص60.

[192] رسول...، هكذا...، ص69.

[193] رسول...، هكذا...، ص65.

سەردانانە چ ناوێکیان لێ دەنرێ! بەمن  هەموو ئەوانە بێجگە لەوەی ئارامی و ئاسوودەییەکی دەروونی بە مرۆڤ دەبەخش و وەبیرهێنانەوە و یادکردنەوەیەکی ئەو مردووانەن، چ واتای پەرستن و هاوبەش بۆ خودا دانانێک ناگەیەنێت، ئەگەر زێدەڕۆیی و ماچکردنی دار و دیوار و بەرد و خۆهەڵسوون لە دەرکە و گۆڕ و کڕنۆشبردن و ئەو جۆرە کردارانەی تێدا نەبێت.

باوەڕبوون بە یەکتایی/تاکایەتی خودا و ڕەفزکردنی هەموو جۆرە هاوبەشدانانێک بۆ خودا، لەوەوە دێت، کە ئەم باوەڕە مرۆڤ لە ملکەچیی بۆ چەندین جۆرە خودا (نیشانە و سیمبۆڵەکان، سەردار و ڕێبەران...) ئازاد دەکات. هەروەها لەو گرۆ و دەستانەی بانگەشەی نوێنەرایەتی خودا دەکەن لەسەر زەوی و دەستیان بە سەر خەڵک و چارەنووسیاندا دەڕوات، بە پشتبەستن بە بانگەشەی جۆرێک لە پێوەند لەگەڵ خودادا، لەوانەیش ئازادیان دەکات[194]. ئیسلام ئایینێک نییە تەنێ لەسەر عیرفان و هەستی ڕووحی بنیات نرابێ، یا تەنێ لەسەر پێوەندی مرۆڤ بە خوداوە ڕاوەستابێ، بەڵکە ئەوە یەک لایەنە لە هەموو لایەنە فراوانەکانی ئیسلام.

لە ئیسلامدا ئایین و سیاسەت، دنیا و ئاخیرەت، لە یەکدی جودا نین و ئیسلام ئیدیۆلۆگییەکە، ڕێپێشاندەری کردەی بنیاتنانی مرۆڤی باڵا و بنیاتنانی جڤاکی

[194] رسول...، هكذا...، ص37.

هاوسەنگە، کە ببێتە پێشەنگی خەڵک لە جیهاندا، دیارە ئیسلام تەنێ ئیدیۆلۆگی نییە، بەڵکە شۆڕشێکی جڤاکییشە، کە ئامانجی بنیاتنانی جڤاکێکی ناچینی ئازادە، لەسەر "دادوەری و مافپارێزی" دامەزرابێت. جڤاکێک لە تاکە ئازاد و ئاگاکان پێکهاتبێت، کە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن[195]. تالیقانی (طالقانی) گوتەنی: "ئیسلامی شۆڕشی جڤاکی نەک ئیسلامی نەریتی و خۆیەتی و کەسەکی"[196].

ئەگەر کرۆکی ئایینی ئیسلام ئەوە بێت، مرۆڤ سەری خۆی کز کات و گوێی خۆی بنووقێنێت و چاوەکانی داخات و زمانی نەچەرخێنێ و هەرگیز رەخنەیەکی دژ بە ناحەقی و ستەم و نابەرانبەری و چەوسانەوە لە زار نەیەتە دەر و دەست بە کڵاوی

---

[195] رسول...، هکذا...، ص173.

[196] رسول...، هکذا...، ص237. طالقانی (سەید محمود طالقانی)1911-1979، زانایەکی موسوڵمانی شیعە و سیاسییەکی ئێرانی بوو، یەکێک بوو لە نیشانەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران. لە بڕیاری خۆماڵیکردنی نەفتدا لە 1953دا پشتگری دکتۆر مصدق بوو. پازدە ساڵێک لە زیندانەکانی ڕێژیمی پەهلەویدا بوو. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی شارەزایانی دەستوور و ئیمام خومەینی هەڵیبژارد بۆ ئیمام جومعەی شاری تاران. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی بە چەند مانگێک کۆچیدوایی کرد. ئیمام خومەینی لە ڕاگەیاندنی هەواڵی مردنیدا، وەک ئەبوزەڕی غیفاری، بۆ شۆڕشی ئیسلامی باسی کرد.

خـۆیەوە بگرێـت بـۆوەی بـا نەیبـات، وەک زۆرێـک لە سۆفی و دەروێش و هەوادارانـی ڕێبازە ئایینییەکـان، بە پێزانین و مۆچیاری و ڕێنوێنی ڕێبەرەکانیـان بانگەشـەی بـۆ دەکەن، ئەوە بـێجگە لە سـازش و چـاوبڕکێ لەگەڵ دەسـەڵاتدا و بێـدەنگیی لە ئاسـت حەق "الســاکت عــن الحــق..." نـاکرێ نـاوێکی دیـکەی لـێ بنـرێ. نە ئـایینی ئیسلام لە دەسپێکدا وەها بووە و نە پێشـەنگ و پێشـەوا و پێشینانی سۆفیگەری و ڕێبازە سۆفیگەرییەکانیش بەو جۆرە بـوون، بە پێچەوانەوە ئەوان پەیـامی ئایینەکەیـان وەک پەیامێکی شۆڕشگێڕانە بۆ گۆڕینی جڤاک پەخش دەکردەوە و دەگەیاند.

لە نێـو ئـاپۆرەی ڕێـبەران و شـێخانی تەریـقەت و ڕێبازە ئایینییەکاندا و ئایینکاران و پێشـەوایانی ئاییندا و لە نێو مزگەوت و تەکیە و خانەقا و زەوایاکاندا، بڕێک جار خەڵکانێک هەڵکەوتوون، هەستە نیشتمانپەروەری و وەڵاتپـارێزی و وەتەنگەهـاتنی خـاک و خەڵـک و گیـانە لەخۆبـوردەیی و شۆڕشـگێڕییەکەیان بەسـەر ژیـانی گۆشەگری و بێدەنگی و گرێدراوی بە دەسـەڵاتەکانەوە، زاڵ بــووە و خۆیــان لە نێــو خەڵکــدا بینیــوەتەوە و ڕێبەرایەتی خەڵکیان کردووە بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و بەنـد و چەوسـانەوە و سـتەم. شـێخ عوبەیـدوڵڵای نەهـری، شـێخ سـەعیدی پیـران، شـێخ عەبدوسسـەلامی بارزانی، مەلیک شێخ مەحموودی حەفید، پێشـەوا قازی مـوحەممەد، سـەرۆک مەلا موسـتەفا بـارزانی، لە نێـو

کـــورددا نمـــوونەگەلێکی خەڵکـــانێکن، کە پەروەردەی مزگەوت و تەکیە و خانەقان و لەوێوە هـاتوونەتە دەرێ و ملەکچــی دەســتەمۆیی و سســتی نەبــوون. عــومەر ئەلموختار (عمر المختار)ی شۆڕشـگێڕی لیبیای ناسـراو بە شــێری بیــاوان و شــێخی خەبــاتگێڕان، کە لەلایەن ئیتـالییە داگیرکارەکـانەوە لە سـێدارە درا، ئەویـش هەر بەرهەمی ژینگەی ئایین و مزگەوت و ڕێبازی سنووسـی (السنوسیة)یە و فەرهەنگە ئیسلامییەکەیە.

پەیام و کرۆکی ئیسلام، هەرگیز تەنێ خۆحەشـاردان لە مزگەوتێکدا و تەنـێ نـوێژکردن و تەنـێ خـۆدابڕین لە خەڵـک و تەنـێ گریـان و تـرس و پـاڕانەوە نیـیە، بەڵـکە پێش هەر شتێک، کار و کۆمەکە بە مرۆڤ. پەیـامهێنەری ئیسلام دەڵێ "أحب الناس إلى الله أنفعهم للنـاس وأحب الأعمال إلى الله سرور تدخله على مسلم أو تكشف عنه كربة أو تطرد عنه جوعا أو تقضي عنه دينا ولأن أمشي مع أخ لي في حاجة أحب إلي من أن أعتكف في هـذا المســجد شــهرا"، واتە: خۆشەویســتترین مـرۆڤ لە لای خودا، بەکەڵکترینیانە بۆ خەڵـک و، خۆشەویستترین کـار لە لای خودا، دڵخۆشکردنی موسوڵمانێکە، یا لە دڵتەنگـی و خەفەت دوورخســـــتنەوەیەتی، یـــا لە برســـــییەتی ڕزگـارکردنیەتی، یـا قەرزارییەکـی لەکۆڵ دەکەیـتەوە، کە لەگەڵ برایەکمـدا (مەبەسـتی کەسـێکی مۆسـوڵمانە) بـۆ پێویستییەک بچم، خۆشـترە لەلام لەوەی لەم مـزگەوتەدا مانگێک خۆم حەشـاردەم. گوتەی: "خیر النـاس مـن نفع

الناس". باشترین مرۆڤ ئەوانەن بە کەڵکی مرۆڤ دێن، ئەوە بە من کرۆکی ئەو پەیامەیە، کە ئۆڵی ئیسلام و پەیامهینەرەکەی بە مرۆڤایەتییان گەیاندووە. مەبەست لە مرۆڤیش لەو گوتەیەدا، تەنێ مرۆڤی موسوڵمان و سەر بە ئایینی ئیسلام نییە، بەڵکە ڕەگەزی مرۆڤە بە گشتی، ئیدی هەر ڕەنگ و ئایین و زمان و ڕەگەز و نەتەوەیەکی هەبێت.

پاراستنی یەکیەتی موسوڵمانان و پاراستنی وڵاتەکەیان و ڕابوون و جیهاد دژی کۆلۆنیالیستان، ئەرکێکی دینییە لەسەر موسوڵمانان و پێوەری تەندروستیی ئیسلامبوونیانە، ئەوەیشی بانگەشەی باوەڕداری دەکات و پێی وایە گەرەکە تەنێ لە دڵدا ڕایگرێ و تەنێ خۆ بە خوداپەرستییەوە خەریک بکات، ئەوە بە موسوڵمان ناژمێردرێت[197]. لە سەردەمێکدا، کە جیهانی سێیەمی جاران، کە ڕەنگە ئێستا بشی پێی بگوترێ جیهانی دووەم، واتە هەموو جیهانە هەژارەکەی سەر زەوی، لە بەرانبەر جیهانە دەوڵەمەند (یەکەم)ـەکە، بە هۆی سستی و دواکەوتوویی خۆیەوە و ملکەچبوون و پاشکۆیەتی و زاڵبوونی بیری کزۆڵەبوون و پاڕانەوە و گۆشەگرییەوە، بەدەست ڕۆژاوا و هەژموونی خۆراواوە شپرزە بووە و بڕستی لێ بڕاوە، فرانز

[197] رسول...، هکذا...، ص49.

فـــانۆن[198] دەڵـــێ: ئیســـلام لە جیهـــانی ســـێیەمدا، کە زۆرترین توخم و هێزی جڤاکی و ئیدیۆلۆگییە، دەتوانێت ڕووبەڕووی خـۆراوا ببێـتەوە، چـون خـۆی لە بنەمـادا سروشتێکی دژەخۆراوای هەیە[199]، دەشـیا ئیسـلام وەهـا ئەرکێکی لە ئەستۆ گرتبا، نەک سستی و خجڵبوون بە وێرد و دوعا و قوژبنی مزگەوت و تەکیە و خانەقاوە. خجڵبوون بە وێرد و دوعا و قوژبنی مزگەوت و تەکیە و خانەقا و باسوخواسی دەستنوێژ و تەراویح و نوێژی سـوننەت و سـەدان حەدیـس (حـدیث)ی گێـڕدراوە لە ئەبوهـورەیرە و بوخـاری و موسـلیمەوە و سـەدان وردەباس و بابەتی دیکە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان،

---

[198] فرانز فانۆن (Frantz Omar Fanon /1925-1961)، دەروونناس و فیلۆسـۆفێکی جڤـاکی بـوو. لە فرانسـا لەدایـک بـووە و لە دوڕگەی مارتینیک لە زەریای کاریبی مردووە. لە جەنگی دووەمی جیهانیدا لەگەڵ سپای ئازادی فرانسیدا بووە و دژ بە نازیستەکان جەنگاوە. دواتر لە سەردەمی داگیرکردنی ئەلجەزائیرەوە لەلایەن فرانساوە، وەک بژیشکی سـەربازی لە سـپای فرانسـی لە ئەلجەزائیـر کـاری کـــردووە. هەر لەو دەمەدا چـــووەتە ڕیـــزی بەرەی ڕزگـــاریی ئەلجەزائیـرەوە و دواتـر بـووە بە بژیشـک لەکـن ئەوان و کـاری سیاسـی و ڕێکخسـتن و ڕۆژنامەوانیشـی بۆ دەکردن. سـاڵی 1960 بوو بە باڵیۆزی حوکوومەتی کاتیی ئەلجەزائیر لە غانا. بە نووسین و دیـــــدە دژە کۆڵۆنیـــــالیزم و دژە ڕەگەزپەرســـــتییەکانی بە سرووشبەخشـــی زۆرێـــک لە بـــزاڤە ئازادیخوازەکـــانی جیهـــان دادەنرێت. چەوساوەکانی زەوی، یەکێک لە کتێبە بەناوبانگەکانیەتی.
[199] رسـول..،هکذا..، ص240. لە نـامەیەکی فرانـز فـانۆن بـۆ عەلـی شەریعەتی.

تەنیـــا گەوجانـــدن و گەمژانـــدنی مـــرۆڤە بـــاوەڕدار و موســـوڵمانە ئاســـاییە هەژارەکـــانە، بـــۆ لەبیربـــردنەوەی دەردەکانیـــان، وەهـــا کارێـــک هەرگیـــز پـــرۆژە و پەیـــامی ئایین نییە و ئایین بۆ ئەوە نەهاتووە!

بیــر بــکەوە، ئەگەر هەمــوو خەڵــک، تەواوی مرۆڤــی سەر زوەی ببنە سۆفی و دەروێش و ڕێبواری ڕێگەی تەریــقەت و ئەگەر هەمــوو کەس گۆشــەگری تەکــیە و خانەقا و قوژبنی مزگەوت بن، ڕەنگە وەک تاک هەموو ئەو خەڵکانە بگەنە ئارامی و ئاسوودەییەکی دەروونی و دڵخۆش بن، لێ ئایا جڤاک بە وەها خەڵکێک دەگۆڕی و پێش دەکەوێ؟ ئەوانە تاکن و لە چوارچێوەی کۆمەڵێک سرووت و کەشێکی سست و بێلایەندا دەمێننەوە و هیچ لە جڤاکدا نایەتە گۆڕین. جڤاک، بە چالاکی، بە شۆڕش، بە هەوڵــدان و کۆشــش، بە کــار، بە خەبــات، بە بــزاڤ دەگۆڕێــت. بە تەســـەووف و ســـۆفیگەریی، مرۆڤـــایەتی، ژیان و جیهان، بەڕێوە ناچن. کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکـات، کە تەسـەووف و سـۆفیگەری هەڵگری پەیـامێکی خۆشەویســـــــتی و جـــــــوانییەکن و جـــــــوانییەک بە دەوروبەریــش دەبەخشــن. تەســـەووف و ســـۆفیگەری، بەڵــێ ڕووحێکــی پــاک و دڵ و دروونێکــی بــێ نیــاز و تـــووڕدانی هەمـــوو چـــاوچنۆکی و خۆپەرســـتییەک بە مرۆڤێک وەک تاک دەبەخشن، لێ ڕەنگە لە بەنگیبوون و مەســتبوون و خەیــاڵ و خەونگەلێکــی خــۆش و جــوان بەولاوە، شتێکی دیکە نەبن.

تــۆ ئەگەر چـــاودێر و گەواهێــک نەبـــی بە ســـەر سەردەمی خۆتەوە و لە مەیدانی ملانێ و جەنگی نێوان داد و نادادیـــدا و لەو جەنـــگ و ملانـــێ جیهـــانییەدا هەڵوێستێکی ڕاستەقینەت نەبێت، هەرچی دەبی ببە: نوێژکەرێکی خوداپەرست لە میحرابدا یا مەیخۆرێکی نێو مەیخانەکان... ئەو هەردوو کارە هاوتا و یەکسان دەبنەوە.. کردە لە هزر گرنگترە و کار و کۆشش و خەبات لە نوێژ گرنگترە[200].

[200] رسول...، هكذا..، ص70.

## بیبلیۆگرافی:


به زمانی کوردی:

* شـەریعەتی، عـەلی، عیرفـان، بەرامبـەری، ئـازادی، وەرگێڕانی هەژار، سروش، تاران 1359.

* مـودەڕیس، مـەلا عەبدولکـەریم، یـادی مـەردان، بەرگی1، بەغداد 1979.

* نەقشبەندی، ئـەمین شـێخ عـەلائوددین، تەسـەووف چییە، بەغداد 1985.

به زمانی فارسی:

* بخـارایی، محمـد بـن محمـد پارسـائی، قدسـیه، کلمات بهاءالدین نقشبند، ترجمه وتعلیق محمد طاهر عراقی، تهران 1354.

* رومـی، جـلال الـدین، مثنـوی معنـوی، بکوشـش نیکلسون، تهران 1363، جزء1.

* زرین کوب، دکتر عبدالحسین، جستجو در تصوف ایران، انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم، تهران، 1367.

* عمید، حسن، فرهنگ عمید،1، تهران 1363.

به زمانی عەرەبی:

* أدونـیس، علـي أحمـد سـعید، الثابـت والمتحـول،2: تأصیل الاصول، بیروت، 1986.

* بن عـامر، توفيـق، دراسـات فـي الزهـد والتصـوف، الدار العربية للكتاب، ليبيا – تونس،1981.

* جرداق، جورج، الإمام علي صوت العدالة الإنسانية، بيروت 1958.

* رسول، فاضل، هكذا تكلم علي شريعتي، دار الكلمـة للنشر، الطبعة الثالثة، بيروت–لبنان،1987.

* الفوتي، الشيخ أحمد التيجاني، التصـوف الإسـلامي، مبـادئه ومقاصـده وغايـاته، الطبعـة الثانيـة، دارالتجـاني المحمدي، تونس،1987.

* القرآن الكريم.

* لجنـة التـأليف، مؤسسـة البلاغ، أهـل البيـت مقـامهم منهجهم مسارهم، تهران.

* مطهـري، إسـلام و إيـران، جـزء 3، ترجمـة محمـد هادي الغروي اليوسفي، سپهر، طهران 1985.

به زمانی ئینگلیزی:

* Abu-Manneh, Butrus, “The Naqshbandiyya-Mujaddidiyya in the Ottoman lands in the early19th century, The world of Islam, N.S., Vol XX11, Nr 1-4, 1982.

* Algar, Hamid, “The Naqshbandi Order: a preliminary survey of its history and significance", Studia-islamica 42(1976).

❈ Habib, Madelain, Some notes on the Naqshbandi order, The Kurdish World, Vol: 1 L1X, 1969.

❈ Hourani, Albert: The Emergence of the modern Middle East, Macmillan, 1981.

❈ Utas Bo, the Naqshbandi in central Asia (Lunch talk for the committee on Inner Asian & Altaic– Studies at the Faculty Club, Harvard Univercity) 2 March 1988.

❈ Utas Bo, Notes on Afghan Sufi Ordens and Khanaqahs, Afghanistan Journal. 7(1980): 2.

❈Wood Ernest, Great systems of yoga, Philosophical Library, 1954.

## بلاوکراوەکانی پرۆژەی بیری میانڕەو

| ژ | نـــاوی کتێب | نــاوی نووســەر | نــاوی وەرگێــر |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەرکی ئەمڕۆی گەنجی موسڵمان | د. يوسف القرضاوي | شڤان ئیبراهیم |
| 2 | ئایین لە سەردەمی زانستدا | د. يوسف القرضاوي | محەمەدی مەلا حەسەن |
| 3 | ئــەو ئیســلامەی بانگــەوازی بــۆ دەکەین | د. يوسف القرضاوي | شڤان ئیبراهیم |
| 4 | ئافرەتانێکی باوەڕدار | د. يوسف القرضاوي | ڕووبار عومەر ئیبراهیم |
| 5 | بوونی خوا | د. يوسف القرضاوي | حەسەن پێنجوێنی |
| 6 | یەکتاپەرستی | د. يوسف القرضاوي | سالار عبدالرحمن |
| 7 | موسڵمانان و جیهانگیری | د. يوسف القرضاوي | سەرکەوت جەلیل |
| 8 | قســـەگەلێك لەمـــەڕ میـــانڕەویی ئیسلامی | د. يوسف القرضاوي | هیوا مەحمود جاف |
| 9 | ڕۆڵــی قــەرەزاوی لــە چەســپاندنی میانڕەویی ئیسلامیدا | د. أكــرم كســـاب | هیوا مەحمود جاف |
| 10 | چارەسەری ئیسلام بۆ گرفتی هەژاری | د. يوسف القرضاوي | حەمەکەریم عبدالله |
| 11 | زانایەك و ستەمکارێك | د. يوسف القرضاوي | إحسان برهان الدين |
| 12 | ڕۆشنبیریی بانگخواز | د. يوسف القرضاوي | هێمن خورشید |
| 13 | نەوەی سەرکەوتن | د. يوسف القرضاوي | يوسف مەلا خەلیل |
| 14 | سیستەمی ستەمکاری, سەرهەڵدان و ڕووخانی.. | قانع خورشید | |
| 15 | مرۆڤ و پەیامداری | قانع خورشید | |
| 16 | مێژووی شێوێنراومان | د. يوسف القرضاوي | ئیکرام کەریم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 17 | هۆکارەکـانی سـەرکەوتنی ڕەوتـی ئیسلامیی میانڕەو | عومەر عەبدولعەزیز | |
| 18 | ئاو و ئاور | هێمن خورشید | |
| 19 | ئایین و هەرا | عومەر عەلی غەفور | |
| 20 | حەسەن بەننا.. ڕابەری بێداری | هیوا مەحمود | |
| 21 | قومێك ئاوی سـارد بـۆ گەرووپـەکی تینوو. | قانع خورشید | |
| 22 | تـۆزی بـەر بـا (سـەلەفییەت واتـا و مێژوو) | قانع خورشید | |
| 23 | تۆزی بەر با (وەهابییەت، وتـارێکی ڕەخنەیی) | حامد ئەلگار | سەیوان عەلی |
| 24 | تۆزی بـەر بـا (پەیکـەر و وێنـە، لـە نێوان دەق و واقیعدا) | ڕێناس ئەحمەد | |
| 25 | له سفرەوە (ئـەڤین تـەنیا بیـانووی ژین) | قانع خورشید | |
| 26 | فووکردن لە خۆڵەمێش | هێمن خورشید | |
| 27 | بۆچی ئیسلام؟ | د. یوسف القرضاوي | ڕووبار عومەر ئیبراهیم |
| 28 | عیشق لە نێوان عەقڵ و ئاییندا. | قانع خورشید | |
| 29 | ئایا موسوڵمانان دەبنە حەفتاوسـێ بەشەوە؟ | حاکم موتەیری سەیید حەسەن سەقاف | یوسف مەلا خەلیل |
| 30 | بەخشینی نرخ (قیمەت) لە زەکـات و سەرفترەدا | د. یوسف القرضاوي | قانع خورشید |
| 31 | مەلای گەورە، کوێخـای دیوەخـانی هزر و میوانی دیوانی شیعر | قانع خورشید | |
| 32 | مرۆڤ و باوەڕ | مورتەزا موتەهەری | ئارام سەلاح |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 33 | بەردبارانكردنی زیناكەر لە قورئاندا نییە | موستەفا زەڵمی | شڤان ئیبراهیم |
| 34 | ئەڤین، تنێ حێجەتا ژینێ | قانع خورشید | ئەیاز عەبدوڵڵا<br>مزووری |
| 35 | بۆ ئەو گەنجانەی دەچنە زانكۆ | قانع خورشید | |
| 36 | دیاردەی هەڵگەڕانەوە لە دین | قانع خورشید<br>ڕێناس ئەحمەد | |
| 37 | بۆ ئەوانەی وەكو خۆمن | قانع خورشید | |
| 38 | سوننەت و بیدعەت | د. یوسف القرضاوي | محەمەدی مەلا<br>حەسەن |
| 39 | تێڕامانێك لە چەمكی بیدعەت | محەمەد مەلا<br>مەحموود تاوگۆزی<br>یوسف مەلا خەلیل | |
| 40 | گرفتەكە لە كوێدایە؟ | د. یوسف القرضاوي | ئەحمەد حسێن |
| 41 | ئایین و ناتوندوتیژی | عومەر عەلی غەفور | |
| 42 | بۆ ئەوانەی وەكو خۆمن2 | قانع خورشید | |
| 43 | دیوەكەی تری جەلالەدین | قانع خورشید | |
| 44 | ئەبوو حامدی غەززالی و تێڕوانینی بۆ زانستی كەلام | قانع خورشید | عەلی حسێن |
| 45 | سەدەیەك گەڕانەوە بۆ قوڵایی مێژوو | ئەمجەد شاكەلی | |
| 46 | گۆڕهەڵكەنەكان، ئەو ژیارەی گۆڕ بۆ مرۆڤایەتی هەڵدەكەنێت | ڕۆژێ گاروودی | ئەحمەد حسێن |
| 47 | لە شامەوە بۆ شیراز | قانع خورشید | |
| 48 | تیرۆری فیكری | یووسف قەرەزاوی | میران مەجید |
| 49 | ئاریشەكانی ئەوین | مستەفا مەحموود | سەرمەد ئەمیر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 50 | بۆ ئەوانەی وەکو خۆمن (3) | قانع خورشید | |
| 51 | فیقهی ڕۆژوو | یووسف قەرەزاوی | یووسف خەلیل |
| 52 | خوێندنەوەیـــەکی ســـۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی | ئەمجەد شاکەلی | |